# سێ سەد
# هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی

هەواڵنامەی کتێب

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: سەعدوڵلا ئیسماعیل شێخانی



پێداچوونەوەی: فاضل شەورۆ

١٩٩٠

زنجیرەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان ژمارە ( ٦ )

# سێ سەد


# هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی : سەعدوڵلا ئیسماعیل شێخانی

پێداچوونەوەی : فاضل شەورۆ

چاپخانەی الحوادث

بەغدا - ١٩٩٠



ئەمبەلیی کاری حیزو بێخێرە
دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە

★ ★ ★

شیرین هۆ شیرین باوانم شیرین
ماچت دەرمانە بۆ زامو برین

★ ★ ★

هەزار ساڵ بکەی بێگانە پەرستیی
ئاخیری هەر دێتی نوشوستیی

● فۆلکلۆری کوردی ●

## پێشکەشە

★ بەو مەڵبەندە سروشتییە ڕەنگینە کوردنشینانەی کە هەمیشە سەرچاوەو فەرهەنگی ووشەی ڕەسەنی کوردیین .

★ بە گیانی پاکی ئەو باوو باپیرانەمان کە سینەیان گەشکۆڵو گەنجینەی ئەم فۆلکلۆرە بووە .

★ بەو جوامێرە قەڵەم بەڕشتانەی سەرقافلەچی کاروانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بووینو درێغیان نەکردووە لە پاراستنو زیندووکردنەوەیو بەڕاستی ڕابەری ئێمەمانان بووین .

★ بە شارە خنجیلانەکەی کۆیە .

★ بە مامۆستای مێژوونووسی پایەدار کەمال مەزهەر ئەحمەد .

★ بە بەڕێزان عبدالرقیب یوسف ، خدرێ پیر سلێمان ، هەردەوێل کاکەیی ، د. شوکریە ڕەسووڵ .

● سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی .

● سەعدوڵلا ئیسماعیل شێخانی کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووە .

● چاپی یەکەم ـ بەرگی یەکەم ـ ١٩٩٠ .

● لەسەر ئەرکی نووسەر چاپکراوە .

● ( ٢٠٠٠ ) دانەی لێ چاپکراوە .

● بەغدا ، چاپخانەی الحوادث .

# پێشەکی

هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ، بە گشتی ، وەك لقەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆری نەتەوایەتیمان ، ئاوێنەی بێ گەردوو غەشن ، نیگاو دیمەنی ڕاستەقینەی ژیانی کوردەواری نیشان دەدەن • ئەم چەپکە هۆنراوەی لە دوو تۆیی ئەم کتێبەدا تۆمار کراون زادەی بیرو خەیاڵو لێکدانەوەو هەستو کەوتو دابو نەریتو دەستووری ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو ڕۆشنبیری باوو باپیرانمانن ، لە جەرگەی سروشتە ڕەنگینەکەی کوردستانەوە هەڵقوڵاونو ڕەنگدانەوەی واقیعی سەردەمی خۆیان بوون •

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی ئەم جۆرە هۆنراوانەو ـ بەشەکانی تری کەلەپووری نەتەوایەتیمان ـ کارێکی یەکجار پیرۆزو هەنگاوێکی موژدەبەخشە لە پێناو خزمەت کردنی کەلەپووری نەتەوایەتیمان • لە ڕاستیدا ئەو بەرهەمەی ئەنجامم داوە نرخو بەهایەکی تایبەتی هەیە ، چونکە کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری کاری تاکە کەسی نییە • لە وولاتە پێشکەوتووەکاندا ، دەمێکە چەندەها کۆمەڵەو لیژنەو دەستەو دائیرەی شارەزاو پسپۆڕو تایبەتمەندیان بە فۆلکلۆر پێکهێناوەو

زۆربەی زۆری بەرهەمە فۆلکلۆریەکانیان بە نووترین و پووختەترین ئامێرو شێوازی تەکنەلۆژیای سەردەم تۆمار کردووەو لە مۆزەخانەو هۆلە تایبەتیەکانیاندا هەڵیان گرتوون ٠

ئەوەی جێگای داخە ، تا ئەو سالانەی دوایش ، ئەدیب و نووسەرو رۆشنبیرانی کورد ـ لەبەر هەر هۆیەك بووبێ ـ کەمتەرخەمیان کردووە دەرحەق بە کەلەپووری نەتەوایەتیمان ، جگە لە چەند شۆڕە سوارێکی فۆلکلۆر پەروەر ـ کە ژمارەیان کەمە ـ دڵسۆزانە خەمخۆرو قەدرزانی ئەم سامانە بوون ، ئەوەی کە ئیمرۆ لەم بوارەدا ئەنجام دەدرێت ، ئەگەر شەست یان پەنجا سال بەر لە ئێستادا بکرابوایا ، ئەوا خاوەن کتێبخانەو مۆزەخانەیکی فۆلکلۆری بێهاوتا دەبووین ٠ دوور نییە هەر ئەمەیش بووبێتە هاندەری ئامادەکەری ئەم کتێبە ، هیوادارم تا زووە ، ئەوەی لە سینگی زیندووەکان ماوەتەوە ، بە پێی توانا ، دریغی نەکات لە کۆکردنەوەیاندا ٠

ئەم هۆنراوانەی لێرەدا تۆمار کراون زۆر لایەنی هەمەڕەنگی ژیانی کوردەواری دەستنیشان دەکەن و ئەم داب و نەریت و کارانە دەگرنەوە : شایی و هەڵپەرکێ ، بەستە و گۆرانی ، وەسف و مەدحی یار، بووك گواستنەوەو خۆشەویستی ، ساوار کووتانەوە ، دروێنەو شەنەبا. جۆنی کووتان ، دەستاڕ لێکردن ، ڕاوو جەنگ ، شین ، دەمەتەقێ ، باللۆرە، مەشکە ژەندن، بێرکردن، لای لایەی منداڵ و منداڵ هەڵپەڕین، مازوو چنین ، هۆنراوەی فۆلکلۆری ٠٠٠ هتد ) ٠

گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە تا ڕادەیەك توانیومە هەنگاوێکی مەزن بنێم بۆ کۆکردنەوەی هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی خۆماندا ٠

بۆیە بەرهەمەکەم تایبەت نییە بە تاکە شێوە دیالێکتێکی ناوچەیەك ، یان بە بەزمو دابو نەریتی تاکە خێڵو هۆزێك . هۆنراوەکان تامو چێژێکی تایبەتی بە خوێنەر دەدەن ، چونکە جارێ خۆت لە دەشتی قەراجو کەندیناوەی هەولێر دەبینیتەوەو جارێ لە دەشتی کۆیەو بیتوێنو پشدەر . هێندێ جار لە ناوچەکانی بادینانو گەرمیانو مەندەلیو ... تاد .

نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە ئەم هۆنراوانە جگە لەوەی لە فەوتانو لەناوچوون رزگار دەکرێن ، دەبن بە سەرچاوەیەکی قەشەنگو بەپێز بۆ ئەو فۆلکلۆریستو ئەدیبو هونەرمەندو رۆشنبیرانەی خەریکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بەرهەمی فۆلکلۆری کوردین ، چونکە ئەم هۆنراوانە دەبنە هەوێنو کەرستەی خاوی زۆر لێکۆڵینەوەو باسی فراوان وەك : وێنەی شیعری لە فۆلکلۆری کوردیدا ، ناوەڕۆكو فۆرم ، زمانو ڕەوانبێژی ، گۆرانیو هەڵپەرکێ ، ڕەنگدانەوەی کارەساتو دابو نەریتو دەستوری ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئاین ... لە هۆنراوەی فۆلکلۆریدا ، بەراوردکردنی هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی لەگەل فۆلکلۆری میللەتانیتردا ، ڕەنگدانەوەو کارتێکردنی ئەم هۆنراوانە لە کارە ئەدەبیەکانی هاوچەرخو کۆندا ... هتد .

بێگومان زمانزانو فەرهەنگ دانەران ، ئیمرۆ ، قەدرزانی ئەم هۆنراوانەن ، چونکە سەرچاوەی ووشەی ڕاستو دروستو ڕەسەنی کوردین ، فەرهەنگی زمانەکەمان دەوڵەمەند دەکەنو زۆر ووشەو زاراوەی دوێنێ ، ئیمرۆ لەبارو مانابەخشن ، بۆ هێندێ باری ژیانو گوزەرانی تازەمان تەکنەلۆژیای نوێ ، دەتوانن لە جیاتی خواستنەوەو داتاشینی ووشەی ڕەقو تەق سوودیان لێوەرگرن .

ئاواتەخوازم لە دەرفەتێکی تردا بتوانم چەپکێکی تر لەو بابەتە فۆلکلۆریانە کۆبکەمەوەو بە چاپیان بگەیەنم ، بەو هیوایەی ببێتە کەرەستەیەك بۆ شارەزایانی ئەتنۆگرافیو ئەدەبیو زمانەوانیو پسپۆڕانو بەردەوام بوونم لە خزمەت کردنی کەلەپووری نەتەوایەتیمانو ئەتە، خوێنەریش هیچ کەمو کوڕیەکی بەرچاو کەوت ئەوە بە سوپاسەوە گوێی بۆ شل دەکەینو هیواداریـن ئەو بەرهەمە فۆلکلۆریانەی لە لاتانا هەیەو تۆمار نەکراوە بۆمانی بنێرن ٠

● سەعدوڵلا شێخانی ●

ـ هەولێر ـ مەنتکاوە ـ

١٩٨٧/٦/١٥

★ ★ ★

## ١ ـ خەزارێ

گاکە هەنارە خۆشە زۆر بە باخچەو هەنارە
جارەك خەزار نەبینم خەمە لە دڵێ من بارە

خەزار دەرێ وەی دایە ڕەنگم لە ڕوان بڕایە
ڕۆژەك لاوم نەبینم بەخودای ئاقرم گۆڕایە

خەزارێ کچێ خەزارێ کابانی گەورە مارێ
توخوا بێنە ماچ بکەم بن بسکان‌و بن گوارێ
توخوا گەلەك مەترسێ عالەم لۆمن چ نارێ

هەنارە گەلەك خۆشە لەبەر چاوی من شینە
خەزار ڕۆژەك نەتبینم خەم لە دڵێ من برینە
هەر چەند جارێ دەتبینم بەژنت گەلەك شیرینە

هەنارە گەلەك خۆشــە بە تەڕاش‌و بەدارە
بەژنی خەزارێ جوانە وەك داری ئەسپیندارە

هەنارەم گەلەك خۆشە چەند بە دارو هەنجیرە
سینگی خەزاری سپی‌یە دەرێی کووزە پەنیرە
خەزار ئەتو بە ڕوحمی قەتم مەکە لەبیرە

خەزارێ کچێ خەزارێ کابانی گەورە مارێ
توخوا بینە ماچت‌کەم عالەم لۆمن چ نارێ ٠

## ٢ ـ شایی دوو پێیی ( هەی دۆت هەی دۆت )

هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆت
هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆتمامێ
دۆتمام کیژا کوڕ خولامێ لەڕکا دۆتێ دەچمۆ شامێ
تالێو ترشێ ڕەنگێ شەمامێ
سۆلکا پێکە بچینە شامێ قەهرین مامێ یا ژن مامێ
ئەزێ مایمۆ گایێ جوتێ ژارۆ ، دەزۆ گایێ جودنی
ئەو ژی من یێ لخۆ فرۆتێ هەتنێ ژن مام گەل من گۆتی
منێێ مایۆ ماهینا زینێ هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆتمامێ
ژارۆ وەزو ماهینا زینێ
ئەو ژێ من دابوو مزگینێ هەتنێ دۆتمام بێتە کوینێ
هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆت
هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆتمامێ
دۆتمام کیژا کوڕ خولامێ لەڕکا دۆتێ دەچمۆ شامێ
ئەزێ مایمۆ ئەسپێ زینی ئەویش دەدەم لە مزگینی
هەتکو دۆتمام بسەلمێنی
هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆت
هەی دۆت هەی دۆت هەی دۆتمامێ
حەیفم لۆ ڕۆژێنی دۆتمامێ ئەگەر دەچی ئاگام لێت بێ
نەکو بەرددك لەبن پێت بێ برژانگی چاو گەسکی ڕێت بێ
ئەرێ دۆتمام وەرە دەرێ منێێ مابوو تیا خەنجەرێ
ژارۆو دزۆ تیا خەنجەرێ هەتنی دۆتمام بیژیت هەرێ
دوو سەت ماریش لە پشەرێ هەمووم کردیە ناو دەفتەرێ
بۆ تۆی دەدەم بە کەمبەرێ هەتکو دۆتمام بدا هەرێ
ئەرێ دۆتمام مەکە شینێ بۆ من مابوو ماینێ زینێ
ئەویشمدا لە مزگینی
لۆمن مابوو گایێ جۆتێ بەو قەولێ تۆ بەمنت گۆتی
ئەویشم لە بۆ فرۆتی
منێێ مایێ تاکی عەبایێ ژارۆ وەزۆ تاکی عەبایی
ئەو ژیمن دابوو مەلایێ هەتنێ
دۆتمام بێتـە ڕایێ ٠

## ٣ ـ من ناچمە بەر هەیوانێ

من ناچمە بەر هەیوانێ ئەو هەیوانەم برندە
ڕیشێ قەرە پۆشینێ دوو خاڕی ڕەش لەبندا
ئەگەر تۆ یارێ من بووی نیشانەی خۆت وەمن دە
نیشانە چ نیشانە ئاوێنەکو گلدانە
لەکن کیژان چ نییە لەکن کوڕان گرانە
من ناچمە بەر هەیوانێ ئەو هەیوانەم تەنگە
دوو بێی سەر سینگی مەدە شەمامەی زۆر شلکە
من ناچمە بەر هەیوانێ ئەو هەیوانەم هەورازە
قورینگ لەوێ دەخونی دوو کۆتران گرازە گرازە
دوو بێی سەر سینگی کیژان کوڕ پێی دەرێن گەرازە
بەخۆم تەماعیم چوویێ داکی گۆتی بیخوازە

## ٤ ـ کەزیێ خانێم

کەزیێ خانێم بیستی ڕە ــ لەسەر ملان مقەس بڕە
کوڕ عەسکەرەو لە مەنگوڕە
کەزیێ خانێم بیستو یەکە ــ لەسەر ملان چەندە ڕێکە
کوڕ عەسکەرەو زووی بەڕێکە
کەزیێ خانێم بیستو دووە ــ لەسەر ملان هاتوو چووە
کوڕ عەسکەرەو لە مەندووە
کەزیێ خانێم بیستو سێیە ــ لەسەر ملان شیرین دێیە
کوڕ عەسکەرەو لە ئاگرێیە
کەزیێ خانێم بیستو چارە ــ لەسەر ملان بە قەتارە
کوڕ عەسکەرەو لە ژەنگارە

## ٥ ـ هەر جاری جاران

هەر جاری جاران هەر وەکو ساران
دەچمە موسرێ سەر پشکی شاران

گەوێیەك دەكرم بۆ دۆستو یاران
لەبەرە خۆت‌كە فەسری بەهاران
ڕۆیشتن خۆشە لەگەر نازداران
پێكرا دانیشین لەبن هەناران
لێم حادز دەبێ داكێ منداران
سوخمەت بۆ دەكەم هەر پولەك ڕێژبێ
بەخۆم بۆی دەبڕم نە كورت نە درێژ بێ
لەسەر مەمكۆران هەر قالب ڕێژبێ
كراست بۆ دەكرم هەمووی گوردار بێ
لەبەر خۆتی‌كە گەلەك نازدار بێ
تا لەناو شایێ زۆر جوان دیاربێ

## ٦ – بە چەندی

بە چەندی برێ بە چەندی نازی جوانیت بە چەندی
ئەو سەرەم لێ سورمایە چۆنە بە گولەوە بەندی
نازداری دەربەندیانی كارمامزی ئازی كەندی
پێم گوت دەستت لە ملم‌كە خوشكە گەورەی ئەفەندی
بەو عەردەو بەو عاسمانە بەو سی جزمەی قورعانە
شایەرەكی تەواوم بەندی زارم ڕەوانە
بە قوربانی جوانیت بێ ( گردەسۆر )و ( ئازیانە )
بە قوربانی باژات بێ دوو شۆفێر لە ( پەركانە )
هاتم لەلای سەردەشتێ مەمكت سێوی بەهەشتێ
كراسی تەنك لەبەركە كەمبەرەی زێڕ لە پشتێ
وێرانی كرد ئەو جێیە ئەو جێی جوانم گەیشتێ
وێرانی كرد ئەو شارە ئەو جێی شیرنم گەیشتێ
هاتم لەلای مەلەكە داینێ هیچی پێ‌مەكە
چایەی یەكڕەنگ بۆی تێكە كراسی جوانی لەبەركە
ماری دنیام لۆچییە یاری من چاو بەرەكە
ئەگەر دری عاجز بوو جار جار سەر كوڵمی ماچ‌كە
بەچەندی وەی بە چەندی نازی شەوێت بە چەندی
ئەو درەم تەعجوبی مایە چۆنە بە گولەوە بەندی
نازداری شەمزینییانی كارمامزی دەربەندی
پێم گۆت دەستت لەملم‌كە خوشكە گەورەی ئەفەندی

## ٧ ـ بەدارێم وەکەن

بەدارێم وەکەن دارێ لە برندی ـ بولبول دەخینێ بە زمانی کوندی
یارم نەدەنێ چۆل دەکەم گوندی
بەدارێم وەکەن دارێ هێرۆیێ ـ لە بنم ڕابێخن پەلکی لیمۆیێ
لەسەر سینگم کەن خەوی نیوڕۆیێ
بەدارێم وەکەن داری شیلانێ ـ لە بنم ڕابێخن پەلکی ڕێحانێ
لەسەر سینگی بکەم خەوی سبیانێ
بەدارێم وەکەن دارێ ناوداران ـ لە بنم ڕابێخن چارۆگی یاران
لەسەر سینگم کەن خەوی هێواران
بەدارێم وەکەن دارێ توتنێ ـ لە بنم ڕابێخن پەلکی سوسنێ
لەسەر سینگی بکەم خەوی مردنێ

## ٨ ـ ئەوڕۆکە تەم تومانە

ئەوڕۆکە تەم تومانە دوو سوار دێن بە غاردانە
یەک کانەبیو یەک نەعمانە جۆتەلەکیان بوو نێوانە
سەری ئەسپیان لێکنیشانە ئەو دوو سوارە ئامۆزانە
شەڕە لەسەر تێل عەیشانە ئەو کانەبیەم بە هەو هەوە
شیرین دەستو گەل جەرەوە دەرێ نەعمان بەخۆکەوە
تا ڕۆژت لێبکەم شەوە
ئەو کانەبیەی فەقێ وەیسی سمێل جوقەی وەک تاوسی
ئەو لە گورمەزان دەپرسی
ئەو کانەبیەی گۆتە خوشکی ئەو چەکانەم بێنە گۆشکێ
سبەی شەدەو پاشا دەشکێ
ئەو کانەبیەی گۆتە دایە ئەو چەکانەم بێنە لایە
سبەینێ شـەڕو دەعوایە

## ٩ ـ هەی ناربەندە هەی ناربەندە

هەی نار هەی نار هەی نار بەندە
کاکە ناکەم ناربەندانێ دەفرۆشم چەکوچو سندانێ

دەچومە سەر خمیێ ڕەشوانێ لێبدەم جلکی یارە جوانێ
جۆتەك بازن دوو خڕخارێ
ئەو دۆتمامێی پێ‌دەخوازم لە ڕکێ مامۆژنو ژن مامێ
هەی نار هەی نار هەی نار بەندە
ئەو ناربەندەم هێ کوڕە جووە ناران لێدە یەکو دووە
میر سوار بوو لەشکر چووە
ئەو ناربەندەم هێ کوڕە دیانە ناران لێدە بژمار پانە
میر سوار بوو لەشکرکانە
هەی نار بەندە هەی نار بەندە چی‌دی ناکەم ناربەندانێ
دەشکێنم چەکوچو سندانێ بۆرەم لۆ زین‌کەن سپیانێ
دەچمە سەر خمیێ ڕەشوانێ لێبدەم جلکی کیژە جوانێ
هەی ناربەندە هەی ناربەندە ئەو ناربەندەی ناران بادە
جسری بەدەریایێ دادە کیژ عاسی‌یە خەوجەی نادە
هەی ناربەندە هەی ناربەندە ئەو ناربەندەی هێ کوڕە گۆیی
ناران لێبدەن هەشتو نۆیی میر سوار بوو لەشکر ڕۆیی
هەی ناربەندە هەی ناربەندە ئەو ناربەندەم کوڕە جووە
ناران لێبدەن زوو بە زووە میر سوار بوو کوڕ لەدووە
هەی ناربەندە هەی ناربەندە ئەو ناربەندەی لە قەراتێ
ناران لێبدەن ڕۆژهەراتێ میر سوار بوو کوڕ نایگاتێ
هەی ناربەندە هەی ناربەندە ئەو ناربەندەم چۆغە سۆرە
ناران لێبدەن فۆرە بە نۆرە دەست هەر ناگرم لە گورە سۆرە

## ١٠ ـ یار غەزال

یا غەزال عەمرم غەزال یار غەزلم دیتی‌یە
هێقەو دوگمەی دەترازاند سینگو مەمکی سپی‌یە
دەستم برد لەبۆ سینەی جۆت شەمامەم گرتی‌یە
یار غەزالێ غەزالێ خۆمم دەخزاندە پارێ
گوتمێ بێنە ماچت کەم مەمکت سێوە بەدارێ
یارم غەزالێ دەشتێ لەبەستێم دەگەیشتێ
بۆنت بۆنی بوخورێ مەمکت سێوی بەهەشتێ
نەخۆشەکی گرانم کەوتم لەسەر تەنیشتێ

خەبەر بدەنە یارم مەعێن شیفام گەیشتێ
یار غەزال عەمرم غەزال یار غەزالم دیتی‌یە
دونێ گەیمە حەیرانێ ئیسمی شەریفت چی‌یە
ناوی خۆی پێ نەگۆتم بولبولێ شای پەری‌یە
یار غەزال عەمرم غەزال یار غەزالی کێستانێ
سوسنو هەرارەو بەیبوون غەمران لەدوو شیوانێ
یارێ من کارمامزە دوو شینگۆرم بەردانێ
حەیفم لێ داکی کاران گرتیان لەوێ دووریانێ
یار غەزال عەمرم غەزال یار غەزالە لە کێوان
دەستم لەبۆ یەقەی برد وەدەرکەوت شەکرەسێوان
بە دیاریم لێ هاتی‌یە لەلای هەرتەلو زێوان
هاتم لەولاو لەولایە سوند بەوەڵلاو بیلایە
تەی هەردەنێ لە گولەی سەگباب لەچاو ڕەشێ بەرایە
هاتم لە لای هەولێرە قسمەتم کەتە ئێرە
یارەکم لێرە گرتی‌یە بۆنی دەدێی کنێرە

## ١١ ـ لەکێم دیت

لەکێم دیتو لەکێم دیت لە بناری نۆغەرانێ
گەوارەکی دامەزراند چی‌کرد بەفرو بارانێ
هەر سێ مانگی هاوینێ لێم بووە چلەی زستانێ
ڕەق بووم سەرمایێ بردم لە ژوانێ کیژە جوانێ
بابێ یارێم گردە جوو دامنا لەسەر خمخانێ
پەتکەکم لەملی دەکرد ڕامدەکێشا مەیدانێ
ڕۆژی سێ دارم لێدا لە هەقی ڕامووسانێ

★ ★ ★

لەکێم دیتو لەکێم دیت لەبن تەیمانی ڕەزی
دەرسم بە فەقێیان گۆت یارم لە داکی دزی
ئەشقی چاو ڕەشی بویمە جەرگێو درم بۆی ڕزی
لەکێم دیتو لەکێم دیت لەبن قەناتی بیرێ
مەمکی هێندە گچکەیە بە دوو پەنجان ناگیرێ
چاوەڕەش تیرەکی لێدام بابانی بەقوڕێ گیرێ

## ١٢ - بووكانه بووكانه

بووكانه بووكانه هۆی بووكێ
مایێ بووكێم شێ‌یه هۆی بووكێ
زاوا چاو له ڕێیه هۆی بووكێ
خۆدێ قونه بانه هۆی بووكێ
وەسەری جیرانه هۆی بووكێ
بووكیان برد بێگانه هۆی بووكێ
دەنــگی هەسپی ڕەش دێ هۆی بووكێ
زاوای لەدری خۆش دێ هۆی بووكێ
هەسپی بووكێ بۆزه هۆی بووكێ
سوار گرتی‌یه ڕێزه هۆی بووكێ
بووك هات له تەورێزه هۆی بووكێ
هەسپا لەمنت گەوی هۆی بووكێ
نارا بگره قەوی هۆی بووكێ
با بووك تێ نەگەوی هۆی بووكێ

## ١٣ - كاكه بڕۆنه شەماری

كاكه بڕۆنه شەماری دەمەك دێ دەمەك نایێ
دەدا له گورینگی تۆڕێ گوارەی هینا سەمایێ
شازولفان دەهەژێنی لەبەر كەیفی دونیایێ
سینگێ قالیچەی خوراسان لۆم هات لەلای بەغدایێ
دەی بەم لەبۆ داوداغا ڕای بێخی له سەرایێ
گەنم سەری ماخۆت خۆی چەند زۆره بنی نایێ
ئەو حەیفه ئەمن دەكوژی یار سووتا له گەرمایێ

## ١٤ - لەتیفا

لێ لێ لێ دەلێ لێ لێ لێ لێ دەلێ لێ
هەی لێ‌گدێ لەتیفا لێ لێ گدێ لەتیفا

مەمك ژنافکێ بە هیڤا مەمك ژنافکێ بەهیڤا
م ب عەلبا مەزن پیڤا م ب عەلبا مەزن پیڤا
لسەر بەختێ من وەبێ لسەر دکانێ قەسابا
کیلۆ ب شازدەو نیڤا کیلۆ ب شازدەو نیڤا
ئاما مەمکێ تە خۆشن ل هێڤارا پشتی شیڤا
هاوارا خودێ لەتیفا هاوار خودێ لەتیفا
لێ لێ لێ دەلێ لێ   لێ لێ لێ دەلێ لێ
ئەسمەرێ بسك تێلێ ئەسمەرێ بسك تێلێ
دوعاکێ ژ خودێ دکەم با خودێ مێرەك نهێلێ
ژمرا ب مینت بێ مێری ژمرا ب مینت بێ مێری

## ١٥ – چاوڕەش وەرە

چاوڕەش وەرە بتبینم چارۆگەکەت مۆزلینە
خۆتوو کچە کرمانجی چاوڕەشم لانك ژێنە
وەکی کوریکی بواران بمرم تەتگێ غەمرینە
گەردەنت چەند زەرد گفتی دەرێی هەنگینە
نەخۆشم دەردم گرانە یارم بێتە سەرینە
ئارەقەی گەردەنێ زەرد هاتنە خوارێ چین چینە
چاوڕەش سووتام‌و برژام لێم بکە باوشینە

## ١٦ – سەپانم

سەپانم خۆش سەپانم مرێەم تێلەگێشمە
درەو دەکەم بە بازوم مریەم کۆلێ بکێشە
هەمینە شۆڕ هەمینە شەمامان واوە بینە
بەژنی کۆرپە ڕەیحانە کەپرۆکەو شانەشینە
لە سێبەرێی دانیشم کێستان‌و فەراشینە
سەپانم خۆش سەپانە سەپانەکی بەکارم
درەو دەکەم بە بازوم بۆ یاری شەدەلارم
سەپانم خۆش سەپانم لە بناری دەشتی گۆیێ

مریەمم تێلەکێشە لەناو پەرێزە جۆیێ
هەردوو سەر مەمکی سوتا لەبەر هەرمی مەرۆیێ
سەپانم خۆش سەپانم سەپانەکی ئازامە
سەت خۆشی لۆ ئەو ڕۆژەی مریەم ئەوا لەدوامە

## ١٧ – ئامینەو ئامین

ئامینەو ئامین ئامینەی سەیدی خانیەکت لۆبکەم لە قولەی دەربەندی
دەچمە کن دایکت بە زاوا بەندی
کەوبارو کەوبار کەوەك دەخوێنێ لە شریقەی ماچان کەوان دەفرێنێ
کەوەك دەخوێنێ لە باسکە باسکە کورتەکی سۆرە حەمایلەی کەسکە
دەبا تێکەرکەین سمێرو بسکە

## ١٨ – بە گەرمە گەرمی هاوینێ

بە گەرمە گەرمی هاوینێ بە تۆقە تۆقی هاوینێ
ئەحمەدبەگ لە تاخمینێ نەخۆشم کەتمە نوینێ
شەڕ لەسەر بالای هەمینێ
شەڕێ من دیت نەمدیتیە بەناو یەك وەربون عەشیرەتیە
شەڕ لەملانو لەملاکا شەڕێ بەرانانو شەکا
کەس نەبوو تا لێکیان وەکا
قرچە قرچێ تفەنگانە دوگەر دێ وەکی دوخانە
شەڕێ ئاغاو کرمانجانە
مەلا برایمەك پەیدا بوو کوێخا برایمەك پەیدا بوو
خەنجەر شینی ڕۆرا بوو
گۆڕێ وەراشێم شینە دوو برام لێکەن پەرژینە
پەرژین بە گوری شینە

## ١٩ – بینەدەر – بووك هێنان –

دەبینەدەر بینەدەر کەمەر زێڕێ بینەدەر
کەمەر زێڕا شکاکی تەکۆفی بەرێ گاکی

گەمەر زێڕا عوسمانی مەمك سێوا لوبنانی
تە چ لە من نەزانی
گەمەر زێڕا گەردیا سینگت باغۆ هەرمیا
حەفت جارام تام‌کردیا دوینێ‌کەی وەبیر نی‌یە
بوکن هیناو هاتینەوە دۆیشێ لێنێین ساردکەنەوە
هەر جیدەو جیدە بە مارێ مام حاجیدە
سەر جۆشەکا قوتنی‌دە زاوای مل لە ملی‌دا
بوکەکەی لە عاردی‌دا

## ٢٠ – کاکە بڕۆنە شەماری

کاکە بڕۆنە شەماری دەمەك دێو دەمەك نایێ
دەیدا لە گورینگەی تۆڕێ گواران دێنتە سەمایێ
شازولفان دەهەژینی لەبۆ کەیفی دونیایێ
سی قالیچەی خوڕاسان لۆم هات لەلای بەغدایێ
دەبەم لەبۆ داوداغەی ڕابێخی لە سەرایێ
یارم مامزێ دوو مانگی لەبنی ئەشقەو سەقایێ
بەژنت ڕەشە ڕحانە بەخۆم شەو ئاوم دایێ
گیشەکەر زۆر تێنیمە لۆیێ دەنگم دەرنایێ
ئەگەر دەنگێ هەربینم نزمی دۆرو زوڕنایێ
چرینگەی داسان خۆش دێ ڕینگەی قەرانگان نایێ
گەنم سەرێ ماخۆت خۆی یار سۆت لەبەر گەرمایێ

## ٢١ – دەمەتەقێی کوڕو کچێکی لاو

کـوڕ :

یەك ڕوژ ڕێگەم کەفت بەو سەر سەراوی
دیم کەنشتبی تەنگ‌و تەراوی
گونە قەونجی باوان خەراوی
تکی ئاو بەیم بەو دەس جامد
ئیسمت سەنگینە نێزانم ناود

دوێتــه :
تکێ ئاو دەم پیە بەو دیدەو بەو دڵ
جـامم چینیە ئیسم سەنەم گوڵ ٠
کــوڕ :
ئەرە هەی سەنەم گوڵ دەم نوقڵو نەبات
خۆم وەبێ ئومود چوین بچم لەلاو
دوێتــه :
هەزاران جور توو وەی داخە مەردن
کەس پەڕەی گوڵ لەلام نەوەردەن
کــوڕ :
ماڵ باوگەگەد لە چەپەی نەی بوود
ئاگر بچووڵێ ، شەماڵ لەپەی بوود
هەر لەلای بچی وەبرا برا
تا مالیش بچی باوگیشد بمرا
دوێتــه :
دیترکەم بکە نوڕ باوانم
ڕوژی بو گری دەس لە داوانم
کــوڕ :
تاڵی لە زولفد گرو بوو
چ نوڕت کردم گشتی درو بوو
دوێتــه :
کەچەل ئیمشەو لە بەختدە
قاوە شەوەکی سینەم تەختدە
بەو تابخەفین هەردووك لوای لوو
لە تو زیاتر دی حەرامم بوو

## ٢٢ ــ هات کاروانە

هات کاروانە کاروانە پێم گۆت دەچیە کێندەرێ
بەژنێ باریك ڕاڕۆیی کێشای سەرێێ شێوەرێ
دەبرەك لادە لەرێێ کارمامزێ لەناو غەرێ
تڤەنگە شینکەم واپێیە خۆم داوێمە سەنگەرێ

چەتارم لێ دەچەقاند تێزەم داوێشتە سەرێ
دەستم لە شینکەی دەبزافت بزرم کرد لە دوکەرێ
دنیام لێ بووە تەمو تومان خوایە مانگمان لێ هەرێ
لەمن وابێ ڕۆژ هەرات خۆم هاوێشتە باغەرێ
کاکە سووتامو برژام لەبەر هەرمێ باغەرێ
پشکەی خەنجەرێم جۆت کرد لەگەر گوێێ گەمبەرێ
پێوو چەمکەی عامودی لە کەوری دێنە دەرێ
بەژنی ڕەشە ڕحانە چاندم لەدەو گۆدەرێ
چاو کارمامزێ دوو مانگی نێچیرەو لۆ سەرپەرێ
ئەوجا ئەمن کاکە برایم یارێش خاتوونەپەرێ

## ٢٣ ـ قەوماوە

بێزارم بێزارم لەو گولە پیسەی بێزارم
ئەگەر تاوەك دەبینم نەخۆشو دەردەدارم
قەوماوە قەوماوە لە برایمخان قەوماوە
لە پاشی نوێژی شێوان عەزیمە هەڵگیراوە
کوڕە هەستە لە خەوێ بابە دایکم نەماوە
کوڕم مەیکە بە قاوە لە دوێنێ هەڵگیراوە
کوڕە دایکی پێزانی دەگەڕا کێودو کێوی
هەرچی دایکی پێ بڵێ دایداتێ زێرو زێوی
ڕەسول عەزیمەی هەرگرت بە قەبری بابە خێوی
دوو سوار لەژێر ڕاهاتن هەردوکیان نەماین شێیە
یەکیان کاکە ڕەسولە ، بوکە عەزیمەی پێیە
عەزیمەی ڕەندە ڕەندە سەرکورمەی عەینەن قەندە
عەزیمەی نەرمو نۆڵە بازنو خرخال لە قۆرە
عەزیمەی چاو ئەستێرە ڕومەت گوری کەنێرە
سەرکە سەرڕانی ڕەسول بۆ داکو بابت خێرە
سواری مایەنەکی دەبوو مایینی شینی قەزوانی
سعات لە حەوتی شەوێ داخیل بوو لە سولێمانی
سەت سواری بەدوو کەوتن سواری فەیزولڵاخانی
شار بە شارو دێ بە دێ بە سۆراغیان نەزانی
عەزیمەیان لێ بزر بوو بەخۆو بەو چاوی جوانی
جارەك پێم برێ زیندەبات ئاوا دەبێ گۆرانی ٠

## ٢٤ – ڕێی دوو گوندان

ڕێی دوو گوندان بەئاوە ، قۆجەو ئەحمەد هەردوك لاوە
ڕایان کێشا سەربەدراوە
ڕێی دوو گوندان بە بەردە ، قۆجەو ئەحمەد هەردوك مەردە
ڕایان کێشا گەردەن زەردە
ڕێی دوو گوندان هەر بە قوڕە ، قۆجەو ئەحمەد تازە کوڕە
ڕایان کێشا مەمك خڕە
ڕێی دوو گوندانم بە دارە ، قۆجەو ئەحمەد شۆڕە سوارە
ڕایان کێشا گوێ بە گوارە .

## ٢٥ – سەیدەم

سەیدەم دەسکێ کروکێ دامدەنا لەگەر بوکێ
قائیدە لە کەرکوکێ
سەیدەم دەسکێ گیایە شین دەبوو لەقەد چیایە
کێویان قۆچ تێ هەردایە قائیدە لە بەغدایــە
سەیدەم دەسکێ کنێرێ دامدەنا لەبەر بێرێ
قائیدە لە هەولێرێ
سەیدەم دەسکێ نێرگزێ شین دەبوو لە پایزێ
قائیدە لە ڕواندزێ .

## ٢٦ – کاکە سەرێ من دێشی

کاکە سەرێ من دێشی دەردێ لە درم گەسەرە
دوو ڕەشماری ڕەشکۆکە هەریاندا ماروەدەرە
دوو کیژی وا لەبندا یەك بازەو یەك سەقەرە
ئەنگوستیلەی یارێ من زێڕو دوڕو گەوهەرە
ئەگەر یارم ناناسی کورتەی خاتوون ئەسمەرە

## ٢٧ ـ چەندم پێ گووتی ئەرێ خەجێ

چەندم پێ گۆتی ئەرێ خەجێ مەچوە بیتوێنێ
ئاوی ناسازە کچێ خەجێ هەردەت فەوتێنێ
کەپرەکت لۆ بکەم ئەرێ خەجێ لەسەر قارەمان
باوێنە کەپرێ کچێ خەجێ پەلکێ گۆگەمان
باسێر تێکەربێ ئەرێ خەجێ لەگەر پەرچەمان
لەسەر سینگت‌بم کچێ خەجێ بە هەموو دەمان
کەپرەکت بۆ بکەم ئەرێ خەجێ لە زار دەربەندی
باوێنە کەپرێ کچێ خەجێ پەلکی گیابەندی
با لەسەر بنوی ئەری خەجێ فاتمێ تەفەندی
دێمە لای دایکت کچێ خەجێ بە زاوا بەندی
کەپرەکت لۆ بکەم ئەرێ خەجێ لەسەر سەفینی
باوێنە کەپرێ کچێ خەجێ پەلکی گیا برینی
با لەسەر بنوێ ئەرێ خەجێ بەژنێ ئامینی
کەپرەکت لۆ بکەم کچێ خەجێ لەسەر تووتێ
باوێنە کەپرێ ئەرێ خەجێ پەلکی سوسنێ
لەسەر سینگت بم کچێ خەجێ هەتا مردنێ .

## ٢٨ ـ گچکۆک

گچکۆکو گچکۆک گچکۆکی دایێ
گچکۆک نو کیژە لەبۆم ڕانایێ
ئەو جێی گچکۆک لێ خاکی شیرینە
سوورە گورەم دەچاند ڕیحان پەرژینە
ودرە هەیوانێ چاوان هەرینـە
تاقە برات بەری درم مەشکینە
ئەو جێی گچکۆک لێ خاکی بە بەردە
سوورە گورەم دەچاند ڕەیحان لە گەردا
ئەمنی کوشتیە ئەو گەردەنێ زەردە
ئەو جێی گچکۆک لێ خاکی بەقوورە
سۆرەگورەم دەچاند ڕەیحان لە دوورە
ئەمنی کوشتیە ئەو مەمك خرە

## ٢٩ ـ سبیانەکێ

سبیانەکێ گەر بەیانی کیژان لینا کوڕو کانی
سبحان اللە چەندە جوانی دەرێی گورێ ناو باغانی
لە باغێ تو لفکە شۆڕێ بەسم بە غەزەب بنۆڕێ
کەوێ شینەو واع دەستووری عارەب ماچەکت لێ دەکەم تەرەب
لێی تەرەب دەکەم گەردەنێ مێروو مەرجان پار دەدەنێ
هەتا ڕۆژێ پێ مردنێ
هەتا ڕۆژێ ودێ دەمرم جارو بار مەمکت دەگرم
مەمکی دەگرم بە دەستی خۆم شا هەرستی قەیسەری ڕۆم
دەست هەر ناگرم لە لەیلای خۆم
سبیانەکێ سەحەرییە کەلیمە ڕەندێ چەرەبیە
دەستم دەبرد لۆ مەمکییە مەرجان دەڕژانە عەردییە
دەستی لێدامە بەردییە
خوایە بمرم بە بەردی تۆ بە گرمۆکەو سەر چاغی تۆ
شکایەت دەکەم لە داکی تـۆ
خینم سەت گایی جۆتیە ماچکە لە گۆی لەیلییە

## ٣٠ ـ هەی بزداندن

هەی بزداندن یارێ بەربەن بزداندن
شیلانا گول وەراندن یارێ بەربەن بزداندن
قازو قولینگێ فراندن یارێ بەربەن بزداندن
چاڤو برۆ لەقاندن یارێ بەربەن بزداندن
دلێ لاوا حەلاندن یارێ بەربەن بزداندن
کوڕ کەچك رەواندن یارێ بەربەن بزداندن
بەربەنێ یارێم یەکن یارێ بەربەن بزداندن
هە ب سەر ملا دارێکی یارێ بەربەن بزداندن
کو ب سەر بەژنێ دارێکن یارێ بەربەن بزداندن
جێ دەستا ل پاخلێ چێکەن یارێ بەربەن بزداندن
بەربەنێ یارێم جۆتن یارێ بەربەن بزداندن
کو ب سەر بەژنێ دادگۆتن یارێ بەربەن بزداندن

هه ب سەر ملا دگوتن یارێ بەربەن بزداندن
بیهنا مەمکا لاو سۆتن یارێ بەربەن بزداندن
ماچ بۆ کوڕکێ خاتون یارێ بەربەن بزداندن
بەربەنێ یارێ سینە یارێ بەربەن بزداندن
هەر سەر ملادا تینە یارێ بەربەن بزداندن
بهنا زەر مەمکێت کینە یارێ بەربەن بزداندن
بهنا مەمکێت یارێنە یارێ بەربەن بزداندن
بهنا زەر مەمکا خارن یارێ بەربەن بزداندن
ماچ بۆ کوڕکێت موختارن یارێ بەربەن بزداندن
بەربەنێ یارێ پێنجن یارێ بەربەن بزداندن
هەر سەر ملادا ترێنجن یارێ بەربەن بزداندن

## ٣١ – چوومە بن وێ ئەیوانێ

چوومە بن وێ ئەیوانێ ج ئەیوانە بلندە
لفکا قەرە پۆشیێ هوردە خالەکو بندە
ئەگەر تـۆ یارا من بی نیشانێ خۆ وەمندە
چوومە بن وێ ئەیوانێ ج ئەیوانە دروستە
لفکا قەرەپۆشیێ شل گەردەنێ بیەستە
ئەگەر تو یارا من بی قەولا نەدە ج دۆستە
چوومە بن وێ ئەیوانێ ج ئەیوانە سەر شۆڕە
لفکا قەرەپۆشیێ هوردە خالا بنۆڕە
ئەگەر تو یارا من بی نیشانێ خۆ نەگۆڕە
چوومە بن وێ ئەیوانێ ج ئەیوانە ل هەوا
لفکا قەرەپۆشیێ گەردەنێ دا بەلاوا
ئەگەر تو یارا من بی قەولێ نەدە ج لاوا

## ٣٢ – چوومە مارێ نازدارێ

چوومە مارێ نازدارێ سوند دەخۆی خانەقایە
پەلەمێزو سەماوەر لەڕۆخ یەکدی داندرایە

قاپو قاچاخو هیربار لەوێندە ڕێز کرایە
بروش لەناو هەمبانەی ساوار لە کەندووی دایە
دوو ڕبە گەنم لێدەکرد تا جۆخین هەر گیرایە
خزمینە بڕوام پێ بکەن درو مەعیدەم گیرایە
سەبارەت ئەبەو کچەی درو مەعیدەم گیرایە
لێفو دۆشەکو بالیف لەوێ ڕایەخسترایە
یارێ وەرە با بنووین چ هەنجەتت نەمایە
یارم دەهاتە جواب دیگۆت خەنەم نەمایە
یاخوا ڕووی داکت ڕەش بی لێ خەبەرت نەدایە
کاغەزەکی بنووسم لێ ( مورتکە )و ( گردمەلا )یە
ئەلیاغە دەبا سواربی لەگەر خدری پاشایە
بابچن تەلەفۆن بکەن لەبۆ شاری بەغدایـە
قافلە بەڕێ ناکەوی پێشی چۆلو سەحرایە
عالەم بە هیلاك دەچی دنیا ساردو سەرمایە
تەیارەکی مەلیکی لەوێ ڕاگیر کرایـە
خەنەم هاویشتە سەرێ کلیل قفل کرایە
بەبیستو چار سعاتان لەکن یارێم دانایە
دەمگۆت بە تەیارەکی ئەورۆ ئیشت بارایە
هانی سەت زێرت دەمێ خەنەت لە دوور هینایە
ئەمن زێڕی تـۆم ناوێ زۆرم هەیەو کمیایـە
ئەوەش باروو بووت بێتن ئەوسار ژنت هینایە

## ٣٣ ــ کاکە سەرێ من دێشی

کاکە سەرێ من دێشی دەردێ لەدرم دەناری
دەچمە چیای قەرەچوغی بە دارو لێرەواری
دوو ڕەشماری ڕەشکۆکە هەریاندا لە بناری
دوو کیژی گوارە زێڕین بە جۆت حەوشەی دەماری
دەستم لەبۆ زینێ برد سنجاقەم ڕادەماری
دوو گۆی زێڕم چاو پێکەت لەسەر گۆشەی مەتاری
وەز باجگرێ ماچان بام لەسەر بیرێ کەنداری
لە کیژۆرەی دزەییان لە دوای گۆچو گۆچ باری

## ٣٤ ـ کاکە گیبدە ئەو بەندانە

کاکە گیبدە ئەو بەندانە لۆو دەکەم مەحتی یارانە
یارم ڕەئیسی هەمووانە بسکی لە حەڤدە ڕەنگانە
چاوی ڕەشە پڕ دەرمانە برژانگی مارێ کەوانە
کەپوی فندقی زێڕانە ڕوومەت ترێی باکورمانە
لێوی قەیتانی شارانە ددان سەردەفی بەحرانە
ئەنگۆ بڕۆنە گیو گوارەی تێکەرە لەکەر بسکانە
ئەنگۆ بڕۆنە گەردەنێ زەرد پڕ لە مۆری و لە مەرجانە
جۆت شەمامەی لەسەر سینگی ئەوبەر ئەوبەریان پاوانە
دەستڕەکی دایمێ نیشانە دەستڕ سیکی هیندستانە
لە خەلکی وابوو کتانە نازانن شاری کرمانە !
لە گورینگی دایە زەنگیانە .

## ٣٥ ـ خوام بە خورامی مێرگانکا

خوام بە خورامی مێرگانکا کیژان لێ چاند هەرارە
خێرێ برایماغام لێنا پێشکەتن کیژو کارە
حەفت ساران کەرو لار بوم لەبەر زرینگەی خرخارە

خوام بە خورامی مێرگانکا کیژان لێچاند وەنەوشە
خێرێ برایماغام لێنا پێشکەتن کراس ڕەشە
حەفت ساران کەرو لاربوم لەبەر غرمەی بن کەوشە

خوام بە خورامی مێرگانکا کیژان لێچاند سوسنە
خێرێ برایماغام لێنا پێشکەتن سوکە ژنـە
حەفت ساران کەرو لاربوم لەبەر خرمەی بازنە

## ٣٦ ـ قەلغانو شمشێر

قەلغانو شمشێر لە شای بوو یاغی
خیوەتی هەردا لەناو چارباغی

هەسپەی دادەکوتا لە کلکەی باغی
ئارانیان دەینا لە قەرێتاغی
قەڵغـانو شمشێر لاوی عارەبی
ئەنگوستان هەرکە شاقەڵ باوەبی
شەریفی مەکوژن ئەوەی چەرەبی

قەڵغـانو شمشێر ماینەکەی شێیە
شەریفی مەکوژن ڕۆڕەی داکێیـە

## ٣٧ ـ ئەملایی یان ئەولایی

ئەملایی یان ئەولایی زولفی لێم کرد دوو تایی
بە قودرەتی ئیلاهی مەزرم هاتە خومایی
دوو ڕەفیقم دەست نەکەوت بیکەنە سێ بەگایی

بۆم ناگوترێ بەو حارە شەکر لە زارمە تارە
هەوری گەوار گەوارە عەمرەکەم کورتە بارە
قەنداغێکم بۆ تێکە تابیخۆم ئەو چایە تارە
نە جوومە نە ئەرمەنی دینم لەبۆی بەتارە

## ٣٨ ـ ئەوە ڕۆژ هەرات

ئەوە ڕۆژ هەرات گەزەنگی دایە
سەباح مەنشورەو لە مەکتەب دایە
دەمانچەی مانهێر لە گۆلم دایە
پەنجەی لێ توند کرد لە کەللەی دایە
ئەجەلی نەهات کاری نەکرایە
پۆلیسی شاری دەورەیان دایـە
کەریم کورەچی حەشاری دایە
قسەم لێ دەکەن لە سندوق دایە
گەلی عەلی بەگ چەندە بە دارە
نوری بانگ دەکا عەزیز برارە

سمایل بەگ واهات ئەی کەی قوتارە
سەباح گیرایە موددەی حەفت سارە
گەلی عەلی بەگ چەند بە گیایە
خدر وادیتن لەسەر چیایە
تفەنگی ئینگلیسی لە گۆلم دایە
وەڵڵا دەیکوژم سەباح گیرایە
گەلی عەلی بەگ بە دارە گوێزە
نوری بانگ دەکا هێ برام عەزیزە
سمایل بەگ واهات لە ڕێی ڕواندزە
قوتاری ئەکەی بەگزو مترە
هەی شەرە شەڕە بەوێ سبیانێ
سمایل پاشا بوو لە دەشتێ دیانێ
چەند حاکم هاتن خەرجەی نەدانێ

## ٣٩ ـ هەی ناری هەی شۆڕی

هەی نارێ هەی شۆڕێ ناوی یارێم هەمینە
زولف چین لەسەر چینە سەر بڕندکەو بی‌بینە
هەی نارێ هەی شۆڕێ ناوی یارێم مەیاسە
سەر بە گورینگەو هەیاسە سەر بڕندکەو بی‌ناسە
هەی نارێ هەی شۆڕێ هەروە کۆڕێو وەرەوە
دەرزیم لە زیان کردەوە بە شەمامان کەتمەوە
ئەو شەمامەکی سۆرە لە دەست نەفامان زۆرە
ئەو شەمامەی سپی‌یە لە دەست جاجێلان نی‌یە
بە هەرزانم کری‌یە بە هەدیەم لۆ هاتی‌یە
هی پیرە دەرێن گرانە جاحێل دەرێن هەرزانە
هەی نارێ هەی شۆڕێ هەروەکۆڕێ ناوداران
دەتکەمێ لەجێی جاران دەپسێنم بەندی گواران

## ٤٠ ـ عەبدالەك بووم

عەبدالەك بووم دل بەغەم چەند گەڕام لە دنیایێ
دەچمە سەر چاکو پیران هاوار غەوسی بەغدایێ

دەنگی حاجێران خۆش دێ هەروەك فیقەی زوڕنایێ
دەغرە سـ[illegible] ماخۆت خۆی چەند زۆرەو بنی نایێ
یارە[illegible] لۆ [illegible]گیشان [illegible] بووە لەبەر گەرمایێ
زرینگ و هوڕ[illegible] دا[illegible] دێ حریکەی قەرانگان نایێ
ئەمنیش وەکی ی[illegible] ئاسقێ زلێخایێ
ئەوی دوو دران لێ[illegible] دەکا قەت [illegible] چاکی لۆ نایێ
هەر وەك قەلێ ڕوی ڕەش[illegible]بی ببێتە سۆدرەی دنیایێ

## ٤١ – سۆرە گور پشکوت

سۆرە گورەك پشکوت کاتی بەیانی
لە دەستم دەرچوو قەدرم نەزانی
مایتەکەی حەسەن بۆرەی بەجوانی
حاکم لۆخۆ برد عالەم پێی زانی
هەدیارە دیارە هەولێرۆك دیارە
ئەو ڕۆسێ ڕۆژە داندار سێدارە
سێ کەسیان دەبرد بۆبەر قەنارە
یەکیان تۆفیقەو کەریم عەتارە
سێ یەمین حەسەن بۆخۆی موختارە
حەسەن نوستییە خەونێ دەبینێ
برێتە پیرۆزخان ئەسپی دەربینێ
زینی لەسەرنێ تەنگەی بشەتینێ
تۆزەك وا دیارە لە بنی ڕەشکێنێ
ئەوەش حەسەنە تارانی دێنێ
لەشکری پۆلیسان گەیییە پیرزینێ
چەندم گۆ حەسەن وەنییەو وامەکە
لەشاری هەولێر خانان کوێ مەکە
هێستری قەتار چیان لەخان دەرمەکە
مەیانبە موسر هەڕاجیان مەکە
بەژنی پیرۆزخان بێ خودان مەکە
حەسەن مێوانە لە مریەم خانە
دوو پۆلیس گرتیان لەولای مەیدانە

حەسەنو حەسەن حەسەنی عاسی
هەستە سواربە لۆ ناو برباسی
حاکم غەددارەو خودای ناناسی
حەسەنو حەسەن حەسەنەی غازی
هەستە سوار بە لە بۆرەی بازی
حاکم غەددارەو لێت نابی ڕازی

## ٤٢ ـ ئەولای مارمان

دەی دەی نۆرەکە ئەولای مارمان تۆرەکە
دەستی ئەو کچە دەگرم دەیبەمە خانیە چۆرەکە
ئەگەر خانیەکە ڕوخا بەخۆم دەبمە کۆرەکە
ئەتو یەکی ئەمن دوو تو درەنگ هاتی ئەمن زوو
تو گەزی ئەمن مازوو
ماری دنیا دەفرۆشم بە شەهێنو تەرازوو
یاری قوتیلەم هەبوو فڕی لە دەستم دەرچوو
لە قەهرو خەفەت ئەوی توکی سەرم سپی بوو
عەولافاتو دێگەرە هوردو درشتی تیکەرە
پێشکێشت بێ خرکەرە
خزمینە لۆمەم مەکەن پەنجەم فێرە باخەرە

## ٤٣ ـ قازان بە قازان

قازان بە قازان قورینگان هەوایی
دەسمار چەفتە زەرد چارشەو دولایی
دنیامان خۆشە هەر بە تەبایی
مارداری کەری ڕەنج بە خۆڕایی
من ژنم هێنا ئەتۆش گۆڕایی
قازان بە قازان قورینگان فڕینە
تافتەو زەردوو سوور لە ملت ئارینە
وەرە گۆرانێ چاوت هەرینە

سەرت هەربرە خودای ببینە
توو شێخی نەقشبەند درم مەشکێنە
قازان بە قازان وان لەزەم زەمە
تافتەو زەردوو سوور شەکر بە دەمە
ماردا کەری درت بە خەمە
من ژنم هێنا تۆش مەیلت کەمە

## ٤٤ ـ کانیا لبەر کانی ـ بووك هێنان

کانیا لبەر کانی کانیا دەو دۆلێ
چ ڕێ ناچنێ ل بەر کەرکۆلێ
ئەوشۆ تالانە سەربسکێ کیژۆلێ
کانیا بەر کانی کانیا ناو بیشی
چ ڕێ ناچنێ لبەر قامیشی
ئەوشۆ تالانە بسکێت ئارمیشی
کانی بەر کانی کانیێ لە چیایی
چ ڕێ ناچنێ لبەر گیایی
ئەوشۆ تالانە بسکێت بادایی
کانی بەر کانی کانیێ ناو ڕەزی
چ ڕێی ناچنێ لەبەر کەربەزی
ئەوشۆ تالانە سەر باخچێ گورە ڕەزی

## ٤٥ ـ هێ برام سەرێ من دێشی

هێ برام سەرێ من دێشێ دەردێ لە درم دوو دەردە
یەکەك خەمی دنیایێ یەك هی گەردەنێ زەردە
سینگت دەشتێ قەراجی خۆم کردمە شۆو وەردە
بەژنێ باریك ڕادەڕوا چاوڕەش گوشتمی بە دەردە
شازۆلفی دێنە خوارێ بسکی ئارمووشو گەردە
لە ولاتێ غەریبیانم هەموو جەرگم کەرت کەردە
هێ برام خەبەریان دامێ داخوازی هات بەسەردە
دەرێ یا وەرە بمهێنە یان دەستانم لێ بەردە .

## ٤٦ – بریندارم

برینداری برینداری برینداری بە خەنجەرێ
سەرێ خۆم هەردەگرم لە گوندی دەچمە دەرێ
دەچمە کانیێ خەزەرێ جێیێ ئاخو کەسەرێ
هەموو فەسری بواران کارمامزی دێنە سەرێ
لێی گردمە بەفرو باران خوایە بچمە کێندەرێ
دەچم لەبۆ ئەشکەفتێ ترسێ کەم نێمە دەرێ
زەینێ خۆم بەردەداوە ڕەشمار دیارن لە غەرێ
گوتمێ بینە ماچێکەم هۆ یارێ زەرد ئەسمەرێ
چاوڕەش دەستان تێکەرکەین لە ولاتی بچینە دەرێ

★ ★ ★

## ٤٧ – ئەوشۆ میوانتم

ئەوشۆ میوانتم خڕێ تەنگێ جەرگم هەردڕێ
لێوت دەمی هەترەسە ڕوومەتت وەکی دوڕێ
بمرم لە خەفەتی تو قەبرم بکەنە لاڕێ
نوشتیەکی لەبۆ دەکەم مەیلی لە گولەی بیرێ
چاوڕەش دەستان تێکەرکەین بچینە وراتی ناو گوڕێ
ئەوشۆ دەبمە مێوانت بەرامبەرت دانیشم
هەرچەند چاوی هەردینی ئەشقی دوو چاوی ڕەشم
لەو دونیایەی چەندی گەڕام بێ بەختو چارەڕەشم

## ٤٨ – خەبەری ئەو کچەم نی یە

خەبەری ئەو کچەم نی یە یارم بزرە لەو ماوەی
ئەوسار سەرێ حەفت ساران چاوەڕەش هاتە ئەو ناوەی
مردم لە خەفەتی توو بەتار ناکەم ئەو ڕاوەی
دونێ نیوڕانێم دەدیت دێتەوە لەو سۆراوەی

لەبن سوخمەی هەریان‌دا مەمکی فنجانی قاوەی
پێم گوت لەبۆ ماچەکی دەیگۆ بەسەر ئەو چاوەی
دەست لەبەرات هەر ئاگرم کارمامزی لە کەندێناوەی
دنیاداریم حەرام کرد لەپاش ئەو بەرەک چاوەی

## ٤٩ ـ برینداریم

برینداریم بریندار خوابکا ئازی برینداران
دونی نیورانێم دەدیت چاوڕەش لە ڕێی داران
لارو لەنجەی شیرینە دەچێتەوە لەبۆ ماران
دەردی درم گرانە خەتەرەی کرد دوو جاران
سنجاقی لێ ترازاندم هەتیم بگرە هەناران
کەبووت فندقی زێڕین داڕژایە لە شاران
قیمەتی گەلە گرانە نایەتن بە کڕیاران

## ٥٠ ـ قیرەی دوو قورینگان وادی

قیرەی دوو قورینگان وادی گۆزەلێ گمە گمە
بسکو پەرچەمی سۆرە لەسەر برۆیان حاکمە
ئەختی یارم سەت زێڕە هێشتنا بە دری من کمە
دنیام لەخۆ حەرام کرد لەپاش چاوی فاتمە
قیرەی دوو قورینگان وادی گۆزەلێ وا لە مارە
بسکو پەرچەمی سۆرە هەموو پیادەو سوارە
ئەختی یارم سەت زێڕە لام وایە یەک دینارە
دنیام لەخۆ حەرام کرد لە پاش دوو چاوی کارە

## ٥١ ـ برام سەری من دێشی

برام سەری من دێشی کەس بە دەردم نازانی
دەستم دەدا گۆپاری دەگەڕام لە شوانی

حەزم لە کیژەکی کرد دەچم لۆ کەسنەزانی
چاوم بە کیژەکی کەت ڕاوەستا لەسەر بانی
گەردەنی گەلە زەردە بەژنی وەکی ڕەیحانی
بسکو پەرچەم تیکەر بوو لەسەر سینگو مەمکانی
بای لە بسکان دەبزێوی تەشی دەڕێست بە ڕانی

## ٥٢ ـ سبەی دەڕۆم بەیانی

سەفەریمەو ڕادەبرم سبەی دەڕۆم بەیانی
قەولی ژوانێم پێدەدا بگرم جوتێ مەمکانی
لە هەولێرێ دەرکەتم دەگەڕام لە قەسابی
ئەختیارو مەلام هەنارد داخوازی بکەن لە بابی
دەرێ لە درت یەقین بی ترشە لەبۆ تو نابی
قەولی کیژان چەند خۆشە بەو شەرتەی داکی لابی
ئەگەر ئەو کچەم نەدەنێ دەکوژم براو بابی

## ٥٣ ـ ئەورۆ ڕابورد

ئەورۆ ڕابورد کۆچو بار کۆچی کێ بوم کۆچی یار
چومە بەرایێ کۆچێ لێم گێراوە بازنو گوار
بازنو گوارو سر سرە هەوکێ بە قەنەفرە
کیژ ڕۆین باریان گورە
کیژ ڕۆین گور دەباری مەمکی شەمامەی شاری
لۆم هاتبو بە دیاری لەلای شاهو خوندکاری

## ٥٤ ـ کەڵەك وانۆ

کەلەکوانۆ کەرەکێ ماری پێقەدا بە بەرەکێ
بۆم دەربازکە چاڤ بەرەکێ
کەلەکوانا کەلەك بینە سێ زەرییا ڤەپەڕینە زەریا مەزن کۆمی بینە
زەریاتا ڤیبەرینە زەریا بچوك بۆمن بینە

کەلەکوانۆ سەر قەندیلی دەس مەزرە فەت هێسکی فیلی
مـــار پێ‌ڤەدا ل بنی پیلی   ئۆم دەربازکە پەکەفیلی
کەلەکوانۆ سەرگەرمی‌یێ مار پێشە دابێ پانی یێ
بۆم دەربازکە سوورو سپی‌یێ
کەلەکوانۆ ل قەسرۆکا  ژ بۆ چاڤێ خەجیجۆکا
کەلەکوانۆ  ل بەێ ساڤا  ژێت تاری بێ هەردوو چاڤا
بۆم دەربازکە لانـگێ ساڤا  کاولو وێران چەند ب بی‌یە
لێیان بگرن پەسوو کی‌یـە دەربازە ناکەن چاڤۆک سپی‌یە
کاولو وێران چەند ب بەردە  لێیان بگرن شۆو وەردە
کەلەك وانـۆ ژێ وەژێدا دەرباز ناکەن خەزێم زەردە
هەنجیرۆکا بێ تاڤێ‌دا ب پاییزێ شختێ لێ‌دا
کیژ بالیفەو کوڕ پـال وێدا کەلەك وانـۆ حەمەرۆکا
دەسکی بێرێت گەرەڤـۆکا لۆم دەربازکە یا گچکۆکا

## ٥٥ ــ بلبلۆ بلۆ بلۆ

بلبلۆ بلۆ بلۆ  بلبلۆ بلۆ بلۆ
بلبلۆ بلۆ بلۆ بلبلۆ سەیرانیو
وەژ بلبلەکێ گێژم بلبلۆ بلۆ بلۆ
بە شەڤو ڕۆژێ دبێژم بلبلۆ بلۆ بلۆ
عاشقێ کچکا درێـژم بلبلۆ بلۆ بلۆ
بلبلۆ بلۆ بلۆ  بلبلۆ بلۆ بلۆ
بلبلۆ بلۆ بلۆ بلبلۆ سەیرانیو
وەژ بلبلەکێ لالم بلبلۆ بلۆ بلۆ
بە شەڤو ڕۆژێ دنالم بلبلۆ بلۆ بلۆ
عاشقێ کچکا ب بالم بلبلۆ بلۆ بلۆ
عاشقێ کچکا ب بالم بلبلۆ سەیرانیو

## ٥٦ ــ لەگێم دیت

لەگێم دیتو لەگێم دیت لە شینکەی نۆغەرانێ
یارم گۆترە باریکە لۆخۆم گرت لەناو لانێ

بەتەمابوم کەوی کەم لۆ کەیفو لۆ سەیرانێ
لە تالحی خۆم خافر بوم فڕی چوە عاسمانێ
چیدکەشم لەمست نەما دەستم کرد بە گریانێ
حەز لێکردن زۆر خۆشە لەگەر چاوی حەیرانێ
بریا دوو ماچم قەردبا لە ڕومەتێ حەیرانێ
کاکە سەیری بلبلکەن دەخینێ لەسەر شیلانێ
کچو کوڕ تێکەربون کاکە بابچینە سەیرانێ
پیرەژنەك لەوێ بوو گوتم ئەو مەکرەی دانێ
حەسودیمان پێدەبا بەمنو بە نازدار حەیرانێ
هەرچی دەرێ شاعیرم بالۆم بێتە مەیدانێ .

## ٥٧ ـ کاکە شەمار چەند خۆشە

کاکە ، شەمار چەند خۆشە دەمەك دێ دەمەك نایێ
یارم گەلەك جوانە ڕومەت گوڕێ بێزایێ
حەسودیانمان پێ دەبەن بۆچ بە کەلکە من نایێ
سینگ مافوری خۆراسان لۆم هات ئەلای بەغدایێ
کاکە ئەوجا ڕای دێخم لەپێش دەرکەی سەرایێ
گاسی گولەی مێردان دەکەم تەراقەی پێفڕێ دەدەم
لەپێش عالەموتلایێ
هەر چەندی گور دەباری بۆچ بۆمن بۆنی نایێ
ئەورۆ سەرم زۆر دێشی کاکە دوم بەغەمە
گولەی مێردان پیاوێ چەندکەمە
هەردوو چاوم کۆرە بو نازانم نە چاوم تەمە
پیرەژنەکم ڕاسپارد ڕۆژێ جارەك بیبینم
دیتنیمە هەردەم دەمە .

## ٥٨ ـ ناوی شوانێم

ناوی شوانێم ئەحمەدە دەسکی خەنجەرێ مەوردە
مارت بە گۆزینگێ ودا دەست لە دەلالێ بەرمەدە

ناوی شوانێم خدره دەسکی خەنجەرێی دارگوره
مەڕ بەربوو دۆڕێ کفره ڕێ لەدوو دران مەگره
ناوی شوانێم ڕەحمانە خەنجەرێ پشتی دەبانە
مەڕ بەربوو دۆڕێ بڕیحانە دڵخوازی بیری خانە

## ٥٩ ــ مارمان لێره بار دەکا

مارمان لێره باردەکا دەچێتە دۆڕێ ئەولایە
هێ کچێ بینە ماچت کەم مریەم کیژی پاشایە
مارمان لێره بار دەکا دەچێتە دۆڕێ بەیبونی
هێ کچێ بینە ماچت کەم مریەم کیژێ خاتوونی
مارمان لێرەدا باردەکا دەچێتە دۆڕێ ڕەیحانی
هێ کچێ بینە ماچت کەم خەجیجێ مام ڕەحمانی

## ٦٠ ــ لەگەر تومە

لەگەر تومە ئەی رابیە بەژنت شترە شەنگەبیە
جۆت لیمۆت لەسەر سینگیە داەزرانی وەك قەندیە
بەخۆم لێرەم مامرەت کردیە بە سەدو پەنجا زێڕیە
لەکن عالەمێ گرانە بە ئاقرێ من زۆر هەرزانە
تازم دەکرد هۆ خەجانە سینگی تۆم باخچەو بیستانە
دایم پڕ لە گوڵو ڕیحانە سۆرگور دەهاتنە دەستانە
لەگەر تومە داخ کورتەکێ ناپەڕمەوە لە جۆگەکێ
هەتا نەمدەیتێ ماچەکێ
لەگەر تومە ئەی ڕابێ سەت ساری گەردابێ ئاڵتوونەو خرانابێ
لەگەر تومە چاو بەلێ سینگت دەشتێ قەراجێ
مەمکی سێوێ هەرتەلێ ، هەرچی ئەمن و تۆی لێ کرد
ڕووی ڕەش بێ وەکی قەلێ .

## ٦١ – کلدانی یارێم شینه

کلدانی یارێم شینه هەی دەلال هەی دەلال فاتمێ
یەقەو دوگمەی نەخشینه هەی دەلال هەی دەلال فاتمێ
جێی ژووانمان پارگینه هەی دەلال هەی دەلال فاتمێ
کلدانی یارێم ڕەشه هەی دەلال هەی دەلال فاتمێ
یەقەو دوگمەی به نەخشه هەی دەلال هەی دەلال فاتمێ
جێی ژوانێت ببەخشه هەی دەلال هەی دەلال فاتمێ
کلدانی یارێم سۆره هەی دەلال هەی دەلال فاتمێ
یەقەو دوگمەی به مۆره هەی دەلال هەی دەلال فاتمێ
جێی ژوانێمان ژۆره هەی دەلال هەی دەلال فاتمێ

## ٦٢ – ڕەشمارەو ڕەشماره

ڕەشمارەو ڕەشماره هاوار لەمنێ
ڕەشمار له کەندێدا هاوار لەمنێ
کورتێ گوار له گوێدا هاوار لەمنێ
سوتام پارم پێدا هاوار لەمنێ
ڕەشمارەی له ڕەشێ هاوار لەمنێ
کورتێ لەبەر نەخشێ هاوار لەمنێ
خودایه بەمنی بەخشێ هاوار لەمنێ
ڕەشمارەك وا دیاره هاوار لەمنێ
چیغیان بێ دەواره هاوار لەمنێ
کوشتمی گوێ بەگواره هاوار لەمنێ

## ٦٣ – ئەو جەرەبەم

ئەو جەرەبەم جەرەبه ئەسمەر چاوکار غەزالێ
ئەو جەرەبەم بزنه ئەسمەر چاوکار غەزالێ
بردمه شاری مەزنه ئەسمەر چاوکار غەزالێ
هەمووم دا به بازنه ئەسمەر کابانی مارێ

بۆ زەندی یارێ منە ئەسمەر خاتوون دەلالێ
ئەو جەرەبەم شەکۆکە ئەسمەر کابانی مارێ
بردمە شاری دهۆکە ئەسمەر کابانی مارێ
هەمووم دابە کرمۆکە ئەسمەر کابانی مارێ
لۆ یاری من عەیشۆکە ئەسمەر خاتوون دەلالێ
ئەو جەرەبەی من شەکە ئەسمەر کابانی مارێ
بردم لۆ لای بالەکە ئەسمەر چاوکار غەزالێ
هەمووم دا بە کرمۆکە ئەسمەر کابانی مارێ
بۆ یاری چاو بەرەکە ئەسمەر خاتوون دەلالێ
جەرەبی من گاورە ئەسمەر چاوکار غەزالێ
بردم بۆ لای مەنگورە ئەسمەر کابانی مارێ
هەمووم لۆدا بە دورە ئەسمەر کابانی مارێ
بۆ یاری مەمك خرە ئەسمەر خاتوون دەلالێ
جەرەبی من ئێرییە ئەسمەر چاوکار غەزالێ
بردم بۆ غەریبییە ئەسمەر کابانی مارێ
هەمووم دا بە هەورییە ئەسمەر کابانی مارێ
بۆ یاری ناو ڕابییە ئەسمەر خاتوون دەلالێ

## ٦٤ – شایی چۆپەیی – تورمە بە تورمە –

تورمە بە تورمە تورمەکەی جاران هەر جاری جاران هەر وەکی جاران
دەچمە موسرێ سەرپشکی شاران شەدەی دەکرم بە چلو چاران
یار لەسەرینێ دانێ ئێواران زێڕ لە ناوەندی زیو لە کناران
سەری هەرناگری پەلکە دوو یاران ملی چەند شۆڕە لەبەر هیزاران
یاخوا خرابی ماری بەدکاران چ خۆشیم نەدیت لە دۆستو یاران
تورمە بە تورمەی جارانە دەچییە سەر ئاوێ بەفرو بارانە
شەقاوان ماوێ کونەت گرانە ئاوڕان مەدەوە عالەم دوو زمانە

## ٦٥ – بابێ بابم شێخ مەحمود

بابێ بابم شێخ مەحمود لەگەر دەزگای داینایە
بەخۆی لە داری گەلێ خیوەتی لێ هەردایە

کەریمی فەتاح بەگی عەسکەری تەعلیم دایە
حەمەی سەید سەلیمی لە دەوەرەی دا سوڕایە
بابێ بابم شێخ مەحمود بەخۆی دێ لە بازیڕی
لۆی دێ نۆ تابوور عەسکەر تفەنگ لە ماهوزێڕی
شێخ مەحمود دەبتە مەلیك خودا لێی وەرنەگێڕی
بابێ بابم شێخ مەحمود بەخۆی دێ لە ئاگریێە
لۆی دێ نۆ تابوور عەسکەر تۆپو تەیارەی پێیە
شێخ مەحمود دەبتە مەلیك لە ئینگلیزی عاسیێە
بابێ بابم شێخ مەحمود تۆ سەرکردەی کوردانی
لۆی دێ نۆ تابوور عەسکەر لە شاری سولێمانی
شێخ مەحمود دەبتە مەلیك خودا بەخۆی دەزانی .

## ٦٦ ـ چاوان مەگێڕە

چاوان مەگێڕە گەلەك شیرینی
بەینی مەمکانت شانەی هەنگینی
چاوان مەگێڕە گەلەك منداری
خۆخی نەگەیی هەروچکەی تاری
چاوان مەگێڕە گەلەك جوانی
بەینی مەمکانت قۆدی دەرمانی
بواردادێت وەعدەی گورانە
سەرم زۆر دێشی دەردم گرانە
لێولە گەردەنێ دەست لە مەمکانە
یارێ بابڕۆین پیشی بەیانە

## ٦٧ ـ لەگەر تۆمە

لەگەر تۆمە گەردەن قازە گەردەن کۆتری تەقرە بازە
قەت گەردەنت ناکەم ئازا ئەمنی کوشتیە ئەو چاوبازە
لەگەر تۆمە بەرەك چاوی ئاگرت بەردایمە هەناوی
هەزاران دەمرن لە تاوی ئاخ لەبەر بابە گراوی
لەگەر تۆمە کەسی بابم قەت لەوبەندەت حاری نابم

ئەتو شیشو من کەبابم ئەتو مەڕو من قەسابم
لە قسەی توو حاری نابم دائیمەن در پڕ عەزابم
لەگەر تۆمە ئەشمیلانێ گوارەی زێڕ دەینمە جۆلانێ کار مامزەکەی گەرمەلانێ .
لەگەر تۆمە ئەی نازدارێ بەژن برندی کۆفی خوارێ دەستم لەگەردنت نارێ .

## ٦٨ - چاو دەگێڕم

چاو دەگێڕم لە حەساران پرسیار دەکەم لە منداران لێم تۆرایە یاری جوان
چاو دەگێڕم دیار نیەیە پرسیار کردن عەیب نیەیە یارێ خۆمەو بێ قەیدیە
چاو دەگێڕم لۆ دیار نیەیە عەقرو هۆشم لەکن نیەیە
پرسیار کردن عەیب نیەیە کوڕ بوو گەتە غەریبیەیە
چاوی لە برۆیان ڕەشترن لە ماری ڕەش شەڕ گەرترن
خوایە یەك داکو باوی مرن کاکە هەردووکیان کافرن یارێ لەو گولەی هەرگرن .

## ٦٩ - دانیشتیەیە

دانیشتیەیە چەند سپیەیە دەرێی ترێی تایەفیەیە ماچی نەکەی کەیفی نییە
مارمان لەکن ماری شێخی ڕۆژ ئاوا بوو جێی ڕادێخی سەر مەکانی بەدەردێخی
دانیشتیەیە لەسەر جۆنی قەیتانەکی ڕەش دەهۆنی
شەوی تاریك دەکا ڕۆنی ئاوی دامێ بە فافۆنی
وەکو ڕەیحان دەڕوا بۆنی جارێك نارێ هەتیو چۆنی
برام جەرگی من کون کونە هەموو خەرکم لێ دوژمنە داخوا ئەشمیل یارێ منە

## ٧٠ ـ کیژ هەر کیژی

کیژ هەر کیژێ ئیلنجاغی ڕوومەت وەکی گوری باغی قەت لە کوڕان نابێ یاغی

کیژ هەر کیژێ دەربەندۆکی مەمك خڕە وەك داندۆکێ ماچیان دەدا بە ڕپارەکی

کیژ هەر کیژێ هەمزەکۆری فیقە زوڕنای دەنگی دۆری کوڕان دەبەن لۆلای ژۆرێ

کیژ هەر کیژێ هەمەوەندە بەر دۆخینی کارك بەندە دەستیان مەدێ ئێشیان گەندە

کیژ هەر کیژێ ئۆرمزیارە قوتکە قوتکەی بن دیوارە هەموو دەمێ لوتیان خوارە

کیژ هەر کیژێ باقرتەیە سەر پەنجەیان بە خەنەیە پێـم گـۆت ماچەکم بدەیە

## ٧١ ـ وەکی دەچیە داوەتێ

وەکی دەچیە داوەتێ توخودا خۆت مەلەقێنە
جۆت شەمامەی سەرسینگت بەرامبەرم دەرمێنە
جەرگێو درت پسانەم ڕوحیشم لێمەستێنە
وەکی دێیلۆ داوەتێ چەند شیرن ڕادەوەستێ
بەکراسێ سپی کتان کەمبەرەی شل دەبەستێ
وەکی دەچی لۆ داوەتێ چەند شیرن هەردەپەڕی
تۆق‌و تەلەسم‌و بازن بەربەنی دەکا شەڕی
قەولێ لەگەر یارێم گرت بێتە هەوێزی مەڕی
چەندم یارێ دەگەوزاند دوو مووم لە سمێران پەڕی
وەکی دەچیە داوەتێ خۆت بەسۆر بخەمرێنە
شەدەکەی کۆر حوسێنی لەسەرێ خۆت بارینە
یارێ ئاگات لەخۆبی کوڕ جاحێرەو لۆتیە

## ٧٢ - ڕەوڕەوان

ڕەوڕەوانو ڕەوڕەوان لە فڕینێ نابە ڕەوێ
لۆ لای ماڕێ یارێ چووم لە مەحەلی نیوەی شەوێ
بەدەستەکی موبارەك هەرم دەستاند لە خەوێ
بەزار کەلامێ شیرین دەیگۆ لاوە چیت دەوێ
هەستە بەژنت ببینم تا بنێرم لۆت بێ کەوێ
هەموو دنیا تێ گەیی ئەمنو توو ئێکدین دەوێ
ڕەوڕەوانو ڕەوڕەوان لە فڕینەی وەکی قەتێ
سی ڕۆژەی ڕەمەزانێ فەرزە لەسەر ئۆمەتێ
لە دنیاییم لۆ نەبووی چت لێ بکەم لە قیامەتێ
ڕەوڕەوانو ڕەوڕەوان لە فڕینەی وەك کۆتری
سی ڕۆژەی ڕەمەزانێ فەرزە ئۆمەت بیگرێ
لە دنیاییم لۆ نەبووی چیت لێ‌بکەم لەبن گرێ
ڕەوڕەوانو ڕەوڕەوان لە فڕینەی تۆز پەیدا بوو
دوو ڕەشمارێ ڕەشکۆکە لە دۆرەك هەریان دابوو
دوو کیژێ گوارە زێڕین لە دەرکەی ڕاوەستا بوو
یەکی لەوان جوانتر پاری بە کولینێ دابوو
دەستم گەیاندە یەخەی جۆت مەمك بەرەللا بوو
خوا بەنسیبی نەکردم دایکی لیمان پەیدا بوو
لە شەرمی ئەو نەبوایە کیژە بەمن ڕەزا بوو

## ٧٣ - خاروانو ڕەشوان

خاروانو ڕەشوان ئاقاریان یێکە
برینێ کەریمێم تەونێك ئەونیکە
کەریمو کەریم کەریمی تەنك
چەند شیرین لێی دێ خەریتەو جلك
کێ کەریمی کوشت ئاغای گرمامك
خاروانو ڕەشوان لە بنەی بەستۆڕێ
لە تەقەی تفەنگان لە چریکەی بۆڕێ
مەیتی کەریمیم کەتیە لە گۆڕێ
خاروانو ڕەشوان لەبنەی ئیفرازی
کەریمەی تەنك کچمام دەخوازی

## ٧٤ ــ سبەینەکی سەحەری‌یە

سبەینەکی سەحەری‌یە ئەڕۆەی چشتەك قەومی‌یە
شێرەك لە چۆمێ چەقی‌یە ڕێی لە ڕێبواران گرتی‌یە
جوابیان لەبۆ شا بردی‌یە شا دەیگۆ ئەوە چی‌یە
شا عەسکەری هەناردی‌یە خانۆ بە سواری هەسپی‌یە
بەخۆی‌و سەت سواری‌یە دەوری چۆمێان گرتی‌یە
هەرمەتی شێریان بردی‌یە لەلای خانۆی دەرگەتی‌یە
دەستی مەتارێی خواردی‌یە بەو دەستی دی مێی گرتی‌یە
لۆ شای بەدیاری بردیە شاهم دەیگۆ ئەوە چی‌یە
دەیگۆ کەروێشکە کێوی‌یە بەخۆم لە چەمێم گرتی‌یە
لۆ تووم بە دیاری ناردی‌یە دیاری تووم قبور کردی‌یە
شا دەیگۆتە خوراماوە هەرگرن دەرکێ هۆدانە
بشکێنن دەرکی خەزانە تێکەرکەن زێڕو زیوانە
زێڕان بدەن لەبۆ خانە بژی خانە پارەوانە
خانۆ دەیگۆ ئەرێ شایە دەستی مەتارێم خورایە
ئامەوێ مارێ دنیایە بەردەك هەیە لە چیایە
بەردی چاکە لۆ دەژگایە دامەتو بەردی لە چیایە
سبەی لەگەڵ ڕۆژ هەراتێ خان دروست دەکا قەراتێ

## ٧٥ ــ کاکە لۆم برێــن

کاکە لۆم برێن هۆزینە مەمیان زینە
کاکە لۆم برێن بە هوڕەیە هۆزینە مەمیا زینە
ژوانمان چل هەوێزەیە کیژ کوڕەو کوڕ پەرژینە
هەر چل شەو ماچمان موچەیە کیژو کوڕ لۆ یەکدینە
کاکە لە دەربەندی واژی هۆزینە مەمیا زینە
کوڕ دێن بە تولەو بەتاژی کیژ کوڕەو کوڕ پەرژینە
کیژ بەبێ کوڕان قەت ناژی کیژ کوڕ لۆ یەکدینە
کاکە لە دەربەندی کۆڕێ هۆزینە مەمیا زینە
بەرخە کۆرپەی دوای مێگەلان کیژو کوڕ لۆ یەکدینە
کاکە لە کانیێ وەك وەلان هۆزینە مەمیا زینە

چیم بێ ئەما غەیری گریان کیژ کوڕەو کوڕ بەرژینە
چەند ناخۆشە دەست لێك بەردان کیژو کوڕ لۆ یەکدینە
ڕۆژەك چومە سەیری شەتێ هۆزینە مەمیا زینە
بڕۆننە چەرخی ڕوومەتێ کیژ کوڕەو کوڕ بەرژینە
گریانم هات بە غوربەتێ کیژو کوڕ لۆ یەکدینە

## ٧٦ ـ لە ڕەوڕەوێ وەردەکا

لە ڕەوڕەوی وەردەکان دەفڕن دەچنە ئامێدی
لە قورینگان دەبووە غرو لۆ سەر جۆگەی مهێدی
ئەو خەفەتە دەمکوژێ یار کەتە داوی مێردی
لە ڕەوڕەوی وەردەکان دەفڕن دەچنە ناو بەندان
سەفەر ئەکەنو ئەڕۆن لۆ گەرمکی بامەندان
دەچووە خوارێ لۆ ڕووبار نەعبێنی هەر دوو گوندان
لە ڕەوڕەوەی وردەکان دەفڕن دەچنە دیوینێ
لە قورینگان دەبووە غرو لە باخچەی نازەنینێ
یارێ ئەمنی کوشتی‌یە بە قاقای پێکەنینێ
لە ڕەوڕەوێ وردەکان دەفڕن دەچنە سەر کانێ
لە قورینگان دەبووە غرو لۆ سەر لوولەی جاستانێ
یارێ ئەمنی کوشتی‌یە بە دەستوری کوردانێ

## ٧٧ ـ کاکە سەێ من دێشی

کاکە سەرێ من دێشێ دەردێ لە درم کەسەرە
دەچمە چیای قەرەچوغی بەر ڕۆژەو پشت سێبەرە
دوو ڕەشماری ڕەشکۆکە هەریاندا مار وەدەرە
دوو کیژی ئەوا تێدا یەك بازەو یەك سەقەرە
ئەنگوستیلەی یارێ من زێڕو دوڕو گەوهەرە
یارێ لێت موبارەك بێ دوگمەو کەوێو کەمبەرە .

## ٧٨ ـ هەناییت بەبەر دەبەم

هەنایەت بەبەر دەبەم دووەمین بەبەر ڕەبی‌یە
حەیفم لە بۆ قەراجی نەهات ڕووی تێ‌کردیە
سۆراغی تەنکەم دەکرد چ جوانی ئەوها نی‌یە
بڕۆنە کەڕێ کەردەنی خاری بە سێ ڕێزی‌یە
سەر چەنەکەی کوترایە میسال نەخشی پۆڕی‌یە
دوو برۆی ڕەشی قەترانی لە پشت چاوی یاری‌یە
بەژن‌و بارای برندە تەنك لێی دێ کەوی‌یە
بڕۆننە چەرخی ڕوومەتی دەرێی برنجی ڕۆژی‌یە
هەنیەت مانگی لە چاردەی لەگەل گۆشەی کیشاوە
ڕووی دایکەکەت سپی‌بی مەمکی لە زارت ناوە

## ٧٩ ـ مارەکیان لێنا

مارەکیان لێنا مارە مامەشە سەرباریان گورە بن‌بار وەنەوشە
خەرجی وان ماران بە من ببەخشە
مارەکیان لێنا مارە مەنگوڕە سەرباریان گەوهەر بن باریان دوڕە
بەمنی ببەخشە دوو لیمۆی خڕە
مارەکیان لێنا مارە ئاکۆیە سەربار نارنجە بن‌بار لیمۆیە
ماچی وان کیژان بۆ من نەك تۆیە
مارەکیان لێنا مارە برباسە سەرباریان گورە بن‌بار ڕێواسە
خەرجی وان ماران لە من بناسە
مارەکیان لێنا مارە خەراتە سەر باریان شەکرە بن‌بار نەباتە
ماچی گەورە کیژ بۆ من خەراتە

## ٨٠ ـ سبحەینەکی

سبحەینەکی گەر سەحەری جۆتم دەکرد من لەوی بەری
لە تۆزێ دابوم غەیبەری جۆتم هاژوا گەیمە سەری
هێشتا زووە قەلنە قوتەم تێ‌کردووە
سەبر سەبر کەتمە دووە ڕێکەم ڕەفتە سەر کانووە

دیتم ژەریەك دانیشتووە سەلامەکم لێ کردووە .
گۆتم : ژەریێ ناوت چیە ؟
ناوم گورەو گور بەنگینە ناوبانگم گور دەست ڕەنگینە
هەرۆ دارم لێبهینە
مەڕێ دۆتێ گایێ جۆتم هێستریێ باری پێ فرۆتم
مایێ زینیو تفەنگی ملی دەمانچەی نێکی پێ فرۆتم
قسەی لە دری پێ نەگۆتم مارم نەما پێی هەرگۆتم

## ٨١ ـ کەپرەکت لۆ بکەم

کەپرەکت لۆ بکەم لە جۆگەی جۆیێ
داوێمە کەپرێ پەلکێ لیمۆیێ
با لەسەر بنوێ خانمێ شنۆیێ
کەپرەکت لۆ بکەم لە جۆگەی ئاشی
داوێمە کەپرێ قوتنی قوماشی
با لەسەر بنوی خانمێ هیجباشی
کەپرەکێت لۆ بکەم لەسەر ڕێ دبرێ
مەڕم هاتەوە چوە بەر بێرێ
جوانی گوشتمی لەگەر پیرمێرێ

## ٨٢ ـ نەشمیل

نەشمیل نەشمیل نەشمیلانێ دەرێ سێوی سەر دوکانێ
تەشێ ڕێسی لە هەیوانێ کارو بەرخێ لە کوێستانێ
شیر مەمکەکەت قاوەی فنجانێ ئەز ڕاوچیمە لە کورانێ
نەشمیل نەشمیل چەند بەنازی دەرێ گۆتری تەقرەبازی
پەنجەی نەرمە بۆ دەستبازی دەچینە کن ئامیر قازی
هەنکو یارێ بخوازی

## ٨٣ ـ بریندارم بریندارم

بریندارم بریندارم بە خەنجەرێ لە وراتێ دەچمە دەرێ
لە وراتێ غەریبیانم لە بنەی مەرگەو پشدەرێ
سینگت بەحرێ دوکانێ خێلەکی دێنە سەرێ
ئاگرت لەمن بەردایە عەبدارم لۆ باغەرێ
خەزێم بادەست تێکەرکەین بەر لەوەی کە مانگ هەرێ
لە دەرکەی ڕاوەستایە باریکەی زەرد ئەسمەرێ
لە خۆی دایە بەربەنە لەگەر دوگمەو کەمبەرێ
کۆزو کۆتانی کوتا کابانێ لەسەر غەرێ
پێم گۆت چت لەبۆ بینم سبەی دەچمە سەفەرێ
مرازو مەخسود حاسربی بەو چاکی دەچمە سەرێ
عالەم گەینە مرادی ئێمە ماین لۆ گەسەرێ

## ٨٤ ـ ماجیدو مەلاقەرە

ماجیدو مەلاقەرە هەردوك لە گەندێناوێ
کیژیان گەلەك جوانێ جۆت جۆت دێن لۆ سەراوێ
تاقمەی شایێی لەبەر کرد چوە مارێ پێناوێ
چاو کارمامزێی دوو مانگی لە زورگەی دەرماناوێ
گیشەگەر زۆر تێنیمە چبکەم دەنگم دەرنایێ
ئەگەر دەنگم دەربینم هەروەك دۆرو زورنایێ
دەچمە چیای قەرەچوغی چەند بە گەری گەوریە
دەچمە دەشتێ قەراجێ بە غەزالو کیوی یە
دەچمە دەشتێ قەراجێ بابە بەر لە شەماری
بسكو پەرچەم تێکەر بوو بەسەر چاوێ دەکاری
گۆتمێ بینە ماچتکەم بە درەکی خەمو تاری

## ٨٥ ـ گەلۆ چاردە ڕیانی

گەلۆ چاردە ڕیانی واپێی دادێ کاروانی
خزمینە سەبر بازۆن نەکو یارم پێ بزانی

ئەگەر یارم پێ بزانی تیرەکی ئەوتۆی لێدا خەتەر دەکا لە گیانی
بابکەم مەحتێ زولفانی ئەو زولفێ دەچەلەنگی یاغر یاغر دەلەنگی
دەترسم ئەوشۆ بمرم هەجەلم بێ بە چەنگی
هەجەل نایێ بێ دەستور بۆنەکی ئەوتۆی لێدێ بۆنێ گیابەندو بوغر
بۆنی لێ بوون بەراوە بەژنت چیایێ کۆسرەتێ تازە لێ هەربون خاوە
پەرچەم پەلکە ڕەیحانە تازە کارتەی دەداوە
یارم چ عەیبی نیە برەك کورتە بارایە
وەکی گیایێ ڕواران دەستم لەخۆ بەردایە
وەك ڕوشێ لە پانکان تەڕایم لێ بڕایە .

## ٨٦ – دوو کیژ وادێن

دوو کیژ وادێن هەرواز چونە دوو ڕاوکەریان وا لە دوونە
یەك خەجەیەو یەك خاتوونە هاتن دوو کیژ نەونەمامن
یەك عەیشێ یەك فاتمێ عەیشێو فاتم شیرن قامن
دوو کیژ وادێن لە کارێزێ دوو ڕاوکەریان لە پارێزێ
تفەنگو ناریان لە هەمبێزێ
ڕاوکەر لێیان وە پارێزکەت دابیان گرێ بە داوو پەت
خۆ مەفرۆشن هەرزان قیمەت
دەرێی خانمێ هەولێریانن هێند بە عیشوەو نازو جوانن
بەژنت بیێ دەجۆمێدا شترە ڕحانە لە حەوزێدا
سەر پایزەو شەختەی لێدا سوتام برژام یارم پێدە
هەر تەنێ مەمکم وێدە گوناهـ مەکە کەمە تیر فرێدە
دوعام لۆبکەن دوعای خێرێ لەسەر سینگت بکەم گێرێ
چەند گوناحەو دوو هەند خێرێ .

## ٨٧ – حەیف لۆ کەندێناوەی

حەیف لۆ کەندێناوەی لێی دەبوە نەهاتە
ئەوسار سەری چەند سارە ئەورۆ نوێژێ نیوڕانێ
قاپو قاچاغیان هینا دایان‌نا لە مەیدانێ
یارم ئاوڕان دەدا وەك مامزێ لەلانێ

کۆچ و کۆچباریان تێک نا بەرەو کێلی کێستانێ
قۆناغیان گەلە دورە دەچنە دارە شەکرانێ
حەیف لۆ کەندیناوەی چۆلی کرد کیژە جوانێ

## ٨٨ ـ هەنار هەنار هەنارە

هەنار هەنار هەنارە دەردو دەرمانم یارە
دونێکەم ماچ کرد بوو ئەورۆ لێمان بێزارە
هەناری گوندی ئاژگە زۆر ترشەو دنکی ناسکە
دەعوای دوو ماچم لێ کرد دەیگۆتمێ خۆت خەلاسکە
هەناری دۆری کۆڕێ ڕۆینی وەک ڕۆینی پۆڕێ
شەرتو پەیمان واخۆشە بەئان شەرت دل نەگۆڕێ
بابچین بۆ لای شەقراوە هەناری زۆر بە ئاوە
سەلامم لە یارێ کرد شیرن عەلێکی داوە
هەناری لای خۆشناوان سەر بەسەر دینی دراوان
دەعوای دوو ماچم لێ کرد فەرمووی بە هەردوو چاوان
بابچین بۆ نازەنینێ دەسکەین بە گول چنینێ
هەناری شیرنو خۆشە نەوەک بەشمان نەمێنێ

## ٨٩ ـ خەجیلێ

خەجیلێ برێ خەجیلێ خەجیلێ مامە سواری
چەندە بە لەنجەو لاری ساحێبی بیستو چاری
ئێستاکەش خۆی دەفرۆشی بە کچی چاردە ساری
خەجیلەم چەندە جوانە دەرێی ماینی کەحلانە
کارمامزانی بێدەگرم لەبنەی بنەی ڕەشوانە
خەجیلەم لەولای واهات بە هاوارو بە گازان
گەروێشکی گەرمەلانێ فێری بن کفرو گەزان
بۆ بەزمو ڕەزمێ چاکە هەروەک ماینی شێخ غەزال
خەجیلەم قیتو قۆزە هەوری لەملان ئالۆزە
هەروەک مەڕی بەدامەن دەڕواتو دەکا تۆزە

دەرێ هەتیو وێوە برۆ ڕدێنت گەلێ بۆزە
هەتیم ئەتو وێوەچە
ڕدێنم ماش‌و برنجە سمێڵم قیت‌و قنجە
بەینی مەمکان پێت ماڵم بەو شێخی لە بەرزنجە •

## ٩٠ ــ ئامەکە

ئامەکە برێ ئامەکە کراسی بەری خامەکە
دەستێ لە مەمکت دەدەم توخودا تۆ دەنگێ مەکە
چومە مارێ ئامینە دایکی لەوێ بو هەروا
قەول ماچێکی دابێم دایکی بڕواتن ئەوجا
ئامینە هەی ئامینە ڕوو سۆرو خین شیرینە
دەعوای ماچێکم لێ کرد کولەکەی بۆ لام هێنا
قەولە یارێکی بگرم هەر وەکو خۆم زەوقی بێ
لە دونیایە زۆر گەڕام نەمدی وەك ئامینەبێ
ئامینە هەردوو چاوم کزەی جەرگ‌و هەناوم
لە دونیاو لە ئاخیرەت من‌و تۆ بۆ یەك ماوین •

## ٩١ ــ کەڵەبابی نیوە شەو

کەڵەبابی نیوە شەو کۆرپەکەم دەکەی لە خەو
ڕەبی ساحێبت سەری دەخمێ گری هەر ئەو شەو
لایە کۆرپەکەی دایە لایە بۆ خەوت نایە
ڕەبی بابانیان کوێربێ ئاغاو میری دنیایە
کەڵەباب ئەگەر شینی کەست دەماڵ نەمینی
دەستێباری شەوێدا کۆرپەم ڕادەپەڕینی
کەڵەباب ئەگەر سووری ساحێبەکەت لێ بمری
دەستێباری شەوێدا کۆرپەم لێ هەڵدەستینی
کەڵەباب ئەگەر ڕەشی بگرنەوە قوڕو هەشی
ساحێبە ژن حیزەکەت بمری بە کۆخەڕەشی
لای لایە ڕۆڵە لایە وەرە ئامێزی دایە !
ڕەبی ناحەزت کوێرێ بۆ خاتری ئەو خودایە
لای لایە ڕۆڵە لای لایە
نازانم ئەوشەو بۆ خەوت نایە !•

## ٩٢ – هێ برام سەرێ من دێشی

هێ برام سەرێ من دێشی دەردێ لە دڕم گرانە
دەچمە سەر قەرەچوغی کاکە سەرێ وەختانە
بوارەکی زۆر خۆشە گیا وا لە چۆکانە
زەینێ خۆم بەردەداوە دەڕۆنمە ئەو گوندانە
تاقمەیێ کیژان هاتن هەر بەچەپرە کوتانە
دەچن لۆ کەنگرو تۆرکان هاتن لۆ خرەبەردانە
وەکی زەینم دەدانێ یارێ من لەگەردانە
گێژنەی نەورۆز پیرۆزبی لە هەموو کوڕو کچانە
چاوڕەش بینە ماچێ کەم دەبا بکەین گێژنانە
یارم لە داکی دابڕی لۆناو کەندو جۆمانە
بوارەکی زۆر خۆشە کردمان گەوز گەوزانە
دەستەکم لەملی دەکرد یەکیش لەسەر مەمکانە
بیستم بابی حەیرانێ ماری دەڕوا لێرانە
لە عالەمێ خۆشی‌یە لەمە دەست لێك بەردانە
لەپاش بارای ئەو کیژەی بمرم مارم وێرانە
دختۆران چارەم ناکەن نەخۆشم دەردم گرانە •

## ٩٣ – شەوێ

شەوێ شەوێ شەوێ مەمك هێلکەی کەوێ
قورینگە لەگەر ڕەوێ مامزی چاو لە خەوێ
لە برام خۆشتر دەوێ لە کێ دەنووی شەوێ
ئەمنیش دێمە ئەوێ فرێدە سوخمەو کەوێ
یارم وەفادارە دەیگۆ هێتیم وارە
هێدی دەستان بینە دوگمان بترازینە
شەمامان دەربینە هێدی مەیگۆوینە
لۆتوم هەرگرتینە هێشتا نەگەیینە
کاکە ئەوشۆ دەدزم سەر گورمەی دەگەزم
دزی شەوێ نیمە لە بانان بەزیمە
گەسیش نەدیتی‌مە پیرەژنەکی دیمە
ئەویش نەناسیمە •

## ٩٤ ــ هانای بەبەر خوای دەبەم

هانای بەبەر خوای دەبەم خالق بینای بەشیری
دونێم چاو بەیارێ کەت بە دەستو بە کەوگیری
گەردەن شووشەی گوراوی چاوت مێوژی ڕەشمیری
بە عالەمێ کرمانجی بەمن کیژە وەزیری
دەستتێ لێ هەرناگرم سەرم ببرن بە شیری
بینە سەری مەیدانێ بمکوژن بە سێ تیری

## ٩٥ ــ هانایێت بەبەر دەبەم

هانایێت بەبەر دەبەم دوەمین بەسەر تۆ خوایە
دوونێم چاو بەیاری کەوت هەوری لەسەری نایە
دەچوو لۆ سەر شایێ گێل گیلەی لەخۆ دایە
ناوی خۆتم پێ بڵێ ئیسمی شەریفت چی‌یە
ناوی خۆم بە کوڕەی نارێم بلبلەی شای پەری‌یە
بەژنو بارات چەند جوانە هیزارت لە سەری‌یە
قەدو قامەت شیرینە سەرپشتی خۆت بەستی‌یە
دیقەت لە شایێ دەدەم بەهیەم وا لە دەستی‌یە
گورینگی سوارو پیادەیە زولفی لەسەر مەمکی‌یە
هێنتیم دەوەرە ژوانێ درمەدە لە دری‌یە
دایکم چووە تازیمانەی بابم لە مارێ نی‌یە
ئەو ژەندەی پڕ لە بازن دەتنێم لەبن سەری‌یە
بە کراسی مەلەز کتان سەر مەمکی نەخشاندی‌یە
ئۆبار بەملی مامۆستای تەنك قیمەتت چی‌یە ؟ .

## ٩٦ ــ کاکە سەرێ من دێشی

کاکە سەرێ من دێشی دەردێ لە درێ من چی‌یە ؟
لۆ خاتری برادەران ئەو بەندەم هەربەستی‌یە
حەزم لە کیژەك دەکرد مار لە پەرگەی گوندی‌یە

پیرەژنەکی زۆر مەکرۆ وامزانی بە هەشتیە
بەینی ئەمنو یارێی کرد خودا لێی بێ ڕازیە
بەوێندەرێ ڕابوردم گازی منی کردیە
هەتیم وەرە مارێیە کەسمان لە مارێ نیە
چەندم یارێ دەگەوزاند پێناوم لێ گرتیە
لەگەنی ڕپ گەنم کرد لۆ سەر جۆنی ڕۆییە
هەر دەڕواو لەنجەی دەکا وەك کیژی دزەییە
جەڕەی هاوێشتە ملی هەسینەی لە دەستیە
ئەتوش وەرە ئاقاری ئەمنیش وا لە جۆتیە
پشتیەکی لۆ خۆت بکە لە کۆلکی خڕنووکیە .

## ٩٧ – ئایشۆکێ دێ بلاوەبی

ئایشۆکێ دێبلاوەبی دەستێمن باخلاتەبی
دابخیرا دایکاتەبی
چەندم گۆ مەچوۆ دارا دەتگاتێ لاوێ جارا
دەپسێنی باژنو گوارا
ئایشۆك لەبەر ماقوری تێوەردێخی کافوری
گەردەن وەکو بلووری
ئایشۆك هەستە بەیانە بەژنت شترە ڕەیحانە
مەمکوژە بەو چاوانە
ئایشۆکا ڕێیا بێرێ تەشی دارێ کنێرێ
کوڕ پێدەکا هاوێرێ
وایشۆکێ وەرە بچینە ڕێواسا وایشۆکێ لەبەر کچکێ برباسا
وایشۆکێ وان کچی سەرێ بەتاسا وایشۆکێ خۆ لمن نەما هەناسا
وایشۆکێ لەسەر کانیا هەودیانێ وایشۆکێ کەینێ بچینە زووانێ
وایشۆکێ زووانا چاوێن جوانێ وایشۆکێ خۆ لە ڕێدا کاروانێ
وایشۆکێ چەندم گۆ قەت وانەکە وایشۆکێ دلێت من لەخۆ نەکە
وایشۆکێ بەقسا ناحەزا نەکە وایشۆکێ منالان قەت سێوی نەکە
ئایشۆکێ کەس واناکا کەس مەمکان پاوان ناکا
کەس مێوانان دەرناکا ئایشۆکێ ئایشێ ئایشێ

ئایشۆکێ با بتبینم تیر لە بەژنت ڕامینم
سینگت دوگانی قەزازان با بە گوراوی بڕشێنم
مەمکت سێوی عینتابێ بە قەرەم ئەی نەخشێنم
لە تەیران ئەز تەیرۆکم لە باغان گور چیچلۆکم
توو سەری ئەز دەسرۆکم ئایشۆکێ ئایشێ ئایشێ
چەند بەردێ لەوان گۆران چەند کورکێ پشتێ پۆڕان
سەلام لە کەونە دۆستان ئایشۆکێ ئایشی ئایشێ
چەند بەردی لەوان بەستان چەند گۆستێ بەوان دەستان
سەلام لە کەونە دۆستان ئایشۆکێ ئایشێ ئایشێ
لە تەیران تەیری سپی‌مە بە چەنگ‌و باڵ فری‌مە
توو سەری ئەز هەوری‌مە ئایشۆکی ئایشێ ئایشێ
لە تەیران تەیری ڕەشم لە باغان گوری گەشم
توو ئاغای ئەز چاوەشم ئایشۆکی ئایشێ ئایشێ
لە تەیران ئەز هەڵۆمە بە چەنگ‌و باڵ ڕۆڕۆمە
وەز عەشقێ مەمکێ تۆمە ئایشۆکی ئایشێ ئایشێ
چەند بەردی لە نساران چەند کورکی پشتی کاران
سەلام لە دۆست‌و یاران ئایشۆکی ئایشێ ئایشێ

## ٩٨ ـ کاکە سەرێ من دێشی

کاکە سەرێ من دێشێ دەردێ لەدرم بەژانە
دەچمە قەسری عەتەولای سۆر بوون گورو ڕەیحانە
دەچمە گەزێ شاقازی ئەوبەر ئەوبەر پاوانە
کیژۆرەی سەرگەڕیان بەعام کۆریان لێدانە
کیژەکی زۆر جوانم دیت ئەوڕۆ لە دوای یارانە
گەلاوێژی خۆی دەکرد سوندێ دەخۆی دوکانە
لە سەروە وەك خەدەنگی لە بنەوە بنەوانە
سینگێ ئاقاری هەولێرێ لێم ڕاگرت خەت‌و بانە

## ٩٩ ـ کاکە سەرم چەند دێشی

کاکە سەرم چەند دێشی دەردێ لە درم کەسەرە
عەوێنەو عارەبستان هەردووک ئەوبەر ئەوبەرە
دوو کیژ لۆ سەرکانی دێن یەک بازەو یەک سەقەرە
تاقمەو لوولەو هەیتو هوت کەوتنە سەر گۆی کەمبەرە
ئەوڕۆ کۆچەکیان لێنا بەر لە مەرگەو پشدەرە
خۆزگە باجگری ماچانبام لە کانی حەمام جەلە
لە کیژۆرە گۆییان لەوانی تاس لەسەرە
گۆتمێ بینە ماچت کەم ماچت حەجو ئەکبەرە

## ١٠٠ ـ دەبچەمۆ بچەمۆ ( شایی دووپێی )

دەبچەمۆ بچەمۆ چەمێ حەساری
دەنێریان بخوڕن مەڕ بێتۆ خواری
جامی هەرگرتن لەبن ڕەشماری
وەدنۆ بەر بێری خاتونێو ساری
سەرێ هەرگۆردی بابکەین بە تووتن
یەک جارم ئاودا لێی شین بوو سوسن
سەرێ حەسەن بەگت بەفر گرتیتی
جوانیێ حەلیمێ فاتم بردیتی
جوانیێ فاتمێ ڕۆژ وا گرتیتی
دەبچەمۆ بچەمۆ چەمێ ڕواندزێ
کیژان خڕکەنۆ بچینۆ نێرگزێ
دەبچەمۆ بچەمۆ چەمێ هەولێرێ
کیژان خڕکەنۆ بچینۆ کنێرێ
دەبچەمۆ بچەمۆ چەمێ بەغدایێ
ذەمێ گوشتریە مەمک لیمۆیێ

## ١٠١ ـ کاکە سەرێ من دێشی

کاکە سەرێ من دێشی دەردێ لەدرم دەناری
کۆچو کۆچ باریان لێنا ئاوابوون لە تیماری
دەچمە سەر هەردوو کەڕکان دەڕۆنمە فاتمێ خارێ
چیغو ڕەشمارو چادر هەریان‌دا لە بناری
دوو کیژی گوارە زێڕین بەجووت حەوشیان دەماری
گۆتمێ ببینە ماچت‌کەم شازولفی هەردەماری
حەیفم لۆ کەندیناوەی چۆل بوو بەوێ بواری
دەغرو دانیان لۆ نەهات مەڕو بەرخیان بەردانێ
کۆچو کۆچ باریان لێنا بەر لە داری شەکرانێ
مەڕو بەرخ بەپێی خۆ بزن بەخۆو بەکاری
خۆزگە باجگری ماچان‌بام لەسەر بیرێ کەنداری
لە کیژۆرە دزەیی‌یان لەوانی دوگمەداری

## ١٠٢ ـ هێ برام سەرێ من دێشی

هێ‌برام سەرێ من دێشی دەردێ لەدرم چی دەکا
مەخمور شارەکی خۆشە لەمن برا دوو گەڕەکە
دەهاتەوە لە گیایان کەوێ‌یەکەی خامەکە
دەمەک چوومە میوانی زوو چایەم لۆ تێدەکا
زۆرمان کەیفو سەفاکرد لێمان بوە بوارەکە
هاتمەوە لەبۆ مارێ کوڕ تیلاکی خوار دەکا
خەریتەم لە پشتێ بەست تفەنگ لەلا ملەکا
بەژنێ باریکم دەدیت ڕاوەستایە لە دەرکە
سەلامەکم لۆ دەکرد بەدەست عیشارەی دەکا
بیستم بابێ حەیرانێ ماری لێرە بار دەکا
بیشەو کارم گریانە بڕوا ئێرە چۆل دەکا

## ١٠٣ ـ چەند خڕو چەند پڕی

چەند خڕو چەندە پڕی دەستی دایتە دەستڕی
هاتە دامەنی مەڕی
پێم گوت لە بۆ ماچەکی داو لە سمێرم دەپەڕی
باریکی کەرەگەتی چاوت ڕەشی پاکەتی
کیژێ ڕەویان دادەبەست دەچن لە بۆ هەرەتی
بەخۆم دەچمە ڕاوێ دەستم کردە وەسەتی
پێم گۆ لەبۆ ماچەکی هەتیم لێم بە هەنجەتی
بڕۆ ماچت نادەمێ لێ‌قەومای لێرە گەتی
تەنکی بڕۆ تەنکی سوخمە لەسەر مەمکێ
هێ کچێ بینە ماچت‌کەم کارمامزێ لە مرکێ

## ١٠٤ ـ لەڕێزێ

لەڕێزێ برێ لەڕێزێ خەزنەو تەرجان لەڕێزێ
گەوێی لەبەر یارێدا ساف لە قوتنی تەورێزێ
مەمکت پیارەی عەجەمێ لۆم هاتیە لە تەورێزێ
جاجێر لە قاوەخانان دادەنێن لەسەر مێزێ
ڕۆژێ جارەك نەتبینم دنیام لەبەر دەبێزێ
ڕۆژێ جارەك نەتبینم دنیام بە گشتی تارە
دەستی ڕاستێم لەملی کرد بۆن دەکەم خەت‌و خارە
دلدامریم لێ حەرام‌بی پاش دوو چاوی کارە

## ١٠٥ ـ هێ برا سەرێ من دێشی

هێ برام سەرێ من دێشی درم گرتیتی ژەنگە
بەخۆم دەچم لۆ ڕاوێ سبیانەکی درەنگە
لە مارێ بەڕێ کەتم بە ملم دادا تفەنگە
سبەینە ڕۆژ هەردەهات هێ برام داوێ گەزەنگە
سەرم بەگەری داگرت ڕاوەستابوو ئەو شەنگە
زەردو سوور تێکەراوە کەس نازانێ چی ڕەنگە
قەولم بە یارێ دەدا دانیشم لەسەر سەنگە
ماچی گەردەنێی خۆشن شەمامەی پڕ بە چەنگە

## ١٠٦ – هەی لاوۆ

موسر موسرە هەی لاوۆ من لاوۆ
موسرەم قەپانە هەی لاوۆ من لاوۆ
ئەولای موسرێم هەی لاوۆ من لاوۆ
بە دەغرو دانە هەی لاوۆ من لاوۆ
کیژ تێلەگیشمە هەی لاوۆ من لاوۆ
ترسێم دەرنەبا هەی لاوۆ من لاوۆ
ئەرکی گرانە هەی لاوۆ من لاوۆ

## ١٠٧ – برینە حاجی عەزیزی

برینە حاجی عەزیزی بێ بکاتە مەرو ماری
لەبەر چاوی هەیبەتێ دەستم ناگری گۆپاری
چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ هانیەت مانگی زراری
دونێی گۆشە کیشابوو لە هەورو لە ساماری
گەردەنت سوسنێی ساوا دەشتێ پیرە هەواری
هاتین بگەینە خۆشی بەسەرمان داهات تاری
بەرن بەبێ ئیمانی زمانیان گەڕێ بە لاری
جەرسەو هەربێ تیکەر بوون هەر بە زەبری دیناری
ئەنگۆرەو ئاگر باران شەوقی دا لە بناری
گۆتم بینە ماچتکەم بە عەمر چاردە ساری
بە تیرت بریندارم مەمکوژە بە یەکجاری
یارێ من کارمامزە لەشیوی گەرعە خواری
خەریتەم لەخۆ بەستا دەستمدا جامبیزاری
ئەو عەردە عەردی پانە کچ لێدەکەن گەمانە
یەکو ماچم دەوێتن قەردم لەسەر هەموانە
خۆمن عەبدی ئیوەنیم بەلاش نین ئەو بەندانە
سیلکو واوێ تیکەر بوون لەگەر کراسی کەتانە
لۆم بانگی کچان بکەن هەیدێ لە بیوەژنانە
بابکەین بەحسی ئیختیاران ڕەزایان زۆر گرانە
دونێ پاشی مەغریبێ تاریک گەتە عەردی‌یە

دەچمە کن حاجی تەهای ئەمنی دەعوەت کردی‌یە
ئەمنیان لەخەو هەستاند سبحەینێ بەیانی‌یە
چایەکیان لۆمن لینا دەرمانێ خۆ ڕەنگی‌یە
ئیستیکانی عەروسی بن پیارەی عەجەمی‌یە
دەبا مامز تێبکا لەبۆم بینی سەبری‌یە
بەدری بەغەمو تاری دەگەڕام لە گوندی‌یە
زستان بەتەڕو تووشی بوار بە هیشکەتی‌یە
پردێ شارەکی خۆشە ئەوبەر ئەوبەر دوکانە
سینگت زەوێ سەرگەڕان لێم ڕاگرت خەت و بانە
تەسبێحەکم وەردەگرت لەو خزمو برادەرانە
شایی‌یەکان دادەبەستا تۆزەك پێشی نیوڕانە
شایی‌یەکی گەلەك خۆشە قەومی سێ چار گوندانە
پیرێژن خڕبوونەوە هاتنەدەر لە مارانە
ئەو شاعیرە سەربەستە لەگێ هات بەو نیوڕانە

## ١٠٨ ـ کاکە سەرم چەند دێشی

کاکە سەرم چەند دێشی لەبۆ مارێ چاوڕەشێ
حەزم لە کیژەکی کرد خوایە بەمنی ببەخشێ
نەختێ کیژان گران بوو گیرایە بە قوڕو هەشێ
بەخۆم چوومە میوانێ دانیشتی‌یە لەبەر نەخشێ
دۆشەکەکی لۆ هێنام یارم لە بۆ کنم دەخشێ
ماچی گەردەنێی خۆشە بۆنی وەکی بنەوشێ
دنیاداریم حەرام کرد لەپاش دوو چاوی عەیشێ

## ١٠٩ ـ ٠٠٠ کەرەمکە ( دەستاڕ لێکردن )

سەعید کەرەمکە وێروەتر وەرە بێرێ سبیانێم شیرین لەبەرە
عەبای مەرەزەو قەیتانۆك زەرە
کەریم کەرەمکە وێروەتر وەرە بێرێ هێوارێم حەلیم لەبەرە
عەبای مەرەزەو قەیتانۆك زەرە
تەها کەرەمکە وێروەتر وەرە بێرێ سبیانێم خەجیج لەبەرە
عەبای مەرەزەو قەیتانۆك زەرە

## ١١٠ ـ شایێ گۆڕێ

شایێ گۆڕێ بەرماران ئەمن و یار دەبا بچینێ
چاوەش دەستم دامەنت لێبدە نزمی ڕۆینێ
بەخۆم دەرێم شایەرم دەستم کرد بە گۆتنێ
ئەگەر دەچیە شایێ مەڕۆ هەتا دەتبینم
دەچمە قۆچە مووسرێ جۆتە گوارەت لۆ دێنم
سنجاقی هەژدە ڕیشی لە کەزییت دەترازێنم
جۆت شەمامەی نارنجێ بە پەنجان دەگۆوێنم
ئەگەر دەچیە شایێ پرسەکی بەمن بکە
کەوایەکت لۆ بکڕم سەرتاپەی لە خامەکە
بە کراسی مەلەز کتان ڕۆژی جێژنەی لەبەرکە
وەکی دەچتە داوەتێ چەند شیرن هەردەپەڕی
دوگمەو سێ ڕیزە لولە سنجاق لەزیبەی دەرپەڕی
ژوانێ لەگەر یارێم گرت بێتە هەوێزێ مەڕی
وەکی دەچتە داوەتێ چەند شیرن خۆی دەبزێوی
دوگمەو سێ ڕیزە لولە سنجاق مەمکان دەتکێوی

## ١١١ ـ کاکە سەرێ من دێشی

کاکە سەرێ من دێشی دەردێ لە درم گەرداوە
دەچمە سەر قەرەچوغی زەینی خۆم بەردەداوە
دووربینمدا بەر چاوم دەڕۆنمە کەندێناوە
تاخمەیێ کیژان هاتن زەردو سۆر تێکەراوە
دەگرت ڕێی دارکەران لەسەر بالای سوراوە
لەسەر ڕێی دانیشتم دونێ وەختی ڕۆژاوا
هاتمەوە لە بۆ مارێ تیلاکم خوار لێناوە
پێم گوت لە بۆ ماچەکی دەیگۆ بەسەر ئەو چاوە
بەژنی دەرێی بەیداغە زولفی گیابەندو خاوە
لەسەر کانیێ هاتەوە دیتم ماندیم حەساوە
یارێ خۆم بە سینگیدا وەک پەمۆی پەرە کراوە

گەردەنی مەرجانو مۆری لە زولفانی ئاراوە
دەیگۆ لۆ چ دیارنی مێوانبە گوێڕە لاوە
حەفت شەوتان شوانی دەکەم نەختت بکەم تەواوە
حەفت شەوتیش بە جۆتیاری دەگێرم کەندێناوە
حەفت شەوتیش بە سەپانی لۆ نەختی بەرەك چاوە
خوایە بەیەکدی شادبین ببینە بووکو زاوا .

## ١١٢ ـ کاکە سەرێ من دێشی

کاکە سەرێ من دێشی دەردێ لەدرم دەناری
سەردەمەکی ڕاوچی بووم دەگەڕام لە بناری
تاژیو تولەم ڕست دەکرد دەستمدا جامبێزاری
دەچومە دەشتی قەراج گەڕام بە ڕاووشکاری
کارمامزەکم هەردەستاند تیم بەردا لە ئاقاری
هەریان دەگرت بە سەران لە کەندێ هەوشانداری
لە کەرکێ ئاوا دەبوون لۆ گاوەرەو کەنداری
دەچمە سەر حوستێنی غازی لۆ نەخۆشیو تاداری
قەراجی بەجێدێلم ئاوا بووم بە یەکجاری
دەچم لۆ کەندێناوەی ڕێم کەتە دێمەکاری
حەزم لە کیژەکی کرد چەند جوان حەوشەی دەماری
گەردەنی کێلەشینە شیرنە پێو خرخاری
گۆتمێ بینە ماچتکەم چاوڕەش چەندە منداری
حەز لێکردنی منو تو با نەبیتە خەمو تاری
ئەوسار سەرێ چەند سارە لێت گەڕام بە عەقداری
گەوارەکی دەهێنا بەفرو باران دەباری
بەخۆم دەچمە مێوانی یار لۆکنم ڕادەماری
بەخێربێی لەسەر چاوان سینگو مەمکی هەرماری
ئەو ڕوومەتی بەفرو خین بەلێویم وادەماری
گەردەنی چەندە زەردە مەمکی وەك پرتەقاری
بۆنی عەترو قەنەفران وەك لەومنتەی عەتاری
وەی بابە لەو زەینەتەی سەرخۆش بووم بە یەکجاری
سینگی لۆ کردمە دۆشەك زولفی ڕەشی وەك ماری

هەناسەمان تێکەڵ کرد گزەبایێ شەماڵی
خوایە مرازمان حاسڵبێ پێک شادبین بە حەڵاڵی
چاوڕەش دەتبەم‌و دەڕۆم بابیتە دوژمن کاری
ئەگەر ئەو کچەم نەدەنێ دەکوژم مام‌و خاڵی

## ١١٣ – کراسەکەی

کراسەکەی چیت غازی‌یە مەمکی وەک گەرازی‌یە
چاوکاڵ بەخوات سوند دەدەم پێم بڵێ کێت داخوازی‌یە
کراسەکەی چیتی مۆرە گەردەنی دەڕێی بلورە
چاوکاڵ بەخوات سوند دەدەم پێم بڵێ کێتان لە ژوورە
کراسەکەی چیتی ڕەشە بۆنی دەڕێی وەنەوشە
چاوکاڵ بەخوات سوند دەدەم پێم بڵێ کێتان لە حەوشە
کراسەکەی چیتی ئاڵە بۆنی دەڕێی هەڵاڵە
چاوکاڵ بەخوات سوند دەدەم پێم بڵێ کێتان لە ماڵە

## ١١٤ – ئەمان شیرنێ

ئەمان شیرنێ شیرنە سێوە کەپرت لێبکەم گەڵای مێوە
بەدکار هاتن کەپرم شێوە
ئەمان شیرنێ هۆ لەیلایێ کەپرت لێبکەم لە سەحرایێ
بەدکار هاتن کەپرم نایێ
ئەمان شیرنێ شەنگ‌و شۆخە کەپرت لێبکەم گەڵای خۆخە
بەدکار هاتن کەپرم ڕۆخا .

## ١١٥ – هەی هەمینێ

هەی هەمینێ هەمینێ بە محەمەدی مەدینێ
هەوڕۆ خۆشترە لە دوێنێ
هەرچی نێتە داوەتێ دەردی مفازێ گاتێ

ئەگ ئەمینم نەماوم یارێ تیرەك لێداوم
لە چۆیەی وەدەرداوم
بەوەڵڵاو بە بیلایە چۆنی دەرێم هەروایە
مەخسودم ئێ سۆتایە جۆخینم لەبەر بایە
بە ئەگیەو خانەقایە
ئەو دەرگەی بە قەمتەوە بەری لە ڕۆژئاوایە
دانیشتیە لەسەر کورسی نوختە نوختە دەنوسی
لەسەر بەستەم دەرناچی بەمن ماری سەختەچی
هاتە خوارێ لە لێژی دەرێی برنۆیێ درێژی
هەی گولە لە هەشت نێم بەشەو زبری پێ ڕێژی
هاتە خوارێ لەم دیوە برینم دیوەو دیوە
گولەی بەگوێ درێژان باری نۆ پوتو نیوە •

## ١١٦ ـ مەحبووبو مەحبوب ـ شایی دووپێیی

مەحبوبو مەحبوب مەحبوبە جوانێ بۆچی دەگرییێی مەکە دیلانێ
سینگەکەی زەردت مەدە کوتانێ
هەسپی مەحبوبێم هەسپەکی دینە دەبێ مەحبوبێم قوتنەکی شینە
سینگی مەحبوبێم حەوزەو کانینە سێ قوندم لێدان هێشتای تینیمە
هاوارم بردۆ لایێ بارەکا چیدیم پێ‌تاوێ چەکمەو کارەکا

## ١١٧ ـ حەلوا هاتیە

هەتلا هەتلا حەلوا باسن عەمرو چاوم ژنێ نەوسن
لە بەریان‌نا نیرو گاسن
حەلوا هاتیە لە هەولێرێ ژن دەربەڕین لەبەر پیرێ
لەبەریان‌نا ڕونێ چیرێ یاخوا مام بەقار بە خێربێ
حەلوا هاتیە لۆ بەحرکێ ژن هاتینە کۆسپی دەرکێ
حەلوا شیرنە چیکەین دایکێ
خۆزیا ئەورۆ مێردمان مردبا حەلوا فرۆشمان بکردبا
هەتا تێرمان حەلوا خواردبا

حەلوا ڕۆیی لێ شەوزاری ژنێ هاتینە بن دیواری
هەموان غاریاندا بەقاری لەبەریان نا ڕیسمێ جواری
حەلوا هاتە گێژنیکانێ ژنیان دەکەن جلیتانێ
دەبەریان نا ئێ هەمبانێ پێ دەدەن ڕونێ نیسانێ
بەقار ڕۆیی لێ کەرەکان گەورەو گچکە ڕو تێدەکەن
ژنیان بەقاران ڕووت دەکەن حەلوای دەکرن بە تەنەکان •

## ١١٨– دەی بێری – لەنیسمك درونەوە لە باڵەکایەتی دەگوترێ–

دەی بێری بێری بێریلێ بێرە بێریلەم دونە
بەردی سەر بێرێم لەناو بەیبونە
بەردی سەر بێرێم لە گورە ڕوونە
ڕێژی بە ڕێژی باخچەکم دەچاند لە بەشی ڕێژی
یارێی کچکۆکە خودای پارێزی
بێریێ لە بێرا ، هات لە بەرۆکی ، نزیك پاوانی
دونێ هێواریم ، دەزانی بوکێ ، مەلا ڕەحمانی
قۆدیو کلدانی ، لەسەر ڕانی ، بەسەت ججێلان ، بە مەکری نزانی
وا مەی هاتەوە لەگەر شوانی ، دەگرم شەمامەی ، تازە بیستانی
تو سەری بابت نەکەی دەنگانی
بێری بێریلێ ، بێرێ مامەشە کوڕ دەرێ : ئەمن ، شوانی حەبەشـە
دوو سەت ماشەڵلا ، لەو کیژە جوانەی بەختم زۆر ڕەشە

## ١١٩ – لە بانا لە باناى

لەبانا لەباناى بەشۆکە هۆ هۆ وەباناندا
هەوکێ بە کرمۆکە هۆ هۆ وەباناندا
لۆی کردم هەوڕۆکە هۆ هۆ وەباناندا
لەبانان مەبازە هۆ هۆ وەباناندا
بسکی سۆر مەرمزە هۆ هۆ وەباناندا
بەدرم لێگرد حەزە هۆ هۆ وەباناندا

لە باناى لەبرندى هۆ هۆ وەبانانداا
کیژێ میری گوندی هۆ هۆ وەبانانداا
چ تاری چ توندی هۆ هۆ وەبانانداا
چ خراپیت بەمن دی هۆ هۆ وەبانانداا
لەلێری بە مازی هۆ هۆ وەبانانداا
چ بکەم در ناخوازی هۆ هۆ وەبانانداا
لەگەر ئامیر قازی هۆ هۆ وەبانانداا
دەمکرد ڕاوێ بازی هۆ هۆ وەبانانداا
لەسەر لێرە بۆشی هۆ هۆ وەبانانداا
پێریا بزنا ڕۆشی هۆ هۆ وەبانانداا
سەر مەمکان دەفرۆشی هۆ هۆ وەبانانداا
لەسەر لێرەواری هۆ هۆ وەبانانداا
بازن لەگەر گواری هۆ هۆ وەبانانداا
حەزم کرد لە چاوی هۆ هۆ وەبانانداا
نەوێرم برێم ناوی هۆ هۆ وەبانانداا
لەبەر دایکۆرەو باوی هۆ هۆ وەبانانداا
سێبەندێ لە کراوی هۆ هۆ وەبانانداا
لە بانان لەبانان هەی وەبانانداا
لە بانەی لە یەکان هەی وەبانانداا
ئەمڕۆم حەز لە یەکان هەی وەبانانداا
کچۆڵەی مەنتان هەی وەبانانداا
دراو لەسەر مەمکان هەی وەبانانداا
لە بانان لە بانان هەی وەبانانداا
لەبانەی لە دوان هەی وەبانانداا
ئەمڕۆم حەز لە دوان هەی وەبانانداا
کچۆڵەی دەجوان هەی وەبانانداا
دراو لەسەر ڕووان هەی وەبانانداا
لە بانان لەبانان هەی وەبانانداا
لە بانەی لە سێیان هەی وەبانانداا
ئەمڕۆم حەز لە سێیان هەی وەبانانداا
کچۆڵەی فەقێیان هەی وەبانانداا
دراو لەسەر بڕیان هەی وەبانانداا
لە بانان لە بانان هەی وەبانانداا
لە بانەی لە چواران هەی وەبانانداا

ئەمڕۆم حەز لە چواران هەی وەبانانداا
کچۆڵەی شوانکاران هەی وەبانانداا
دراو لەسەر گواران هەی وەبانانداا
لە بانان لە بانان هەی وەبانانداا
لە بانەی لە پێنجان هەی وەبانانداا
ئەمڕۆم حەز لە پێنجان هەی وەبانانداا
کچۆڵەی کرمانجان هەی وەبانانداا
دراو لەسەر پەنجان هەی وەبانانداا

## ١٣٠ — یەکەك دێ لۆ پەرێزێ

یەکەك دێ لۆ پەرێزێ نانو دۆی لە هەمبێزێ
مەمکی پیارەی تەورێزێ دامنابوو لەسەر مێزێ
ڕۆژێ جارەك نەیبینم دنیام لەبەر دەبێزێ
یەکەك وادێ لە ماران نانی دەبێنی لۆ پاران
بریقو هۆڕێ گواران شیرین هەردەگری سواران
ئۆم دێتە جێگەی جاران
یەکەك وادێ بە شلو ملی کونداوەك لەسەر ملی
چاوێ ڕەش کانێ کلی ئۆبارێ منت لە ملی

## ١٣١ — فاتمێ زاڵمێ

فاتمێ زاڵمێ دەبا کیستان ئاوابی
فاتمێ زاڵمێ چەندە بە بەفرو بابی
فاتمێ زاڵمێ شەمامەی لێ زەرد نابی
فاتمێ زاڵمێ چەندم گۆ کیستان کیستان
فاتمێ زاڵمێ مەمك سێوی هیندستان
فاتمێ زاڵمێ لە خڕیان ناچنە دەستاند
فاتمێ زاڵمێ چەند بەراوێنێ کۆیان
فاتمێ زاڵمێ چەند جۆتی هەولێریان
فاتمێ زاڵمێ چەند مەڕی خەیلانیان
فاتمێ زاڵمێ چەند قەسری موسڕیان
فاتمێ زاڵمێ ئاکا نەختی کەزیان .

## ١٢٢ – کیژان دەچنە مێرگوڵان

کیژان دەچنە مێرگوڵان بەعام دەچنن ڕحانە
ئارەق لە هەنیەی دەتکێ تەڕبون مۆری و مەرجانە
گۆتمێ بینە ڕاتموسم سبەی دەست لێك بەردانە
کیژان دەچنە مێرگوڵان بەعام دەچنن سوسنە
ئارەق لە هەنیەی دەتکێ تەڕبون مۆری و بازنە
ئەگەر ڕۆژێ نەتبینم لەلای من وەك مردنە
کیژان دەچنە مێرگوڵان بەعام دەچنن بەیبونە
ئارەق لە هەنیەی دەتکێ تەڕبون مۆری و ئاڵتونە
گۆتمێ بینە ڕات موسم دلەکەم بۆ تۆ زەبونە

## ١٢٣ – هەزار جۆتە

هەزار جۆتە بەکەبەرە ئەحمەد خەزار قەلەندەرە
لێیان دەدا دوو خەنجەرە
هۆی لەبەر ئەحمەد خەزارێ فەقیر کوژرا بەوێ سارێ
عالەموڵلا تێی وەردارێ هەریگرن بیبەن لۆ مارێ
ژنی بۆتان گۆ عەلیە خیرەت لەبۆ توو قەت نییە
ئەحمەد خەزاریان کوشتییە مەڕیان بە تاران بردییە
بزانین عەلی چی کردییە پشت و پشدینی بەستییە
خەنجەرێ لەبەر ڕاکردییە کە سوار دەبوو لە نزدییە
بیست و پێنج کەسی کوشتییە تارانی خۆی وەرگرتییە
بزانین عەلی چی کردییە عەلی لۆ مارێ هاتییە
لە شەبەکەك ڕاست هاتییە دەیگۆ شەبەك بارت چییە ؟
بارێ من هەمووی مازییە کرێ بارێ شاجوڕندییە
سمێرێ شەبەکی بڕییە بیست و پێنج هێستری بردییە
شەبەك لەوێ هەراتییە دەخیلی بە موسرێ کردییە
چیرۆکەکی ڕاهێشتییە عەلی ئەمنی ڕووت کردییە
بیست و پێنج هێستری بردییە بەخوای مەعلوم هەر عەلییە
کارك پێتاو ئاگرەییە شەروار شینی دزەییە
سەتتە زەردی هەولێرییە تەعەب توندی خۆشناوییە
بە خودای مەعلوم هەر عەلییە .

## ١٢٤ ـ لۆت نمایمە

لۆت نمایمەو نەمێنم لۆت نمایمە چەند جوانی
دایکە کەت کەعێلەیە بابت نەوەی هەدوانی
گۆتم بینە ماچت کەم لەنەوەی کەعێلانی
عەیشۆکو فاتەۆك یارن پێم گۆت دەچنە کێندەرێ
لۆم برێنە دایکی یارێ ئەسمەر بێنە قەمتەرێ
ئەگەر خودا نەمکوژێ لەو بەندەی دێمە دەرێ

## ١٢٥ ـ کەنەێ بەرماران

کەندێ بەرماران چەندە بە ئاوە دوو دار هەر چووینە کەرخەبەراوە
پێدا هەرچووینە شترە لاولاوە دەچمە کن مەلای نوشتەم شۆراوە
کەندێ بەرماران بە گورە هێرۆیە مەمکی کیژۆران زەردە لیمۆیە
بنیان بە خارە سەریان بە گۆیە ژووانی کیژۆران بە گفتوگۆیە
قسەی بێوەژنان هەمووی درۆیە
ڕەژی بەرماران دەورەی حەسارە مەمکی کیژۆران گورە هەنارە
بنیان بە نەخشە سەریان بەخارە قیمەتێ مەمکان هەزار ڕیارە
دەستیان مەدەنێ عالەم دیارە ئاغەی ئەو گوندەی بۆمن غەدارە
کەندێ بەرماران بە شترە سێوە کیژەی هەردەگرم دەڕۆم بەڕێوە
کیژە مندار بوو حاری پەشێوە ٠

## ١٢٦ ـ هەی نابی چاوڕەش نابی

هەی نابی چاوڕەش نابی دەستم لە مەمکان دابی
سینگت قاچاغێ کوڕان لە بۆ من تەبەڕابی
داکی گەلەك عینادە بابی لێم قایل نابی
لەپاش بارای چاوڕەشێ دەبا دنیام لێ ڕابی
لە مارێ دێتە دەرێ عەبای لەسەر ملیتی
جلکی کوردی لەبەر کرد کراسی یەك بە بەژنیتی

## ١٢٧ – گردی گرد مەلای

گردی گردمەلای بەبنە هەنجیرە عەلی گاز دەکا هێ برام سابیرە
وەرن دانیشین بابکەین تەگبیرە تالعی منو توو شێخ مەحمود گیرا
چەندم گۆ عەلی وەنییە وەمەکە لەسەر مەزرایێ جەردەیێ مەکە
لەبنەی هەولێرێ قافلەی ڕووت مەکە
دەبرۆ لۆ قشرەی قشرەی کون کون بکە
دەبۆی فیشەکان خێ بەتار بکە لە بۆ دزەییان ناوەك دەربکە
حاکم مەفرەزەت لە دوو سواردەکا مەلیك منداڕەو ئیعدامت دەکا
گردی گرد مەلای کاولێ خۆشاوێ سەرم برند کرد لۆ دەرماناوێ
یارم مامزە لە زار دەراوێ بارێ من بۆڕە دەیگرم بەداوێ

## ١٢٨ – داکی شێخی

داکی شێخی دەچووە دارە داری دەبڕی بۆ شەوارە
بار تەواو بوو گوریس مارە
مارێك واهات ڕەشی تاری کلکی گرتبوو لەناو زاری
شێخ ژن باشم بۆ بنباری
مارێك واهات زەردی جەنگی کلکی گرتبوو لەناو چەنگی
شێخ ژن باشم لە بۆ تەنگی
لە غەیبێوە بانگیان دەکر لەبەر تۆمە ئەی گوڵخاتر
خۆفێ مەکە بەگیانو در شێرێك واهات شێرەو بیگر
باری لێنێ وەکو هێستر
گوێی شێر بگرەو ڕای بکێشە باری بکە وەك مەیشە
عەبدولقادر بوو بە سەردار لە گەیلانیان دەبووە هاوار
لە چاو گوران تۆ گورە لۆرکی هەر نی تۆ دەبم بە مرکی
باوەڕ مەکە بە قسەی خەرکی
ئەو هەتیمە شڕو شەیتان بە گومبەتێ ئۆمەرمەندان
نانێم مەیلی کوڕە شوان
گەنم گوری کرد جۆ دروانەوە قەولی منو توو هەر نەبڕانەوە

## ١٢٩ – گەنم دەکوتین

گەنم دەکوتین تەپو تۆزە بۆ ساواری ئەو نەورۆزە
دەڵێدەن یاڵلا یا ئەڵلا یاڵلا یا ئەڵلا
کونگی دەگرم بە دەستەوە دەرگەی گۆشان بیەستنەوە
یاڵلا لێدەن نیوە شەوە یاڵلا ئەڵلا
ساوار ساواری پایزێ لێیدەن هەتاکو دەڕزێ
لە دران دەکا کزەکزێ یاڵلا یا ئەڵلا
ساوار لە گونیەو جۆمانە ساوار ساواری خۆمانە
خواردنی مێردو عەگیدانە یاڵلا یا ئەڵلا
دەنگ هەردەینم بە سەرماران لەگەر گەلێ دۆستو یاران
ساوار دەکوتین وەکو ساران یاڵلا یا ئەڵلا
ئانوین ئەوشۆ ساوار کوتینە مل ملانێو یەك بەزینە
هۆ کچینە هۆ کورینە یاڵلا یا ئەڵلا
دەوجا لێدەن دوایی‌یە منداران دایی دایی‌یە
داکێ ئاگای لە کوری نی‌یە لانك بوینە خۆڕایی‌یە
دەڵێدە بیکوتە بیکەکا بیدەبا یاڵلا
تۆزێ بانان با دەبا زیخێ چۆمان ئاو دەبا
ڕەنگێ لە ڕووان یار دەبا
چەند کافرن وەرناگرن لایان وایە قەت نامرن
هەر حەستێ خۆ ڕادەگرن مەرەقی چایەو شەکرن

## ١٣٠ – لەو کلکەی زوورگەی

لەو کلکە زوورگەی هەولێر بەئاوە ئەوا پێی دادی دوو کۆتری ساوە
یەکەکیان یارەو یەکیان پێناوە
دەڕۆمو ناڕۆم ڕێکەم هەورازە بێنە ماچێتکەم سەت جار ئامۆژا
دەبرێ بە خێرچی گەردەنت ئازا
جێبەك هاتیە جێبی ئەهلیە لێی دادەبەزی خەڵکی گوندی‌یە
چاوم کۆرەبی یار لەگەر نی‌یە
ڕێیەکەی بێری بەبنە لیمۆیە ئەوا پێی دادی چاکەت مەنتۆیە
یاری بێوەفا قەولی درۆیـە

## ١٣١ - لەولادێ خانومانی

لەولادێ خانومانی بەسەرکەت لۆسەر بانی
کلو کلدانی هینا دەستی برد لۆ گیرفانی
کلو کلدانو ئەینۆك شیرین داینا سەر ڕانی
ئەو چاوی ڕەشو بەرەك تێی کرد کلو دەرمانی
ئارەقەی گەردەنی یارێ هەروەك ئاوی کەوسەرێ
مەمکت گومبەتی مەککەی حەجاجی دێنە سەرێ
بەخۆم تەوافم دەکرد لە درم نەما کەسەرێ

## ١٣٢ - نازدار شلومل

نازدار شلومل کیژە گەردی‌یە چەند جوانی لێدێ لفکەی هەوری‌یە
نازدار شلومل کیژە برباسە چەند جوانی لێدێ گوارەو قۆپناسە
نازدار شلومل کیژە دزەیی‌یە چەند جوانی لێدێ مۆری‌و دەرزی‌یە
نازدار شلومل کیژە شوانە چەند جوانی لێدێ مۆری‌و مەرجانە
نازدار شلومل کیژە شێخانە چەند جوانی لێدێ ئەو بازنە جوانە
نازدار شلومل کیژە سیانە سنجاق لە زیێ لەسەر مەمکانە
مەمکی چەند خرە دەرێی فنجانە چاوی چەند ڕەشە بە کلو دەرمانە
ڕومەتی سۆرەگوری باغانە تاسو گیلگیلەی لەملان گرانە
داکی حدودە بەخۆی چەند جوانە تۆزێك بێ ڕەنگە ئەرکی گرانە
خەمی لە دری وی کورە حەیرانە ٠
نازدار شلومل فەقێ مەرکی‌یە سنجاقی لە زیێ ساف لە زێڕیە
گەوێی ئاتایە چارۆگ سپی‌یە من ماچی دەکەم لە ڕکی خەرکی‌یە
نازدار شلومل شەو دێمەبارت گەردەن برندکە بژمێرم خارت
خارێ گەردەنێ سەتو بیستو دوو ئێرو دیبەگە جانەو تیکالۆ
هیچ خارم نەدیت وێنەی خاری تۆ
هیـچ لەنجەم نەدیـت وێنـەی لەنجەی تۆ
بە لەنجەی شیرین مەمکە ڕەنجەرۆ ئەحمەد پاشانیم مار لە قورەگۆ
برایم بایز نیم ساحیب خەزنەی تۆ
کوڕێ قورشید نیم ڕات کێشم لۆ خۆ
ڕات کێشم لۆخۆ هەر بەیەکجاری چاوکار مامزی لەناو ئاقاری

## ١٣٣ – ئەمن و عەلی برا بووین

ئەمن و عەلی برابووین لە ورکەی بەردەشانی
وەختێ دێی لۆ داوەتێ دەرێی گوری باغانی
بە قۆنەدەی فەرەنسی ئەزیەتدا پەنجەو پانی
حۆری لە بەهەشت زۆرن ئەتو یەکەك لەوانی
بە قوربانی یادم بێ چەند پیرۆزی زەمانی
جەرگێو دڵم لۆی سوتا ئیللا خودا دەزانی
قەتاری کیژان لێنا ئەوڕۆ لەکەر بەیانی
دەستیان کردە مەنجەرێ دەگرن دەراوو کانی
یار بێتەوە لە گۆرێ بەخۆم دەبمە مێوانی
جێی لەبۆ ڕایەخستم ڕانم دانا سەر ڕانی
دەستێ ڕاستێم لەملی کرد پەنجەم برد لۆ مەمکانی
بەدکار زۆرن لە گوندی سەریان کێشا لە خانی
یاخوا بەدکار گۆرەبێ بمرن بەبێ ئیمانی
زۆریان جەفای مەدایە قەدری عافیەت بزانی

## ١٣٤ – مەڕێ بابت هەژارە

مەڕێ بابت هەژارە بردمە وراتێ ژەنگارە
دام بە جۆتەك گوارە لەبۆ بەژنێ نازدارە
مەڕێ بابت تەوکۆکە بردمە وراتێ کەرکوکە
دام بەخەنەو نەینۆکە لەبۆ بەژنێ فاتمۆکە
هەمووم‌دا بە ئەلبیسە لەبۆ بەژنێ بەلقیسە

## ١٣٥ – دەوەرن وەرن

دەوەرن وەرن بچینە قەسەرێ ، قەسەری بکەین بە باری کەرێ
بەینەك دانیشین لەبەر سێبەرێ
دەوەرن وەرن بچینە داران ، داران بهێنین بە پشتی باران
شایێ دابەستین لە دووری ماران

دەوەرن وەرن بچینە پێکۆزە لەناو جاحێران هەر یارم قۆزە
هەوری سرکەیی لە ملان ئارۆزە نەوێرام لێیبکەم جەژنە پیرۆزە
دەوەرن وەرن بابچینە پوشێ ، بارەکی بکەین لۆ ماینێ بوکێ
بە تەوشوم دەکرد چاترەو پەرۆشێ .

## ١٣٦ – گەلیێ شێتنێیم

گەلیێ شێتنێیم بە ئاوە دوو کچك ڕاوەستاوە
هەرچەند تەماشای دەکەم ئاقری گەلەك تەواوە
مەرحەبایەکم لێ کرد بەناز ئاوڕێکی داوە
بەژنی چەندە برندە دەرێی دارێ بناوە
دەستم هاوێتە ملی هەروەکو بوکو زاوا
گەلیێ شێتنێ بەداره دوو کچك دێنە خوارە
یەك دۆستەو ئێدی یارە کچێ بینە ماچتکەم
بێ توو ناگرم قەرارە هەر چەند تەماشای دەکەم
جوانەو گەلەك نازدارە
گەلیێ شێتنێیم بە بەردە شەمامی باغەرێت زەردە
یارێ جوابی بۆم دەنارد توخوا بەرۆکم بەردە
کچێ ئاگرم تێبەربوو گەردەنت گەلە زەردە

## ١٣٧ – لۆت دەکەم مەحتێ یارێ

لۆت دەکەم مەحتێ یارێ لۆت دەکەم مەحتێ یارێ
ئەوڕۆکە تەواو نابی سبەی هەتا ئێوارێ
وەك مەلای دوازدە عیلم بە ئەلفان چومە خوارێ
خارێ گەردەنت هوردن دەستم کرد بە هەژمارێ
چیغو ڕەشمارو چادر هەتا دەرکەی بوارێ
قیڕەی دوو قورینگان دێ لەدەو چۆمی زێبارێ
دەستم دەدا تفەنگێ لۆ قورینگێ چووە خوارێ
نیشانەی خۆم لێ دا گرت دەمدا لە گێ‌و گوارێ
یار دەستیدا مەنجەرێ چوو لۆ کۆرو قەسارێ
قورپێ مەنجەرێی شینە لەگەر گێ‌و گوارێ

یار لە گومان دانانێ چوو لۆ کەندی زێباری
ئەشقی کیژێ لێی دامە پاییز هەتا بواری
ئەو بەمن دەڵێ لاوە من بەوی درێم یاری

لۆت دەکەم مەحتی یاری لۆت دەکەم مەحتی یاری
ئەوڕۆ قەت تەواو نابێ سبەی هەتا ئێواری
دوێنێم چاو بە یاری کەوت لەبرندان هاتە خواری
زولفەکی خۆی لوول دەدا لەبەر کەیفو قوماری
ڕوومەتی ئاڵا ڕەنگە لەبەر ڕەنگی گواری
مەمکی سێوی فەریکە نەکرایتەوە لە داری
سینگت تەختی شا عەباس مەمکت گومگومەی زێری
حەسودی بە گولەی نابەم بیتە حاکمی گوێری
دری لە گولەکەی ساردە چاو لە منو تو دەگێڕی
تەماشای بارام کرد بوو بە چاوی مار کرینێ
خەدەنگەکی لە دری دام لەوێ کەتم لە نوینێ
نەخۆشەکی بێهۆشم مردنم پترە لە ژینێ
لۆم گازی یارێ خۆکەن بابگێڕی گەرمەشینێ
لۆم گازی برادەران کەن دەمەکم بێنە سەربینێ
لۆم گازی سووکەژنان کەن لەبەر ڕەفتو ڕۆیینێ
لۆم گازی مامۆستای کەن بابخوێنێ یاسینێ
خانزادەکم چاو پێکەت دولبەری شیرین کەلام
قسەکت عەرز دەکەم بەخۆم دەبم بەخورام
زاری بەرێت باقی بی تۆم سەرپشکی موکریان
لە عاستە من کافری هیچ نەتدیوە موسرمان
وەك لە ڕێیت دەگەمێ دەرۆی دنیات نەدیوە
جێی کیژو کوڕان دیاربێ بن دیوانەو پەسیوە
نەعیبێنی سینگتو مەمکی سووسنی ساوا خەملیوە
کەس نییە خێرەکمان پێ بکا برێن شایەر هەتیوە
من هەتیوم زۆر فەقیر فەقیریش هەروا دەبێ
وەزیر واهاتنە ڕاپێ لەسەر بانی سەراییێ
چەند شەوی دەچمە گنی هەتا ڕۆژێم خەو نایێ
لەبەر فکرو خەیاڵان لۆی دێتە دەرهەناوە
دەرێم بۆنی بوخور دێ پری کردیە ئەو ناوە
لەزووری شارەبەگیان بۆنی دەبوو براوە

ئەعبێنێ سینگت‌و مەمکی میسالی سووسنی ساوا
دەستم لەبۆ درێژ کرد پەنجەم گەیی‌یە مەمکی
ڕاموسان لە کوێ خۆشن لەناو چیغ‌و ڕەشماری
یار دەستی‌دا مەنجەڕێ دەچێتە گۆڕو قەساری
گۆڕێ ناکا لە گۆمان دەچێتە شەتی زێباری
کاکە تفەنگم لۆ بینن لۆ قورینگان دەچمە خواری
دانیشتمە بەر تفەنگی فرمێسکم هاتنە خواری
وەک جۆگەلەی لە ئاوان وەکو شەت‌و ڕووباری
دیتمەوە برێ دیتمەوە مەحتی یارێم دیتەوە
گەردەنێ مایینی گەحێلە خەناوکەم لێ کردەوە
چاوت کانییێ بن بەردی ئاوم لێ دەخواردەوە

★ لۆت دەکەم مەحتی یارێ لۆت دەکەم مەحتی یارێ
ئەورۆ قەت تەواو نابێ سبەی هەتا ئێوارێ
دونێم چاو بە یارێ کەت وەختی بانگی هێوارێ
قوربێ مەنجەڕێ گرانە لەسەر گێ‌و گوارێ
بەژنی چەند برندە لێی دەبەستی گێلدارێ
تۆق‌و تەلەسم‌و بەربەن بەسەردا هاتنە خوارێ
مەمکی شەمامەی حەفت ڕەنگ شیرنە وەکی هەنارێ
لۆت دەکەم مەحتی یارێ لۆت دەکەم مەحتی یارێ
ئەورۆکە تەواو نابێ سبەی هەتا ئێوارێ
خارێ گەردەنێی هوردن دەستم کرد بە ئەژمارێ
وەکی دێ لۆ داوەتێ بەعام تێی بفکرن
مەحت‌و سەنایێ یارێ بزانن کیهان چێترن
جۆت شەمامەی سەر سینگی هەر وەک کەللەی شەکرن
چەند جاعێری لە دێدا بە عەزرەت بوون بیگرن
قەت یەک دەستی ناگاتێ لە عەزمەتان دەمرن
تەواو نابێ قیمەتی بینن خەزنەی خونکاری
لێوو زار کەللەی شەکر لە بنی دایە مرواری
چاو ئەستێرەی بە کلک هەردێ لە لای حەفشاری
هەنیت مانگی لە چاردەی هەردێ بە شەوێ تاری
شەوقی وەکی شەوچراغ هەردێ بە شەوێ تاری
ئەو ڕوویەری وەرگێرە ڕوو بەرەی دیم پێ برێ
یار لە بژجان بەسەرکەت لە خۆی دەدا بەربەنێ
چەند جاعێری لە دێدا سەر بەخۆی ڕادەقەنێ

## ۱۳۸ – لە سەفینی هاتنە خوار

لە سەفینی هاتنە خوار هاتن لە بۆ هەولێرێ
بە لەنجەکی چەند شیرین یارم وادێ لۆ بێرێ
لەوێ بێریان دادەنا لەناو مێرگ‌و کنێرێ
دەرگاکەی ماریان بەر لە شەماری
چارۆکێ کەسك‌و سۆر عەردی دەماری
زێدە لە هەموان غەم لە درم باری
بێنەو ماچت‌کەم دەچم لۆ شاری
نەیێنۆك‌و گلدان خڕخار بە دیاری
یارم ڕاوەستا لەبن دیواری
بێنەو ماچت‌کەم ئەگەر تۆو یاری
بە چارۆکەی زەرد هات لۆ ئاقاری
کۆڕی دامەزراند لەدەو ڕووباری
بارێزم لێستاند هەر وەك غەزاری
لۆی چوومە خوارێ لۆ بن کەنداری
دەستم لەملی کرد لە گیای بوهاری
لێو لە گەردەنێ ماچ‌کەم بە زاری

## ۱۳۹ – لێ شەمێ لێ شەملانێ

لێ شەمێ لێ شەملانێ هەیلا مالت وێرانێ
لێ شەمێ لێ شەملانێ هەیلا لێ لێ شەملانێ
تو ب دەردێ من دزانێ هەیلا لێ لێ شەملانێ
لێ شەمێ تە شەربەتی هەیلا لێ لێ شەملانێ
ڕابە بچینە داوەتێ هەیلا لێ لێ شەملانێ
کەۆچکا ل دارا کەتێ هەیلا لێ لێ شەملانێ
سەبرا من ب ناقێتە تێ هەیلا لێ لێ شەملانێ
لێ شەمێ تە زەرێ هەیلا لێ لێ شەملانێ
عەشقا دلێ من کەتیێ هەیلا لێ لێ شەملانێ
هێلینا چووك‌و مووکە هەیلا لێ لێ شەملانێ
یار قیژ بووی ئەڤ سال بووکە هەیلا لێ لێ شەملانێ

## ١٤٠ – جەلابسان

جەلابان‌و جەلابان لێ لێ دینێ دینا من
جەلابان‌و جەلابان بوکا ل مالێ بابێ من
هات جەلابێ میهیان لێ لێ دینێ دینا من
هات جەلابێ میهیان بوکا ل مالێ بابێ من
من چەراند ل بەر کەویا لێ لێ دینێ دینا من
سەر خاترا وان زەریان بوکا ل مالێ بابێ من
هات جەلابێ بزنان بوکا ل مالێ بابێ من
سەر خاترا دەست بازنان بوکا ل مالێ بابێ من
هات جەلابێ کاوڕان لێ لێ دینێ دینا من
بێت جەلابێ کاوڕان بوکا ل مالێ بابێ من
من چەران ل گرکان لێ لێ دینێ دینا من
سەر خاترا مەمك خڕان بوکا ل مالێ بابێ من

## ١٤١ – قاسپە قاسپی کەو

قاسپە قاسپی کەو دێ کەو لە بناری گردی
کەوو کەوباپ دەخوێنێ لەنێو ئیزاعەی کوردی
کەوێ لە چیای دەربەندی ، گور بووی لەباغم‌چاندی
لەبەر چاوم زۆر ڕەندی
ئاگردت لەدن بەرداوە گەورە کچێ دەورەمەندی
کەوێ لە چیای زیارەتی چەند جوان‌و بە شەوکەتی
سەری خڕان دەفرۆشم تەواو نابی قیمەتی
وەك بەختەکەی من ڕەشە خارەکەی سەر ڕوومەتی
کەوێ لە مامسۆیلاسی چاك دەخونی‌و دەکاسی
تۆزی ڕەزی خارەباسی
گۆبەرەکی لێ دەگرم بەرکە جار جار دەمناسی
چەندی بەمن چەندی شەکرو نەبات‌و قەندی
تاوی تانیێ دەربەندی گوربووی لە باغم چاندی
دەهەستە بزانم چەندی

## ١٤٢ – كاكه سه‌رم چه‌ند دێشێ

كاكه سه‌رم چه‌ند دێشێ ده‌ردێ له درم به‌بڕینه
چومه ماڵێ ئه‌یلایێ ده‌رکه‌یان به په‌رگینه
سه‌رم به زۆرێ داگرت داڵو کیژ دانیشتینه
ئاوێنه‌کیان دانا بوو زولفی به‌شه‌ی دادینا
سه‌لامه‌کم لێ ده‌کرد لۆم هات به پێکه‌نینه
ده‌ستمان له ملی یه‌کدی کرد ده‌مه‌ك له‌وێ نوستینه
داکی ده‌بوه نۆبه‌تدار لێن ده‌کا باوه‌شینه
پیره‌ژنه‌کی زۆر عه‌کاك ده‌یگۆ ئه‌وانه‌کینه
سه‌پانو تیله‌گکێشن لێیان گه‌ڕێ ماندینه
ئه‌و پیرێژنێ سه‌گانی هات ئه‌مه‌ی وه‌ئاگا هینا
هاتین بگه‌ینه خۆشیێ خودا نه‌گبه‌تی هینا .

## ١٤٣ – هه‌ی ڕه‌وه‌ندی

هه‌ی ڕه‌وه‌ندی یارێ من ڕه‌وه‌ندی‌یه
لۆیێ ڕوتو ڕه‌جالم چبکه‌م چ مارم نی‌یه
پێنج سه‌ت دینارم هه‌بوو برنۆیه‌کم کری‌یه
تاقه برایه‌کم هه‌بوو بردیان لۆ عه‌سکه‌ری‌یه
ماره‌که‌م بێ کابانه ئه‌وسار ژنم مردی‌یه
ده‌ستم دایته که‌شکۆری ده‌چم لۆ ناو خێری‌یه
ڕفتو باره‌کم بکه‌ن هه‌ر مارو مه‌جیدی‌یه .

## ١٤٤ – ده‌ڕاوه‌سته ڕاوه‌سته

ده‌ڕاوه‌سته ڕاوه‌سته چه‌ند شیرن ته‌شێ بادا
ده‌یدا له شلکه‌ی ڕانی به‌سه‌رێ په‌نجان لاده
پێش ماڵێ کیژه جوانێ له من بوینه به جاده
لێم بوینه قیبله‌نامه وه‌خته لۆی بینم شاده
ده‌ڕاوه‌سته ڕاوه‌سته تێر له بارات ڕامینم
دنیا مه‌رگه‌و مردنه نه‌گو بمرم نه‌تبینم

دەچمە شاریٚ هەمەدان دوو پۆشیانت لێ دەینم
عەیشێ خەجیج‌و ئەسمەر پێم‌گۆ لە کێ دەچنە کێ
زەردەکەنیەکیان هاتێ دینەوە لە گەرەکێ
چاو کارمازێ کوڕەکە لە بستێ خوار خەندەکێ
لەگەر چەند برادەران لێی دەچومە ڕاوەکێ
دەگەر تەقەی تفەنگێ هێندی دامبڕی لە داکێ
عەیشێ‌و خەجیج‌و ئەسمەر پێم‌گۆ دەچنە کێ ماری
زەردەکەنیەکیان هاتێ هاتنەوە لە ئاقاری
دەگە چەند برادەران لێی دەچومە ڕاوەکاری
دەگە تەقەی تفەنگێ دامبڕی لە هەزاری .

## ١٤٥ ـ هۆ زینێ

کاگە لە دەربەندان نوستم هۆ زینێ زینێ زینێ
هێ برام چۆکم‌دا هەرستم خەزێمی زێڕ مەیلەقینێ
بەژنێ باریك ڕوی هێخستم کیژ گورەو کوڕ پارگینێ
شەمامەشی نەچوە دەستم ئامۆزا مەیدۆڕینێ
هێ برام لە دەربەندی گۆڕێ هۆ زینێ زینێ زینێ
مەلاو فەقێ کەتنە گۆڕێ خەزێمی زێڕ مەیلەقینێ
مارە بکەن شەنگ‌و شۆڕێ کیژ گورەو کوڕ پارگینێ
هێ کچێ تو مەیلت نەگۆڕێ ئامۆزا مەیدۆڕینێ

## ١٤٦ ـ بزمارەو بزمارە

بزمارەو بزمارە سۆلی سێ بزمارە
ئەوی ساحێب یاربی لە چاوان ڕادیارە
بزمار نیەو مێخە یارم بەچکە شێخە
زوو جێگەی ڕابێخە مەمکان وەدیار بێخە
وای لە دوورو وای لە دوور بەو موسای سەر کێوی توور
ناردیتم بۆ کل‌و کلدان بۆ چاوی تو زارا سوور
هاتم لە لای هیندستان پایزو بەهارو جستان
خەنەی نابڕێ لە دەستان

یارم کەوشی لە پێ‌کرد دەچی بۆ بژاری بیستان
لە پێش چاوی عالەمێ بە خۆم دوو ماچم لێ‌ستاند
هاتم لە لای سەربەنێ جۆت خاری لە گەردەنێ
ڕوم کردیتە مەفتەنێ خوایە نسیب هەرقەنێ
ئەگەر بەندم خەرەت‌بی ترسێ‌کەم چوونم دەنێ
هاتم لەلای بەیاتی دەستمدا دیموقراتی
دانیشتم لەسەر تاتی بەندم دێن وەك ئاوقاتی

## ١٤٧ – ئەو ڕوبارە

ئەو ڕوبارە لەکێ دێ لەناو باغێ ئاکرێ دێ
بۆنی حەیرانێ‌ی لێ‌دێ سەبرێ درێ منی پێ‌دێ
ڕوبارەی گلگامێشە کیژ سۆفیەو کوڕ دەروێشە
سەلام لەو تیلەکێشە درێ منی لێ هێشا
ئەو ڕوبارە چەند لێژە کچکان لێ‌کرد نوێژە
لێم هەرات گەلاوێژە یارێ من بووی لە مێژە
ئەو ڕوبارە هەورازە قوربێگان گازە گازە
دەیگۆ وەرە بمخوازە بەینی منو تو داترازا
ئەو ڕوبارە نشێوە دوو کۆتران لێوە لێوە
بەژنت وەك تولە مێوە مەمکت وەك شەکرە سێوە
چاوانم لێ مەبڕێوە ئاگرم بەربووێ بە پێوە

## ١٤٨ – کێو کێم

کێو کێم لاوێ لەوەندی محەمەدەم لاوێ لەوەندی
کراس سپیێ دەرێ لە قەندی شاباشکەم خەنجەرو بەندی
لۆی دەینم کیژێ ڕەوەندی
کێو کێم لاوێ ژەنگارێ محەمەدەم لاوێ ژەنگارێ
شاباشکەم خەنجەرو مەتارێ لۆی دەینم بوکی بوارێ

## ١٤٩ – هانای بەبەر خوای دەبەم

هانای بەبەر خوای دەبەم دووەمین بە بەر ڕەبی‌یە
ئەشقی کیژەکی لێدام ماریان وا لە گوندی‌یە
بە بەر ماریان دادەچووم کەسیان لە ماڵێ نی‌یە
بابی وا لە هەولێرێ کاکی لە کن مەڕی‌یە
ئەورۆ تورە بووە نان‌و ئاوی بردی‌یە
داکی وا لە هەوێزێ بشبینێ هەقی نی‌یە
لەگەر یارێ ڕاوەستام دەرکەی حەوشەم گرتی‌یە
دەستەکم لە ملی دەکرد گرتم جۆتە هەرمی‌یە
لە دونیایێ لۆم نەبی لە قیامەتم لۆ چی‌یە !
دیدەوانی شێخانان بە ئاغەو بەگلەری‌یە
دەهاتمەوە کاولە (لووڕکە)ی تورو سرقیان چاندی‌یە
هاتمە ( حەسەن متربی ) سەت سەم پێ وەڕی‌یە
دەهاتمە ( شیوەپیران )ێ ، بێ ڕوبارو کانی‌یە
ئاوەدان بێ ( ئاخورە ) جاجێری لێ وەری‌یە
دەهاتمە ( بەردێری ) خۆمان بە هەنجیرو بەبی‌یە
دەهاتمە ( بەلەبان )ێ شترە توتنیان کردی‌یە
شۆڕ بوومەوە لۆ (میرکە)ی بە داری توو و قەیسی‌یە
ئاوەدان بێ ( نێرەگین ) چاویان لە دەست یەکدی‌یە
دەهاتمە ( سماقە )ی کاول بێ جێی نەوی‌یە
بابچینە ( بایزاغە )ی چاویان لە مەڕ داری‌یە
( ئیلنجاغ )و ( داربەسەر ) زۆر بە ئاوەدانی‌یە
لە ( بانەمورد )ی شێخانان شاییەکیان دابەستی‌یە
کیژو کوڕ ناوە ، ناوە لاربم دەستیان گرتی‌یە
بە بەر ئاوایی دادەچووم یەکەك لەسەر کانی‌یە
لەو کانیەی ( مەخسود )ی کیژان سرە گرتی‌یە
سەلامم لێیان دەکرد کەس دەنگی نەکردی‌یە •

## ١٥٠ - هانیو مانی

هانیو مانی پەردەم هەربەست بە کتانی
بووك کەرکوك کوڕ خەیلانی بووك ئەوەتە زاوا کانی
لە گەرموکێ دەستم بشکێ لۆ کورە پلکێ
شێر دەنکێ لە حاجیارێ شێر دەناری
دەستم بشکێ لۆ کوڕێ خاری
هەی شەڕە شەڕە شەڕ لە کەنداری
چاو بە دووربینی مل بە مەتاری
حەیفە مەولود شێر ئەتو بناری
هەی شەڕە شەڕە شەڕ لە ماکۆکێ
شێرەکان گوژران بە گوللەی هۆکێ
هەی شەڕە ، شەڕە شەڕ لە سەفینێ
هەستە لە خەوێ دەستدە دووربینێ
دۆشکەی دانێ حوکمەت ئەتبینێ

## ١٥١ - گۆزەلێ

گۆزەلێ گۆزەلێ لێ لێ لێ شینێمی یامن گۆزەلا من
گازی دەکەم بێژەم بەلێ شینێمی یامن گۆزەلا من
هەوب هەوی بهەلێ شینێمی یامن گۆزەلا من
پێکفە بچین بانێ کەلێ شینێمی یامن گۆزەلا من
گۆزەلێ وردا وردا مالا من گۆزەلا من
گۆزێ ڕابو ب چەمادا مالا من گۆزەلا من
ڕۆندك باری ب ڕویادا مالا من گۆزەلا من
تەتیرەك دلێ مندا مالا من گۆزەلا من
گۆزەلا ب هانومانە مالا من گۆزەلا من
کراسێ تە کتانە مالا من گۆزەلا من
بەرو بەرچێل قەتیانە مالا من گۆزەلا من
دەستێ لاوا مێوانە مالا من گۆزەلا من

## ١٥٢ ـ بەدوان ژێر هەردێن

بەدوان ژێر هەردێن بوهارە یەکیان بازە یەك سەقەرە
یەکیان قورینگەو یەك گۆژەرە ئێدیش بەژنی باریکەرە
خەناوکەی لە ملی حەفت کەرە لەگەر قەنەفران تێکەرە
خوایە دووربی دەردو بەرا دەردو بەراو قەدوقامەت
بەدوان ژێر هەردێن وا بەجوت تاقمەو بەربەنەو هەیتو هوت
سنجاقیان لەسەر سینگی ڕووت بۆ ماچەکی جەرگم لۆت سوت
بەدوان ژێر هەردێن بە هەیبەت عەیشێو فاتم خەجێو مرودت
مەمکیان شەمامەی دوازدە خەت خۆ مەفرۆشن هەرزان قیمەت
هەر بەخۆو لێی دەکەم مامرەت
بەدوان ژێر هەردێن دیسانە یەکیان گورەو یەك ڕەیحانە
یەکیان دوڕو یەك مەرجانە ئێ دی چاوێ بە دەرمانە
خەناوکەی لە ملی مەرجانە تێکەر بوو لەگەر مۆریانە
دایەنێم لەسەر بەندانە

## ١٥٣ ـ هۆ شوانە

هۆ شوانە شوانە شوانێ بەرخۆران
بە شەوو بە ڕۆژ لـــە چێشتە ماران
لێو لە گەردەنێ دەست لـــە مەمکۆران
هۆ شـــوانە شـــوانە شوانی پەزی
ئاگرەکی هەرکـــە بە کفرو گـــەزی
لەناو قاپوتی دەستو پێت تەزی
لە ملی حەیرانێم چلوچار کەزی
وەرە تێکەرکەین سمێرو کەزی
هۆ شـــوانە شـــوانە شـــوانی سەحرایێ
نازدار لێم زیزە نایەتە ڕایێ
هۆ شـــوانە شـــوانە شـــوانی شـــەوێ
نازدار گـــاز دەکـــا لاوە چیت دەوێ
لـــە گەردەنێ زەرد دوو ماچم دەوێ
هـــەی شـــوانە شـــوانە عـــەزیزی مـــارێ

پەستەکەی سێبی یە لــە ملانی داری
دەستنە خەنجەری ناوەە ڕەشماری
خۆزیە شــوان بومــا بە شــەرتی ســاری
دوو ماچم قــەردبوا لـە کۆفی خواری
هەی شــوانە شــوانە شــوانی بەر خۆران
بەرخی خــۆم دەینــا ســەر کیشتە مۆران
خەرجەی خۆم دەستاند لە زەرد مەمکۆران
هــەی شــوانە شــوانە شــوانەی ستەویری
مەڕی خۆم دەینــا ســەر کۆلو بیری
خەرجەی خۆم دەستاند لــە کیژی میری
هــەی شــوانە شــوانە شــوانەی کــارانە
بریا سوباش بام لــە جدیدەی لەکان
خەرجەی خۆم دەستاند لــە چــاو بەرەکان

## ١٥٤ – خواجایە بری خواجایە

خواجایە بری خواجایە سەگبابەی خۆش وەستایە
دوکانەکی دانایە چــەند کلدانی ڕادایە
یەکەکیان خــاس کرایە سوندی خــۆی داڕژایە
بە مقەسێ نەبرایە بە دەرزی نەدروایە
ســەت نەخشی لێ کرایە سێ سەت ڕوبیەم پێدایە
سەگبابەی هەر نەیدایە مامرەت ئەشقو ڕەزایە
خواجاهات لە ....... دانیشت لەبەر دوکانێ
وا دەدرویشن کلدانێ بە خۆم دەچمە ســەردانێ
دەکرم لۆ کیژە جوانێ
خواجایێ دین دوژمنــە کلدانەکی لەکنە
قابیل بە یاری منە جەرگم بوو سەراو بنە .

## ١٥٥ – هێ براینە سەرم دێشی

هی براینە سەرم دێشی دەردی لە درم کەسەرە
دەرکەی مەو ماری یاری هەردووک ئەوبەر ئەوبەرە

دوو گێژی گواره زێڕین لە ماران بەرەو دەرە
خەزێمی لـە کەپووی‌دا دوڕو لەعل‌و گەوهەرە
سینگی دەرێی سینی‌یە دوو فنجانەی لەسەرە
گۆتم بینە ڕاتمووسم ماچت حەج‌و ئەکبەرە
تیرێکت لە جەرگی دام لە درم بویتە کەسەرە

## ١٥٦ ـ دەچمە هەیوانێ

دەچمە هەیوانێ هەیوان بە دارە گورینگێ هیزارێ بەستیان قەتارە
لەسەر سینگێ یار جۆتەك هەنارە بینە ماچت‌کەم غەرەزی ڕارە
دەچمە هەیوانێ هەیوان بەبێ‌یە گورینگێ هیزارێ قەتار بەستێ‌یە
سەر سینگێ یار جۆتەك هەرمێ‌یە بینە ماچت‌کەم زۆر بێ قەیدی‌یە
دەچمە هەیوانێ هەیوان بەڕەزە گورینگێ هیزارێ لە هەموو تەرزە
لەسەر سینگێ یار جۆتەك گەرازە بینە ماچت‌کەم گەونە غەرەزە

## ١٥٧ ـ هێتیم مەکە خەیاران

هێتیم مەکە خەیاران بەو عارەی لۆتو نابم
پاشی نوێژی عیشایێ دەمەك وەرە کن بابم
داخوازی منی لێ بکە من لەوێ ڕاوەستابم
دوو قسانی لەگەر بکە ئی سێ‌یەی ئەمن لات‌بم
ئەگەر بابم نەی‌دایێ خراپەو لەکنی نابم
توخوا زەندی من بگرە شەرت بێ لەگەرت ڕابم
هێتیم مەکە خەیاران درت نەکا خەتەرێ
دەمەك وەرە کن بابم لە بۆ خۆی گاسکە دەرێ
داخوازی منی لێ‌بکە ئەمنیش دێمە پەنجەرێ
ئەگەر بابم نەیدایێ چ جاری دی پێم مەرێ
توخوا زەندی من بگرە بەدەین لە بڕەی پشدەرێ
هێتیم مەمکە خەیاران دەرێی مەیلت گۆڕایە
دونێ داخوازیم هاتبوو سەد لیرەی نەختی دایە
سەبارەت بە چاوی تۆو من قرێرم نەدایە

توخوا زەندی من بگرە بدەن لە برەی بەغدایە
هێتیم مەکە خەیاران در مەرە لە درێیە
داکم لە تازیمانەی بابم لە مارێ نی‌یە
بە کراسی کودەری باغەر لەسەر چۆکی‌یە
ئەو زەندەی پڕ لە بازن داوێمە بن سەری‌یە
دوو شەمامەی باغەرێ یەك سوورەو یەك سپی‌یە
بەسەری تاقە براکەم لەبۆ تۆم هەر گرتی‌یە
وەك پاوانی لە گوندی بوارێ مەنعم کردی‌یە

## ١٥٨ – براینە سەرێ من دێشێ

براینە سەرێ من دێشێ دەردێ لە درم هەرقەنە
لۆیێ هەندە بە کەیفم مارێ ئەو کچەی لێرەنە
بە پێشمدا ڕادەبرد وەك بووکی دەست بەخەنە
گەردەنی چەندە زەردە وەك زێڕی لە مەعدەنە
تاقمەیێ کێژان ڕۆین دیتم وا لە حاویەنە
وەکی زەینم دەدانێ یارێ منیان لەگەنە
هێ کچێ سەبرم لێ بگرە ئەوسار دەتهینم دەنا
دەشتێ قەراجێم خۆشە لەمن کاولە مەفتەنە

## ١٥٩ – سەرێ بازێرم

سـەرێ بازێرم هێران بەر هێران
هـەرچی دەکـاتن لۆمـەی جاعێران
نانی تەڕ نەکـا بە دۆیێ چێـران
هـەر توور بە ملبی لـە دوایێ خێران
یارم وەك مانـگی لەناو ئەستێران
ئەویش مێردی کرد ماری خۆم وێران
سەرێ بازێڕی گەیی‌یە چـەند شاران
هـەرچی دەکاتن لۆمـەی منـداران

دائیم برسی‌بی لـه بن دیواران
قسەی پێ نەکرێ وەك کـەڕو لاڕان
یارم وەك مانـگێ لەناو گـەواران
ئەویشم ڕۆیی مارم بوو تاران .

## ١٦٠ – دوو کەو دەخوینن

دوو کـەو دەخێنن لـه باسکه باسـکان
دەبا تێـکەرکەین سمێرو بسـکان
ماچ کردن خۆشه لە ئاسکه ئاسکان
دوو کـەو دەخێنن لـه سـەری تاتی
جوابم لۆ ناردی لۆچی نەهاتی ؟
ئەتو لەگەر من غایەن دەرهاتی
دوو کـەو دەخێنن لـه سـەرێ گـەری
چارۆگەی سـۆوره داینا سـەر سـەری
چەندە شیرینە دەستو مەنجـەری

## ١٦١ – هەی ناربەندان

هەی ناربەندان هەی ناربەندان بابە لەبەر هەمەوەندان
ئەو ناربەندەم ناری ڕەشە سەرێ بزماران بە نەخشە
ناوی یارێم گورێ گەشە
ئەو ناربەندەم ناری سۆرە سەرێ بزماران بە مۆرە
ناوی یارێم گورە سۆرە
ئەو ناربەندەم چین بە چینە سەرێ بزماران ڕەنگینە
ناوی یارێم گور هەمینە
ئەو ناربەندەم ناری زەردە سەرێ بزماران بە پەردە
مەمکی یارێم دەرێ قەندە .

## ١٦٢ ــ هانایێت بەبەر دەبەم

هانای بەبەر خوای دەبەم دووەم بە بەر قەڵەکی
ئەشقی کیژەکی لێدام مار لە برایمەڵەکی
ڕاموسانم هەرزان کرد پێنجم دەینا عانەکی
لە کوێستانان دێنە خوار خێلی برباسو هەرکی
یارم دەستیدا جامێ هاتن لۆ بن بێرەکی
گەردەنی گەلەك زەردە شەوقی داوە لە مەمکی
عافەرم ئاسل زادە هەر ئەتوو لۆمن چاکی
هەنایێت بە بەردەبەم بە محەمەدی عارەبی
ئەشقێ کیژەکی بوویمە ئیشاڵلا لۆ من دەبی
سەردەمەکی زەنگین بوو بە منیان دەگۆ چەرەبی
مارێ دنیایێ باشە لەبۆ کەس خەرا نابی
هەزار لیبیرەم پێدەدا خوشکی لە دایك بابی
بابی یارێم ڕازی کرد وارسی ڕازی نابی
دایکی جەنەم لێ دەگرێ وەك بارگینی دۆرابی
هەنایێت بەبەر دەبەم خالق هەرتۆی جەباری
دەچمە چیای قەرەچوغی ئاودارو لێرەواری
جارەك ئاوڕی خۆم داوە لۆ لای گوردەو تیماری
جۆتە ڕەشمارەکی ڕەش هەر درابوو لە ئاقاری
دوو کیژی گوارە زێڕین دیار بوو حەوشیان دەماری
دەستمان بە گفتوگۆ کرد شەکری لە دەوی باری
خەزێمو گوردەو تاسی زێڕ بازن لەگەر خڕخاری
قاشۆکەو ئەنگوستیلە ئەویش لە چەند ڕیاری
ئەویشم لۆ دروست کرد لە زێڕو لە مرواری
مشکییەکی حاجی حەسەن لۆم دەکڕی لە بازاڕی
گوتمێ دەچمە هەولێرێ چت لۆ بینم بە دیاری
دەعوای چەکی لێ کردم جلکی بوکی یەكجاری
دەچمە کن مەلای گوندی بە دەستو بە دیاری
هەناری دۆری هەرشۆ وەك قەندی کرۆ کرۆ

خاری سەرگەردەنی تۆ برنجی سەدری و عەمبەربۆ

تێی هەردەن لە گوللەی مێردی کەنگرو ماستو بەوەعدی خۆ

هەناری دانە دانە هەنگوینی شانە شانە
چ بکەم بۆ برنجی سەدری یارم ئەوشۆ میوانە
سینگت حەوزی بەرکێوە بەژنی تۆ دارە سێوە
تۆ ئاغەو من خزمەتکار ڕادەوەستم بە پێوە
چ بەراتم لێت ناوێ دوو ماچ نەبێ لەو لێوە
ئاغەم ( حەمە رەشید خان ) ساحێبی شلێرو ناو خوان
سەت سواری هەر لەگەرە جاحێرن برنۆ لەشان
دائیمەن شەڕی دەکەن لەسەر حدودی ئێران
هانایێت بەبەردەم خالق گەورەو گرانە
چومە دەشتی قەراجێ چەن بە عێلو عوربانە
هاتنە سەر دێەوانی ئەو دیو ئەو دیو پاوانە
دەچمە دۆری ئەسحابان بەهەر دێرو تەلانە
عەشقی کیژەکی لێدام مەجبور بەو گەلە جوانە
بەژنی وەك شەنگەبیە زولفی ڕەشە ڕێحانە
دەستەکم لەملی دەکرد لۆ سوحبەتو سەیرانە
خوایە بە گوناحی نەگری پەنجەم کەتە بە مەمکانە
هانای بەبەر خوای دەبەم دووەمین بەبەر سوبحانی
عەشقی کیژەکی لێدام مار لە خەزنەو تەرجانی
حەفت سارانم حەز لێ کرد ئەوجا دایکی پێی زانی
یاخوا دایکی گڕوبێ وەك سەی بن گوندەرانی
کولکەکی لە زگی بێ ئەستور بێ هەتا ڕانی
خواردنی حوشترالوك بێ لە باتی ئاوو نانی
زۆری جەفای مەدابوو قەدری عافیەت بزانی
بەتکار زۆرن لە گوندی سەریان کێشا لە خانی
یاخوا بەتکار گۆرەبن بمرن بەبێ ئیمانێ
هانایێت بەبەر دەبەم خالق هەر تۆی بە تەنێ
عەشقی کیژەکی لێدام یەك خاری لە گەردەنێ
بە چاوانم مەکوژە کار مامزی زار مەفتەنێ
ئاگری لە جەرگی بەردام دەستو پەنجەبە خەنێ
نوشتیان لۆ دەکەم بە مەلای دارەبەنێ
تەلەبی لە خوای دەکەم یاخوا یارم بدەنێ .

## ١٦٣ - هەی دێمە

هەی دێمە دێمە لە چیای ڕادێمـە
سەت زێڕم هەبوو مسقالەك کێمە
تواڕەی تێ نەبوو کردمە خەزێمە
هەی دێم‌و نایێم لە چیای حەنتیکە
گەنمی بەر ماریان زەردە فەریـکە
ئەمن‌و یار یەك بووین ڕوحمان شەریکە
وەختە لێکمان کەن بەدکار خەریـکە
هەی دێم‌و نایێم لە چیای شەقلاوێ
ڕۆژم لێ هەڵات گەزەنگی تاوێ
یارم تێلەکێش بۆ خۆم لە ڕاوێ
دەستێ شلمەکە بە جامێ ئاوێ
لەکن کێم وتووە حەیرانم نـاوێ
ئەمن‌و ئەو یەك بین کەسمان پێ ناوێ .

## ١٦٤ - من دیلبانا

من دیلبانا بانا بەژی شوشتن دەست‌و تەڕبوون گەزی
خۆزیا خۆرتێ مەمکات گەزی

من دیلبانا بانێت ژۆری شوشتن دەست‌و تەڕبوون مۆری
کچکات دگریت نابیت حۆری

من دیلبانا من دیلبانا بسك شۆڕێ ل سەر ڕانا
تە لاو گوشتینە ب کۆڤانا

من دیلبانا بانێت مەزن شوشتن دەست‌و تەڕبوون بازن
کچکات دگریت کوڕ ناخازن

## ١٦٥ – نازدارو نازدار

نازدارو نازدار نازدارت کردم
بستەك مندار بووم تۆ گەورەت کردم
وەکی گەورە بووم لۆت بەدەر بردم
بە قسەی بەتکاران لەگەرت کردم
نازدارو نازدار نازدار وەنابی قەزمەی شل‌وملِ قولاب گیر نابی
ئۆبارێ کیژان بە ملێ بابی ئۆباری کوڕان قەت تەواو نابی
نازدار نازدار نازدارێ دیکە گەنمێ بەر ماران زەردە فەریکە
ڕۆڕی لە چیایان وا چیکە چیکە
خوا لێت هەر ئاگری دەمکەی خەریکە
جارەکم گاس کرد همێ برایمە لارە تۆزێ میگەلان بویتە گەوارە
مەڕ بەتاران چوو نێریێ ڕوشکارە لەبۆی دەگریان بێری‌و بوهارە
جارەکم گاس کرد هێ برایمـە سیسـە
تۆزی میگەلان بوون بـە گوریسە
مەڕ بەتاران چوو نێریێ کۆریسە لەبۆی دەگریان بێری‌و بەرقیسە
جارەکم گاس کرد هێ برایمە لاوە
مەڕ بەتاران چوو لە زوورگەزاوە

## ١٦٦ – چاوت ئەستێرەی

چاوت ئەستێرەی ماران کچێ بینە ماچت‌کەم
داکی هوددە منداران
چاوت ئەستێرەی ڕۆژێ کچێ بینە ماچت‌کەم
کیژە ئاغەی تەورێزێ

## ١٦٧ – کاکە سەرێ من دێشی

هێ براینە سەرم دێشی دەردێ لە درم گرانە
لە خەوی شیرینە هەستام دێتن دەنگی کیژانە
دەستم دەدا برنۆیێ دەخەریتەی کارخانە
یارم مامزە کورەکە دەگرێ گەندوو جۆمانە

ئەگەر یار لەوێ نەبوو دەکەم دادو فیغانە
دەچمە سەر هەردوو کەرکان دەڕۆنمە زارگەریانە
ڕەشمارلەکێ ڕەش دەکرێن لەبن غەریێ مەرزانە
زولفی یارێم دەکێشا بە تەرازوو میزانە
نیو هۆقەم لەبەر دەنا شەش پاکەتی کارخانە
زولفی هەر لە حەردیە هۆقە وا لە عاسمانە
دەنگێ دوو سار ڕێ دەڕوا ئی قاش‌و زەنگورۆکانە
بۆنی یارێم چەند خۆشە دەڕوا لۆ ( سێ‌بەردان )ە .

## ١٦٨ ـ خەزێم‌و خەزێم

خەزێم‌و خەزێم خەزێم پوولەکە
خەزێمی یارێم سەد زێر هەقە
وەستای کۆرەبی کویەی مەفرەقە
ڕاست دەستی بشکێ بە کەپووی لەقە
خەزێم‌و خەزێم خەزێم زێرینی
خەزێم بزر بووە لە هەربەڕینی
جوابەکی ببەن لەبۆ سەفینی
هەورو گەوارەی لەخۆ نارینی
خەزێم بزر بوو بەرکو وەبینی

## ١٦٩ ـ هـەرمێ

هەرمێ وەی وەی هەرمێلە هەرمێ هەرمێلە مارێ بابم هەرمێلە
یاخوا لێی موبارەك بێ دەسرەی سورو گێل‌گێلە
قازو قورینگ‌و مراوی گێل‌گێلەی دا لە گراوی
ناوێرم ئەو کچەی ماچکەم لەبەر گولەی تۆزاوی
لەژێر ڕادێ پێم هەوا وەك مایەی خۆش جەلەوە
پێی لە ڕکێفێ بنێ کارمامزێ پێ بگێرەوە
چاوی ئەستێرەی پوتە دەگەر مانگێ ڕاجوتە

دەگەر یارم مێردی کرد چەندم دل بەخۆ سوتا
ئەگەر مێردە گولەکەت هات پێی برێ چەغەتوتە
ڕوبار هاتو وشەی کرد نەگەرەك ماوە نە پرد
مارەی لە چورچەی نایێ مەلا بۆ پولی وەکرد

## ١٧٠ ـ بەرخۆکە

ئەرێ بەرخۆکەی پەرێ بەرخۆکی پیرە مەڕێ
ڕەبی سەرت وە هەزار هەزاری گەڕێ
وەکی لۆمنت وەدیار هێ خست مەمکێ لەیلو پەرێ
یاخوا لۆمن بمینی بەرخۆکەکەی بەرانی
ڕەبی بەرەکەتی خوات سەت جار کەوتە گیانی
وەکی لۆمنت وەدیار هێخست .

## ١٧١ ـ بە لەیلم لەیلم

بەلەیلم لەیلم لەیلم حەنیفە کراس حەریری گورتەك قەدیفە
سینگی دۆشەکە ، مەمکی بالیفە
بە لەیلم لەیلم نازەکە دەگرم شەمامان بانگەواز مەکە
شەمامەی خەت خەت تەرحی قەرەمێ
لۆم بەدیاری دێ لەلای حەجەمێ
شەمامەی خەت خەت تەرحی هەنـارێ
لۆم بە دیاری دێ لە لای ژەنگارێ
بە لەیلم لەیلم مندارە مەمکی ئەو کیژەی وەك پرتەقارە

## ١٧٢ ـ بابێ گۆزێ

بابێ گۆزێ گۆرانە سوندێ خاری ب قورعانە
گۆزێی نادمە وانە
بابێ گۆزێ گوندیە سوندێ خاری ب جزمیە
گۆزێی نادمە شویە
بابێ گۆزێ فەلەیـە سوندێ خاری وەلایە
گۆزێی نادمە وایـە

## ١٧٣ ـ لەبەر گەردەنیی دەمرم

لەبەر گەردەنیی دەمرم گەردەن دەریی مینایە
مەحبێنی هەردوو مەمکی مامزەکی لێ کوترایە
ئەگەر پێم باوەڕ ناکەن بەخۆ نەخشم لیی دایە
یارم چ عەیبی نییە بڕکەك کورتە بالایە
ئەویش بە عەیب ناشێ چونکە نەخشی خودایە
یار دەچوە گور چنینێ توومەز باران‌و بایە
لەبەر گوڕەی شەمارەی قۆچپەی یەقەی پسایە
دووڕو سنجاق‌و گەوهەر بەربەنەی داکوتایە
جۆت مەمکی چەند زەردە سووند دەخۆی کارەبایە
ئەمن دەمگۆ بلەورە تازووگە داڕژایە
لەبەر چەکی بەقیمەت هێ برام سەرم سووڕمایە
ئاشۆکەو ئەنگوستیلە لە دەستی یارێ دایە
گۆتم بینە ماچت‌کەم چ ڕوح لە بۆت نەمایە

## ١٧٤ ـ سەریێ بەندانم هەوە

سەریێ بەندانم هەوە گیژ مایێ خۆش جەوەوە
بەسەرپشتی بکەوە تارانێ بێ بگێڕەوە
پێی بکە تەقرەو سەڕەوە
سەریێ بەندانم زینێ لە دوای بەندانم زینێ
دوورە لەسەر خەزێمێ سەر بەسەر گەرمێن دێنێ
ماچی گەردەنیی خۆشە بەناز چاوان هەردێنێ
سەریێ بەندانم فاتێ مەمکێ شووشەی نەباتێ
بەخۆی لۆمن حەزدەکا چیبکەم دایکی نامداتێ
سەریێ بەندانم ڕابی حەفت ساری لە گەری دابی
ئالتونەو خرانـابی
سەریێ بەندانم ئامین زولفی بەردا چین بە چین
داکی دەمری بێ تەرقین بابی دەمری بێ یاسین
چ بسورمانە برێن ئامین

## ١٧٥ ـ بێرکەران بێرە بێرە

بێرکەران بێرە بێرە بێریان دانا لە تاتی
داکی دەستدا مەنجەڕێ کیژە دەیکرد غەباتی
ئەگەر یارێم نەدەنێ دەچمە دەر لە دووراتی
کاڵکۆ گۆریەم لەپێ کرد هەرم کێشایتە ڕانی
دەچمە سەر زێی بادینان لێبدەم بە مەلەوانی
بەرێ خۆم دا چۆڵیان پشتم لە ئاوەدانی
قاقەزێ لۆ شاییێ دەبەم دەچمە دەرگەی سوڵتانی
ئەگەر دادم نەپرس دەچمە ناو گاورستانی
وەز قاسیدێ زێڕنێمە چاکە دەنك لێ هەرینم
کاڵکۆ گۆریەم لەپێ کرد دەچم موسرێ دەبینم
گوارەکی بە شۆرابە لەبۆ یارێ خۆ دێنم
هەستە گوارەت لەگێکە تێر لە بەژنت ڕامینم
دنیا مەرگتو مردنە نەوەك برۆی نەتبینم ٠
وەز قاسیدێ زێڕنێمە دەچمە کۆو کەرکوکە
یەکەك ئەوا گاز دەکا بۆ چ دەڕۆی بە تالووکە
تووخوا کاکە لێم گەڕێ زێڕینیان برد بە بووکە
وەز قاسیدێ زێڕنێمە سبەی دەڕۆم گەلەکە
کاڵکۆ گۆریەم لە پێ کرد هەرم کێشا بە لەکە
دەچمە سەر زێی بادینان بە گەمیەو بەکەرەکە
خەنەم دەینا بە باران زێڕین نەیگۆ گەلەکە
کلم دەکڕی لە شاران لەبۆ چاوێ بەرەکە
وەز قاسیدێ زێڕنێمە دەچمە گوێ بەدارە
مندارەك بووم در بەخەم قەد نەمدیتیە ئەو شارە
زێڕین جوابان دەنێری هەر دەمەوێ گوارە
وەستا دەستم دامەنت بشکێ دوورو گەوهەرە

## ١٧٦ ـ سبیانە زووە تەمو تومانە

سبیانە زووە تەمو تومانە یەك لە ماران دێ مل بە مەرجانە
بەژنێ باریکە قایل دووگمانە دەستم درێژ کرد لۆ سەر ملانە
دەرزیم دەرهینا دیتم نیشانە خارەکی سۆری لەسەر مەمکانە
ناوم لێ پرسی مەلەك ڕەیحانـە

مەچووە سراوێ کوندەت گرانە خۆت بلەقێنە لەسەر تێکانە
ئەوماخۆ مردە کوندەی تێریانە هەر بخلیسکێ مارم وێرانە
دێتەوە لە کورێ کیژێ خەجانێ
سینگەی بەفرو خێن تەختەی زستانێ
مامزم هەردەستاند لە گەرمەلانێ گەلەک کیویە نایەتە گیرانێ
لۆ خۆمت دەگرم بابان وێرانێ

## ۱۷۷ ـ هات ڕەوشەنێ

هات ڕەوشەنێ زراری چەند بە لەنجەو بە لاری
هێ برندێ شەدەلاری چاوکاری گێ بە گواری
هی خۆم بای بە حەراری
هات ڕەوشەنێ گەردیەبە سووسنێی بن عاردیەبە
ماچی ئەکەی کەیفی نیـە
هات ڕەوشەنێ مامخاران چاو هەوێێ ناو گەواران
لێت تێکدەم خەتو خاران
هات ڕەوشەنێ مابۆتە لەملانێ گرافۆتە
لەبۆ توو جەرگم سۆتـە
هات ڕەوشەنێ خۆشناوە سەربەتاس سینگک بەدراوە
تێکەربوون وەک لاولاوە وادەبێتن بووکو زاوا

## ۱۷۸ ـ ئاگرەک بەربووە

ئاگرەک بەربووە حەویجەی قەراجی لەگەر سووتایە
عارەب زۆر پەرێشانن لە نۆجەیان هەردایە
جێێێ مراژو مەقسوودان حەوشەی سوڵتان حەولایە
دەچمە گاولە مەخمووری دوو کارمامزی تێدایە
هەیدۆ هەیدۆی جاعێران فیقەی دۆرو زوڕنایە
ژوانێم لەگەرێ یارێ گرت کەندێ دارە خورمایە
هێ زارێ سەرێ یارێم پێنج گورینگی تێدایە
قاشۆکەو ئەنگوستیلە لە دەستی یارێ دایـە

گۆتم بینە ماچتکەم ڕوحم لەبۆت نەمایە
ئاگرەك بەربووە حەویجەی لە سەرێ کفرو کەزی
مەمکێ کیژۆران قیتێ هەریاندا کراسیو بەرزی
حەیفم لەبۆ قەراجی نەهاتی لێ دابەزی
ئاغان ئۆغرە مەیان کرد دانیشتن بە عادزی
چەند جار بە داکم دەگۆ ئەو کیژەم لۆ بخوازی
سەد دینارت دەدەمێ لە مۆری مەلیك غـازی

## ١٧٩ ـ ڕاوەستاوە

ڕاوەستاو ڕاوەستایە بەژنی داری خورمایە
مەمکی لیمۆی بەغدایـە
گۆتم بینە ماچتکەم گەردەنێ شووشەی لامپایـە
ڕاوەستا لە دەروازە مەمکی دەرێی گەرازە
یارم چەندە جوانە وەك کۆتری تەقرەبازە
هاتەخوارێ لەو برندە قاتمو گوستانو گەوهەر
بە قورعانێت سوند لۆ بخۆم جەرگیان بریم بە خەنجەر
هاتیە لە لای کیستانە کراسێ پەلك ڕەیحانە
ئەو بەندەم لۆتو دانە گورتێ مەمك فنجانە
هاتم لەلای ئەودیوی ڕێم دەکەوتە سەر کێوی
ئەو کچە چەند سپیە دەرێی بەفری یەك شەوی
گۆتم بینە ماچتکەم هەر لە زاریو لە لێوی
ڕاوەستا لە هەیوانە گورتێ خاڵ لە لێوانە
گۆتم بینە ماچتکەم بەگزادەی لای خۆمانە

## ١٨٠ ـ ئەمان ئەمان ئاغە

ئەمنو ئەو عەلیە برابوین ئەمان ئەمان ئاغە
یەك شاعیر یەك شوعرا بوین سوتام جەرگم داغە
لە دونیایێ زۆر گەڕابوین دورو شەو چراغە
لە گۆتنێ شارەزا بوین ئەمان ئەمان ئاغا

قابیل بە دیوانێ شای بوین سوتام جەرگم داغە
دەستمان دەکرد بە گۆتنێ دوڕو شەو چراغە
قابیلە شان بێنە کنێ ئەمان ئەمان ئاغە
دەگەر دائیرەی سەرایێ سوتام جەرگم داغە
دەگەر موشیری بەغدایێ دوڕو شەو چراغە
کیژ لۆ کوڕان دێنە ڕایێ ئەمان ئەمان ئاغە
کیژو کوڕ وا هەردەپەڕن سوتام جەرگم داغە
سۆڵو مەحسان دادەدڕن دوڕو شەو چراغە
کوڕ عاشقێ مەمکی خڕن سوتام جەرگم داغە
کەندێ بەر ماران خاسە ئەمان ئەمان ئاغە
دوو کچ وادێن سەر بەتاسە سوتام جەرگم داغە
یەک خەیارەو یەک مەیاسە دوڕو شەو چراغە
کەندێ بەر ماران بە ئاوە ئەمان ئەمان ئاغە
دوو کیژ وادێن بەرەک چاوە سوتام جەرگم داغە
یەکیان یارەو یەک پێناوە دوڕو شەو چراغە
کەندێ بەرماران بەبێیە ئەمان ئەمان ئاغە
دوو کیژ وادێن سینگ سپیە سوتام جەرگم داغە
یەکیان یارەو یەک لەعلیە دوڕو شەو چراغە

## ١٨١ ـ لەبۆم برێنە شەماری

لەبۆم برێنە شەماری دەمەک دێو دەمەک نایە
دای لە گورینگێ هیزارێ گوارەی دەینا سەمایێ
تێلەکێش زۆر تێنیمە لۆیێ دەنگم دەرنایێ
چەند شیرینو چەند جوانە بەژنی شترە ڕەیحانە
گەلاوێژی دادەنێ سوندێ دەخۆی دووکانە
لەسەری داغە دەنگە لەبنی بنەوانە
ناردم کراوت لۆبێ لە ئاکرێو ئامێدیانە
کەس لەسەری نەنابێ کیژێ خەزنەو تەرجانە

## ١٨٢ – هەی مێرەمێ

هەی مێرەمێ مێرەمێ ڕێ دورێ وەز ناگەمێ
ئەشێم سلاو بکەمێ
ئەو مێرەما هەکاری تە سەری ڕۆڕا تاری
شێخادی دگەل من یاری
ئەو مێرەمە ئەتروشی تەسەری قەرەڕۆشی
تە ل ڕوشی بەردان ڕیشی
ئەو مێرەمە فەلەیە ڕۆشکێ وەرە مالامەیە
بۆتە گەلە فایدەیە

## ١٨٣ – من ڕەزەك چاندبوو

من ڕەزەك چاندبوو ل دانگا بیرێ من لێ چاندبوو شتلێ هەژیرێ
من تایەك ژێکر دادەست کچ میرێ
من ڕەزەك چاندبوو لە دانگا جۆیێ من لێچاند بوو شتلێ لیمۆیێ
من تایەك ژێکر دا چاو هەلۆیێ
من ڕەزەك چاندبوو ل دانگا کانیێ من لێچاند بوو شتلێ هەرمیێ
من تایەك ژێکر دادەست زەریێ

## ١٨٤ – ماینێ گێ هەسانە

ماینێ گێ هەسانە بووکێ
جوانیێ گێ هەسکانە بووکێ
سەر زینێی کتانە بووکێ
قۆناغ نۆغەرانە بووکێ
ماینێ گێ گەورەیە بووکێ
سەر زینێ سورمەیە بووکێ
قۆناغ دیبەگەیە بووکێ
هێ کراسی هەترەسە بووکێ
ڕێم هەربرد مقەسە بووکێ
بە کوڕەو بە کچەی بەسە بووکێ

## ١٨٥ – ئەوڕۆكەی ڕۆیشت

ئەوڕۆكەی ڕۆیشت جومعەیە دەڕێن عەباس لەو دیوەیە
ئەولادی ( قازیخانە )یە شارەزای بە ( باشتەپە )یە
هاتی‌یە لۆ ماینی بۆرەیە ئەو عەباسی چاو جونەی‌یە
پاكەت لە تفەنگی پەستی‌یە لە سمەقوتی ڕاگرتی‌یە
كۆرەبی نیفۆكەی گرتی‌یە لە سمەقوتی چاو جوندی‌یە
پاكەت لە تفەنگی پەستی‌یە كۆرەبی عەباسی كوشتی‌یە
جوابەكی بەن لۆ پاشایە با هەركا ئاگرو چرایە
دەڕێن : عەباسۆك كوژرایە
دەڕێن ( گردەلام )م بە ئاوە شەڕەكی لێ دامەزراوە
لە سبەینێ تا ڕۆژ ئاوە قادر كاڕەسول كوژراوە
كاڕەسول جوابان دەنێری قاسید لۆ مەخموری ژێری
برایم ئاغەم هیمداد بنێری خورشیدو حوسێنی مەلایە
ئانوكیان لە برایان دایە سەد سوارو پەنجا پیادەیە
لە مەخمووری هەر قەئایە لە ( باقرتە )ی چێشت خورایە
لە ( قوشتەپە )ی نوێژ كرایە لەشكر لۆ سەر ( گردەلا )یە
دەورەی ( گردەلا )یان دایە شێر مەحمود بە تەنێ مایە
لغاوو ڕێشمە خستە سەرە لێی كرد زینی موعتەبەرە
پێی لە ڕكێبی كەتە سەرە هەر چەند جارێ دەگەڕاوە
لەشكری دەكرد بەراوە
هەرێ شێر مەحمودە هەرێ برایم ئاغەت گەیی‌یە سەرێ

## ١٨٦ – لەسەر جزوێ قورئانێ

لەسەر جزوێ قورئانێ نووسرایە ئەلف‌و كافە
شوانان مەڕدا بێری جامی هەردەگرت سافە
ئاقمە كیژەك ئەوا دێ تێیدا بەگزادەی جافە
هەر بەنەكی من دەڕێم دەڕێی تێل‌و غورافە
لەسەر جزوێ زەبونێ شوانان مەڕ دابێری جامی هەرگرت خاتونێ
بەو دەرماناوێ شێخان چارشەمان كیژ دەچونێ

تازەی چاوێ خۆ شوشتیە بە گوراوێو بە سابونێ
دەستو قۆدی چەند ڕێکە دەگەر جفارەی سەمسونێ
وا دەگەڕێ لە مارێ لێدەداتێ قانونێ
ماچی دونێ هێوارێ هێشتا دیارە جێی شونێ

## ١٨٧ – لێنێن بازۆن

لێنین بازۆن گران باران لە ماران وا هاتە هاتــە
بەژنێ باریك هاتو ڕابورد دەرێی قۆنگرەو قەراتە
هۆ کچێ بینە ماچتکەم لە ڕکێ بابو براتــە
لێنێن بازۆن پێش باران مەڕ لە بوورەوە بەیاری
بەژنێ باریك هاتو ڕابورد یائەللا بەردی لێ باری
گۆتم دابینە ماچتکەم هێ کچێ لە گوللەی خەساری
لێنێن بازۆن پێش باران مەڕ ڕۆیی گەرو گەروو
بەژنێ باریك هاتو ڕابورد هێ حدودی جوانی لە دوو
لێنێن بازۆن گران باران مەڕ ڕۆیی لۆ هەوێزێ
بەژن باریك هات ڕۆیی کیژۆرەی جوانی تەورێزێ
گۆتمێ بینە ماچتکەم کوتێ سنگ پڕ بە هەمێزێ
لێنن بازۆن پێش باران مەڕ وا چوو لۆ زینوێ شێخی
بەژنێ باریك هاتو ڕۆیی بەربەنەی بەخۆی دەئێخی
هێ کچێ بینە ماچتکەم کیژۆرەکەی کچە شێخی

## ١٨٨ – هەی مامان مامان

هەی مامان مامان ئایشێ لێ مامان
دەستەدە مەسینەی هەرمەگرە جامان
کویلە بابی توو لە جێی خورامان
تۆ یاری من بووی دامەگرە خەمـان
سوسنو هەراران دەراویان دڕی
جۆتی زەرد مەمکان کراسیان دەدڕی
سی‌یێ لارەکان لە گۆلان فڕی
ئەمنو یار یەك بووین لێکیان دادەبڕی

سوسنو هەراران دەراو بەتەنێ
جۆتێ زەردەمەکان لە خوار گەردەنێ
جاعێرێ گوندێ بەعام غاردەنێ
هەر لەبۆمنە بە تاقی تەنێ
سوسنو هەراران مێرگرنێیکە
جۆتێ زەرد مەمکان یاریان دالێیکە
کەمبەرێ یارێ ئەونیك ئەونیکە
ئەوشەو مێوانم دەی ڕووتم تێکە.

## ١٨٩ – دەڕۆم بەرەو بایە – بووك گواستنەوە

دەڕۆم بەرەو بایە دەدروم شینە گیایە
لێ مایێ برایە مایێ برای زایـە
کۆتـك وەر گەڕایە خەتا چ خەتایە
خەتـای ئـامۆزایە
ئامۆزا بەڕێ کەت لۆ بابی خەجێ کەت
خەجێ چاو ئەستێرە بوو بوو بە بلوێرە
بلوێر بەلالووکە هەسپی کاکەم چووکە
بەخێربێنی بووکە
بووکێ خارێ خۆیتی بە گوارەی شەش گۆیتی

## ١٩٠ – هۆی لە کەپرۆکە

هۆی لە کەپرۆکە مریەم ناتـگەمێ
کەپرەکت لۆ بکەم مریـەم ناتگەمێ
داوێمە کەپرێ مریـەم ناتگەمێ
چرۆی نەرمۆکە مریەم ناتـگەمێ
با بەسەر کەوی مریـەم ناتـگەمێ
بەژنـا شلکۆکە مریـەم ناتـگەمێ
کراست لۆ دەکرم مریـەم ناتـگەمێ
بە پێنج سەد زێڕی مریەم ناتـگەمێ
دەدەمە وەستای مریـەم ناتـگەمێ
وەستا بیدوری مریـەم ناتـگەمێ
شـاگرد بیگێڕی مریـەم ناتـگەمێ

## ١٩١ ـ خۆزگا تە سۆزەك دابا

خۆزگا تە سۆزەك دابا لەیلا وا لەیلا
هەر شەڤ ل مالا وەبام لەیلا وا لەیلا
دێ خەلكێ تە دخوازن خۆزێ تە هاژ من هەبا
لەیلا من پڕ هێژایە لەیلا وا لەیـلا
چاڤ ڕەش ژ گوندایە لەیلا وا لەیلا
سۆزەك ژمڕا دایە چاڤ ڕەش ژمڕا بەلایە
لاوكۆ دینۆ وەز بامە لەیـلا وا لەیـلا
گولا چۆلو چیامە لەیـلا وا لەیـلا
وەكی گولا بەر بەرۆ هەڕۆ ل بەر خویامە
لەیلا هاتو دبۆری لەیلا وا لەیلا
دەما چاڤێ من پێ كەفت ب ساغی كرمە گۆڕی
لەیـلا وا لەیلا لەیـلا وا لەیلا

## ١٩٢ ـ مەمكت نارنجو لیمۆ

مەمكت نارنجو لیمۆ یەك خۆخەو یەك هەرمێیە
چەند شیرینە لە نجەكەی دەڕوا لۆ سەر جۆنی‌یە
بەژنی گەلەك برندە هەر دەرێی شەنگەبی‌یە
گۆتمێ بێنەو ماچت كەم قیمەتێ ماچت چی‌یە
گوتی بێ‌مارەو مەلا كووت ماچ دەمی ئەتكی‌یە
كوو لە وراتێ بگەڕێم لەبەر شەرمی خەركی‌یە
پیرێژنەكی زۆر مەكرۆ لێم مەعلومە هەركی‌یە
بەینی منو یاری كرد خودا لێی بی ڕازی‌یە
هێنیم وەرە مارێمە كەسمان لە مارێ نی‌یە
بابم چویتە هەولێرێ كاكم چویتە جۆتی‌یە
ئەو ڕووبەرەی وەرگێرە ڕووبەڕەی دیم پێ برێ
چۆن كارێ وادەكەم نمەك چاوانم دەگرێ
خزمینە هێمەی بازۆن نەوەك یارم پێ بزانێ
بسكی تازە بەردایە وەك خەیاتەی لە شاری
بەژنی ڕەشە ڕەیحانە دەی دام لە قوبەی تاری

بۆنی تۆ فەرسەخ دەڕوا لە چۆلو لە سەحاری
مەمکت نارنجو لیمۆ لەبەر دوکانی شاری
ئەو ڕوو پەڕەی وەرگێڕە یەکی دی بێنە کاری
گەر ئەمنت خۆش دەوێ ئەو شۆکە وەرە ماری

## ١٩٣ – گچکۆکو گچکۆک

گچکۆکو گچکۆک گچکۆکەی دایێ
دەستم هەروەشاند وەرە پەنایێ
گچکۆک منداره نایەتە ڕایێ
ئاغە برات بەری لۆم وەرە ڕایێ
گوندی گچکۆکێ بە کولو بێرە
سینگێ دەلالێ باخچەی هەنجیرە
لەسەر بالای تو لێمدەن بە شیرە
گوندێ گچکۆکێ ، بە سەوزو هێلە
بە کراسی چیتە چاوۆکت واوێلە
توو سەری بابت بەجێمان مێلە
گوندێ گچکۆک لێ ، بە پەرکو بینە
سینگی گچکۆکەم باخچەو هەرمێ نە
گوندی گچکۆک لێ ، چەندە بە ئاوە
سینگی گچکۆکەم باخچەو بەراوە
بەخۆم لێم دەچاند ڕەیحانی ساوا
وەک تۆخۆم هاتم پارم پێ داوە
چەندە ماندی بووم ماندیم حەساوە
لۆ گولەم بەجێ هێشت نە ژنەو نە پیاوە
گوندێ گچکۆک لێ ، بە جیکە جیکە
زەوی بەرماران زەردە فەریکە
جەرەکەت دانێ جێگەی نێزیکە
ئەمنو گچکۆکین ڕوحمان شەریکە
گوندێ ئازدار لێ بە تۆزو بایە ئاقمێ کیژان هات یار لەگەر دایە
سەرێ مەمکانی سوخمەی هەردایە
بسکی داو داو گرد چاوی کل دایە دایە

چاوم تێر نابی لەو تەماشایە حەفت جار سۆفی‌بم مەیلم گۆڕایە
گوندێ ئازدار لێ بە دارو بارە لۆ سەر ئاوێ هات مەمك هەنارە
سەرێ مەمکانی لە کراس دیارە
چاوی خۆی ڕەش‌کرد تیلاکەی خوارە
حەفت جار سۆفی‌بم تۆبەم بەتارە .

## ١٩٤ ــ ئەمان سییێ عەمرم سییێ

ئەرێ سییێ عەمرم سییێ بەخۆت دەڕۆی لۆ خۆشییێ
بەجێم دێڵی لە ناریێ خەمو خەفەت لێم بارێ
خۆش دێ دەنگێ لایلایێ چاوڕەش بێ تۆ خەووم نایێ
سیەك هاتیە لە کوێستانێ لەسەر بەحران کرد گەڕانێ
سینگی سییێم وەك دوکانێ لێی دەکەم کەیفو سەیرانێ
سیەك هاتیە لە سی فەرخە لەسەر سینگی دەکەم چەرخە
سینگی سییێم مۆرە بەرخە لەسەر سینگی دەکەم چەرخە
سیەك هاتیە لەسی‌یە لارە لەسەر بەحران دەکا ئارە
سینگی سییێم مۆرە کارە لەسەر سینگی دەکەم ئارە
ئەرێ سییێ چەند بێعاری درت تەڕە وەك خەیاری
ماچت دەکەم بە زۆرداری تەرك ناکەم دنیاداری
سییێ گوت :ــ
هێتیم ئەتو چەند غەدداری داکم کەتیەو تای لێ باری
نەخۆشە لەبن بەرماری لۆ ناپرسی لە ئەحواری
هەتیم ئەتوو مەخۆ خەمێ دوعابکە وەختی جەمێ
دایکم دەچی بە وەرەمێ هەردوو مەمکی خۆت دەدەمێ
هاوار یا چاکی بەرماران داکی چابی وەکی جاران
وەرە مارێ بە ئێواران لۆ خۆت ماچ‌کە خەتو خاران
هاوارم یا ئۆمەر مەندان داکی چابی لەوێ دەردان
چم دەدەیێ سییێ قوربان شەوێ وەرە بگرە مەمکان
هاوار یا چاکی بنغەرێ داکت لە تای بچتە دەدێ
بە گفتوگۆ سی پێم دەرێ داکم لە تای بچتە دەرێ
دەتدەمێ لیمۆی باغەرێ
داکی نەخۆشەو کەتی‌یە ( شەوتا )ی بەسەردا باری‌یە
خولقو خوی جارانی نی‌یە مەلا نوشتەی لێ کردی‌یە

دەچمە کن مەلای زەمانی لەبۆی دەکەم ئەبووجانی
چابێ پیربێژنێ سەیانی ئەرێ سیێ چەند حەیاتی
ئەمن کوشتیە بە زۆرزانی دەیگۆ :ـ هەتیم پەشیمانی
نەیدامێ ماچی گەردانی شاد نەبووم بە زەرمەمکانی
مندار بووم هیچم نەزانی دەرنەچووم من لە مەکرانی
خالق تو گەورەو گرانی ڕەحمەت نەکرد بە ئەشقانی
ئەوا مردم لە سوانی سیێ بە درێ من نەزانی
ئەمان سیێ دەخیل سیێ عەیشێو فاتمێو بەکیسیێ
هەرسیێك دەڕۆن لە خۆشیێ بەجێم دێلن لە تاریێ
لەو تاریەی لە ڕۆنایێ خۆش دێ دەنگی لایەلایێ
دەبنوو بنوو کۆریەی دایێ چ بکەم کۆریەم خەوی نایێ
دەبنوو بنوو کتو پربێ ڕەببی ڕۆڵە سەردڵ خربی

## ١٩٥ – دەمەتەقێی کوڕو باوکو دایکو کیژ

کوڕ هەردەستی لە خەوێ دەستی ناگری جەرەوێ
دەرێ بابە ژنم دەوێ ڕۆژت لێ ناگەینمە شەوێ
ئەرێ کوڕم ئەقرت کووە کیژی مامت هەر لۆ تووە
بوار مایەو زستان چووە
کوڕە لاو دەرێتە بابێ مەڕی پیشاندە قەسابی
نەخت زۆرەو تەواو نابی بفرۆشە تاکە رەبابی
دەست لە کچمامێ بەرنابی
بابی دەرێ ئەمن چ بکەم حەیوانەکەم خەلاس بکەم
کیژی مامت داخواز بکەم چ لە مندارەکان بکەم
کوڕە لاو دەرێ هۆ بابە لۆم داخوازکەو پیاوی چابە
ئەو خەمەی لە درێ من لابە درم لۆی پڕ لە عەزابە
کوڕ دەرێ : سواربە لە مایئەکی شێیە سبەی هەڕو لۆ دەوزێیە
داخوازکە کیژی مامێیە هەتا دەمرم چاوم لێیە
چاو کارمامزی دەشتێیە
کیژ دەرێ : ئەرێ دایە بابم دەرێی بێ ئاگایە
ئەمنی لەسەرچی دانایە بێ شەرعیەو بەو خودایە
دایکی دەرێ : ئەرێ کیژم تۆ برای لە بۆ بابت وەکی چرای

کیژ دەڵێ : ئەکێشتانە ئە نیوڕانە کابرایەك لەوێ میوانە
دوو سێوی کڕی کیژە جوانە هەردووکی لە سینێ دانا
بردی لەپێش بابی دانا گوتی :ـ بابە دەبزانـە
بابی لە دڵی خۆی فکرییە تۆغیانی مێردی هاتییە
لۆیێ لەیلێ وەی کردییە ۰

## ۱۹۶ ـ ڕابیلێ وەی کاریلێ

کاریلێ وەی ڕابیلێ هەرۆ دەردت لە گیانم
ڕۆژێ جارەك نەتبینم غەریبو ماروێرانم
ئەسحێبی دەستەکانم بەرماری نوێژەکانم
وەك عەجەمێ مەندواوێ بەردەمۆرەی گیرفـانم
هەندە بکەومە سەر بەندان شای بە سەپان نازانم !
سینگت هەسانی ساوان خرمەی دێ لە دراوان
یاخوا بەخێربێتەوە بیری دەشتی خۆشناوان
هەردوو کوڵەی سوتاوە لەسەر پشتە دێراوان
دوو سارە هەرزەکاری بێزاری لە مارە باوان
مەمکی قوتە قوتیانە بەخوا لۆ دەستی لاوان
دەچمە سەر دێدەوانی زەینێ خۆم بەردەداوە
( بانەمورد )ی شێخانان کارغەزالیان لە ناوە
لەسەر کانیێ ( مەخسود )ی لە ئاوێ گەراوە
جەرەم پێ دانا حەردی دەمم لە دەمی ناوە
هەرچەند بێنم لێدەدا دەیگۆ : مەکە هۆ لاوە ۰

## ۱۹۷ ـ بەژنێ کچمامێ

بەژنێ کچمامێم شترە ئەمامە لەسەر سنگۆرەی جۆتێك شەمامە
هەتاکو دەمرم هەر بە تەمامە
بەژنێ کچمامێم شەنگۆرە بییە
لەسەر سینگی ڕووت جۆتێ هەرمێیە
ماچی کچمامێ بۆم عەیبی نییـە

بەژنی کچمامێم دار ئەسپینداره لەسەر سینگی ڕووت جوتێ هەناره
حەفت دۆستم هەبی لای ویم بەتاره حەیفم دەمینێ دیدەن بەپاره
من هیچم نییەو چۆن بیکەمچاره بابە پیسکەکەی گەلەك غەدداره
ئەرێ خزمینه لۆم برێن بە کچمام ئەچم بۆ سەفەر ئەبی بە تەمام
خافرم ئەکا لە دیاریو سەلام پەرەم لێ ئەدیت زۆری تێڕامام
کچمام مامزه لە دووی دەگەڕام
لۆم برێنە کچمام دەچمە سەفەرێ لۆ خۆم دەگرم لیمۆی باغەرێ
بەو شەرتەی کچمام بە داکی ئەرێ
لۆم برێن بە کچمام دەچم لۆ شاری خافرم ئەکا لە دەستو دیاری
کچمام مامزه لەناو ئاقاری ڕوومەت شەکره سێو دەیگرم بە زاری
لە بۆ کچمامێ درم دەناری ٠
سینەمێم لە کۆچێنا چوه عاردێ هەباسی
سینەم لانکێ خۆی هەرگرت چوه حوسێنی غازی
چاوی ڕەش کرد بسکی لولدا مەمکان دراند کراسی
سینەمێم لە کۆچێنا بەروەو کوندەکی دێرێ
سینەم لانکی هەرگرت دەچوه حوسێنی غازی
چاوی ڕەش کرد بسکی لولدا تیتان پەلدا کنێرێ ٠

## ١٩٨ ـ تاکه دێری فۆلکلۆری

پێش دەرکەی مارمان داری سۆرگوره
ئەشقی یارێکم سەر بە پر پره
هەی دادو بێداد لەم هاژه هاژه
ئەشقی یارێکم زۆر بێ ئەندازه
هەی دادو بێداد لە دوور وڵاتێ
چی بکەم ڕێم دووره دەستم نایگاتێ
هەی دادو بێداد یار لە نزیکه
ئەشقی یارێکم ناوقەد باریکه
هەی دادو بێداد دەنگم دەرنایێ
ئەشقی یارێکم لە خانەقایێ
هەی دادو بێداد مانگەشەو دابێ
ماچی گەوره کچ لە گەردەن نابێ

هەی دادو بێداد سەر لە هێواریٚ
تاکەی بچێژم ئازاری یاریٚ
هەی دادو بێداد خۆمن نەماوم
جۆتیٚ ئەبرۆی تۆ پەرژینی چاوم
هەی دادو بێداد لۆ دادی تەواو
فرمێسکم دەرژیٚ وەك باران لە چاو
هەی دادو بێداد چ نارە نارە
یارم بارەگات سەر لە ئێوارە
سەت دارم لێدەن بە دار خڕنوکیٚ
دەست هەرناگرم لە تازە بوکیٚ
شیرین هۆ شیرین باوانم شیرین
ماچت دەرمانە بۆ زامو برین
ئەوا حەوت سالە نەمدیوی بە چاو
گەلا ریٚزانمە وەك باغی بیٚ ئاو.

## ١٩٩ ـ هیٚ برا سەرم زۆر دیٚشی

هیٚ برا سەرم زۆر دیٚشی درم بەهاتو هەرایە
گرمە گرمیٚ گەواران رەتی کرد لۆ چیایە
لێیٚ ئەو کچەم خۆش دەویٚ زۆر بە شەرمو حەیایە
یارم چ عەیبی نیە پیٚی دەکەن ئیفتیرایە
دەنا دوو ساری عەلە پشتم لیٚ وەرگێڕایە
ڕوومەت هەر وەکو جاران شەمامەی نە گۆوایە
هەناسەکم هەردینا سەنیەو مرکیە سوتایە
جێیێ مرازو مەخسودان حەوشەی سوڵتان عەولایە
بە کڕینو فرۆشتن بی دیٚنی هەموو دنیایە
زەردو سۆر تێکەر بووە لەسەر سوڵتان عەولایە
ئاغرەب کیژە مەخموری تاق قاقی مەی تێدایە
یاریٚ ئاگات لە خۆبی نەفامی زۆر تێدایە
یارم هاتە شایێ جاجێر دریان گۆڕایە

## ٢٠٠ – هێ برا سەرم زۆر دێشی

هێ برا سەرم زۆر دێشی دەردێ لە درم بەبرینە
بانەموورد گەلە خۆشە بە ڕووبارو کانینە
دوو قوورینگی گەردەن بەخار لەسەر کانیێ نیشتینە
پارێزی خۆم لێ دەستاند بەیارم شوبهاندینە
بارێ خۆیان شۆڕ دەکرد دانیشتن لە تەنکاوان
تۆپەوانەك پەیدا بوو ئەوانی گرت بە داوان
وەکی ئەو جوابەم زانی ئاگرم بەربووە هەناوان

## ٢٠١ – دیوانێ و دیوەخانێ

دیوانێ و دیوەخانێ چۆل بوو لایێ دیوانێ
دیوەخان خڕو خڕە هەر چار دەورەی ئاخوڕە
ئاغەمان تازە کوڕە
دیوەخانێ لە تیشی هەراش گوریێ قەمیشی
کاکەم تێدا دانیشی ئەو کاکەی نێك بە ڕیشی
کاك مندارەو نایزانی دیوانێ دیوەخانێ
تەرخانە لۆ میوانێ
دیوەخان سەر نشێوە چاوشان لێوە لێوە
ئەو کاکی سەر لێ شێوە
کاکە نەزمی باوکانە دیوان دیوەخانە
قەدری بە در بزانە

## ٢٠٢ – هەڕی دەمژم

هەڕی دەمژم چەند ترش و تارە دارێ سەر کانییم لۆت شترە دارە
بەدوو گەسانیش یەك شەدە لارە دێمە ئەو گوندەی هات و هاوارە
دوو مامز وادێن سەربەرەو خوارە
هەردووکیان کارن فەرخەی ئەو سارە
تاژیان تێ بەردان مندارو توارە بردیانە خوارێ لۆ سەر ڕوارە
لە عاردیان دەدا لەگەر حەوفارە
چەند نوشتیم دەکرد نەیکرد چ کارە
چەند ڕاوێ دەکەم ڕاوم بەتارە وێردو تەسبیحات تووم لە خەیارە

## ٢٠٣ ــ ئەسمەر چەمە ★

ئەسەر چەمە ، ئەسمەر چەمە ئەسمەر غەزاڵەو پەرچەمە
ئەسەر دایە وەم بەردەما ئەسمەر مەرۆ بارم غەمە
چاوت هەستێرەی جەدی‌یە ڕووت لە ئیمامی « عەلی »یە
ماچی ئەکەی کەیفی نی‌یە بۆ ئەمکوژی خەتام چی‌یە ؟
لە ئەعبێنی پاییزو بەهار بولبول ئەکا ئەم دار ئەو دار
دەناڵێنێ بۆ « وەهلی » یار کێ دی‌یە گوڵ بگرێ هەنار
ئەفرە بەرزی ئە « هەرنەوی » کەوای خامەك نشتە زەوی
گومەتە ئەکەی ئەڵێ کەوی بەنەی خوا... هەوا ئەوی ؟

من بە تۆمە ئەی یاری خۆم بەنەی خودا ئەسیری تــۆم
قەستەم بەو باڵای عەر عەرت بەو سەڵتەی تازە لەبەرت
« وەخت »و بمکوژن لەسەرت ئەسمەر چەمە ئەسمەر چەمە
هەرچەند دەکەم دڵ پیر نابی دەسم لە سواڵەی گیر نابی
ئەسمەر مەڕۆ بارم غەمە
چاوت ئەستێرەی بەیانە ڕومەت گوڵی ڕو خەرمانە
دەست نوێژی خوای سوبحانە .
ئەسمەر چەمە ئەسمەر چەمە ئەسمەر دایە وەم بەردەمە
ئەسمەر مەڕۆ بارم غەمە .

---

تێبینی :ــ بەهۆی مامۆستا ( فخرالدین نصرالدین )ەوە ئەم گۆرانی‌یــەم لە ئەحمەد محەمەد حسێن کە نــاسراوە بــە « ئەحــەی عــاسە » وەرگرتووە ، کە تەمەنی ٦٣ ساڵە لە دێی قادرکەرەم کە پیشەی « ڕاوچی »یە هەر لە کۆنەوە .

★ ئەم گۆرانی‌یە تایبەتە بە دروێنە کردن لە ناوچەی گەرمیاندا لــە کاتی « گەلەدرەوا » کە گەرم دەبن بۆ درەو کردن‌و پێی ئەوترێ « بەکرەیی » و سەرپــاڵا گۆرانی‌یــەکەی دەوت‌و درەونــی یــەکان « ئەسمەر چەمە »ەکەیان بۆ ئەگێڕایەوە .

## ٢٠٤ ـ ئەی هاوارو ئەی هەنار

ئەی هاوارو ئەی هەنار مانو نەبی مام ڕێبوار
بارت چی‌یە ؟ چل هەنار « قیمەت » چۆنە لەگەڵ یار ؟
بەجۆ دەیدەم یەك بە چوار بە « گەنم »یش نرخی یار
ئامان ـ ئامان ـ ئامانم تێ بۆخۆم‌و خۆت گریانم تێ
گریانێکی زۆر بە هەوەس چاو دەگێرم دیارنی‌یە کەس
بە منداڵی گەورەت کردم گەورە بوی ماچت نەکردم
« من » « پیر » « تۆ » پیر دڵ پیر نابێ
دەستم لە مەمکت گیر نابێ یار منداڵەو بۆم ژیرنابێ
« کوڵلە » هاتوە پاکورە مەمکی کۆڵکێشمان خڕە
« کوڵلە » هاتوە دەم چەقۆ جۆت خوارد گەنم ‥ مەخۆ
باڵا بەرزێ درێژێ دیم لەسەر بەردە نوێژێ دیم
عەشرەت بەگزادەی گێژی دیم ٠

---

تێبینی : وەك دەر ئەکەوێ ئەم هۆنراوەیە چەند پارچەیەکی لێك جیاوازە ٠

★ ئەم گۆرانی‌یەش هەر هی دروێنەی ناوچەی گەرمیانە ٠

## ٢٠٥ ـ ئەبلەبیم ـ شیرین سەدایە ـ لەیلێ ـ

ئەبلەبیم خزمەت وەناکەس کەردم ناکەس هاوددم وێم ڕۆح سپەردم
هەرکەسێ خزمەت وەناکەس کەرۆ
ئاخر سەرەنجام سەرگەردان مەبۆ
شیرین سەدایە ‥‥ دیم یەك نازدارێ مەکەرد لایلایە
سی جزمەی قورئان وانانم یەقین ئینە حۆری‌یەن کەفتەن وەزەمین
لەیلێ سوبحانی ‥‥ لەیلای مەجنونی سوبلەی سوبحانی
هەستارەی شەفەق دەمەو بەیانی سالارسەنگین قیبلەی یارانی
نەخشەی خودانی بۆیە جوانی دووربی لە بەلای قەزای ربانی

---

★ ئەم دوو پارچە هۆنراوەی دوایین لە کاك ( هەردەوێل کاکەیی ) وەرگیراوە ، ئەویش لە زاری بەرێزان (عومەر حەسەن زەنگنە، ( شوکر ڕەزای کاکەیی ) وەرگرتووە ٠

## ٢٠٦ ـ هەر جاری جاران

هەر جاری جاران هەر وەکی جاران
دەچمە شەقراوەی لەبەر نساران
دەچمە ( گردمەلا )ی جێی لانك داران
دەچمە ( قوشتەپە )ی جێی حەبادارن
شەدەکی دەکڕم بە پێنج و چاران
زێڕ لە ناوەندێ زیو لە کناران
یار لە سەری نێ دانی ئێواران
ڕدی ڕەواندزێ لەسەر سێ دارە
سەری هەرناگرێ تەختە و دووبارە
دەچمە موسرێ تەختەك دیـارە
دەرگەم لێ بوەیەك کلیل هەزارە
خودای گەرەم کرد دەرگەم کردەوە
دەستم تێ گیرا یارێم دیتەوە
ئەوشۆ لەوێ ماین نووستین پێکەوە
لەگەر شەمامان سولچمان کردەوە
دەچمە ئەو کۆشکەی گەلەك نەوی یە
یەکەکی تێدا ناوی ڕابی یە
ماچمان دەداتێ هیچ عەیبی نی یـە
دەچمە ئەو کۆشکەی گەلەك برندە
یەکێکی تێدا گەردەنی زەردە
ماچمان ناداتێ جێی داخ و دەردە

## ٢٠٧ ـ هەی شەڕە شەڕە

هەی شەڕە شەڕە لە هێلەوەیە حەبیب سوار بوو ئەورۆ فیتنەیە
حەبیب گاز دەکا مشیر برایە ئەورۆ سێ ڕۆژە بۆسە داندرایـە
گەرعە بەدوعا ڕوح جانفیدایە
هەی شەڕە شەڕە لە شیواشاری
حەبیب سواربوو لۆیان چووە خوارێ
دەست ڕێژیان لێ کرد وەك تەرزەی بوارێ

مەیتێ حەبیبیان فرێ داخوارێ هەوریەی حەبیبم لە دڕکان دارێ
سمێری سوسنی لە خینێ دارێ
هەی شەڕە شەڕە شەڕ لە چیایە عەلۆی خورشیدی خدری پاشایە
گردێ پیرداودیم بەر لە سەحرایە یاڵلا وێرانبی بەر لە سەحرایە
مەیتێ حەبیبم وا لەبن دایە

## ٢٠٨ ـ لە گوندان

لە گوندان کێنەر خۆشە ئەو شەنەغەی لە گەڕێ
بسکو پەرچەم تێکەر بوون ئەگەر بای دەکا شەڕێ
ئەوی ئەمنو توی لێك کرد ڕەبی لە دین وەرگەڕێ
دێتەوە لە کۆرێ فاتمێ مەلایە چاوی چەند ڕەشە تازەی کلدایە
ئەوشۆ میوانم جێت لەکی لایە
دەیگۆ بەخێر بێی سەرچاوەکانم ئەگەر تو سەربی ئەمنیش
سەیوانم
بەچم سوند دەدەی بە گراسی بەرت خۆ کفری نیە بنوم لەگەرت

## ٢٠٩ ـ بارانە بارانە

بارانە بارانە هەوای بارانێ گۆڕی
ئەرێ لە قیژەی قازی کارێ گیان لە چریکەی پۆڕی
ئەرێ دەبڕێن بە یارم مندارە قەولان نەگۆڕی
بارانە بارانە هەوای بارانێ ساردە
ئەرێ زولفەکەت لولە کارێ گیان بینە لۆم لادە
بارانە بارانە هەوای بارانێ تازە
ئەگەر یار مەیلی لێبێ بۆ خۆی دێتە دەروازە
ئەگەر یارم ناناسن لەنێو عالەم ممتازە
بارانە بارانە هەوای بارانێ گەرمە
زولفی خەیاتەی خاوە سینگی وەك دۆشەك نەرمە
ئەگەر یارم ناناسن دەرێی بوکی بە شەرمە

## ٢١٠ – ئەمان نەزلیێ

ئەمان ئەمـان هەی نەزلیێ چارەشی چل کەزیێ
لەبۆم وەرە سەر کانییێ
یار دەڕوا خۆی دەشلیێنێ بەلەنجە دەمسوتێنێ
بێڕەحمە نامدوێنێ غەوس لەمنی ئەستێنێ
یار وەرە ئەشمیل وەرە خۆم نیشانەدە لە پەنجەرە
بۆچ دەمکوژی بەو کەسەرە دڵەکەم دەربەدەرە
قەراو سەفین بەرامبەر عەبای ڕەشی کرد وەسەر
یارم دەچیتە سەیرانێ ئەمنی کردوە سەوداسەر
هەروا دەڕوا لەنجەی دەکا سەری مەمکی ئەمە دەکا
بە ئیشارەت ئاسمان دەکا هەتیم وەرە ماچەك بکە
درم تەنگەو ماتەمە شادی لە درم کەمە
ئەمان یار دەرهەق بەمە گێی لە قسەی ئەوو ئەمە

## ٢١١ – مەڕ لە دۆریێ

مەڕ لە دۆرێ لە دۆرێ مەڕ دۆرێ بە ئاوە
بێری دێن ناوە ناوە یارێ من بەرەك چاوە
مەڕ لە دۆرێ لە دۆرێ مەڕ لە دۆرێ بەبیە
بێری دێن تیەو تیە یارێ من ناو ڕابیە
مەڕ لە دۆرێ لە دۆرێ مەڕ لە دۆرێ بەدارە
بێری دێن ئارە ئارە یارێ من ناو خەزارە
مەڕ لە دۆرێ لە دۆرێ مەڕ لە دۆرێ بە قوورە
بێری وادێن بڕ بڕە یارێ من مەمك خڕە
مەڕ لە دۆرێ لە دۆرێ مەڕ لە دۆرێ بەتنۆکە
کیژە بێری چەند کۆکە یارێ من ناو فاتمۆکە
مەڕ لە دۆرێ لە دۆرێ مەڕ لە دۆرێ بە بەردە
بێری دێن ئەردەن زەردە یارێ من وا لە ئەردا
مەڕ لە دۆرێ لە دۆرێ مەڕ لە دۆرێ بە فریزە
بێری دێن جیزە جیزە یارێ من زۆر بەفیزە

## ٢١٢ ـ هەی نەرمە

هـەی نەرمەو نەرمەو نەرمە دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه
هاوینه دنیا گەرمە دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سینگێ یار کامل نەرمە دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه
سینگێ دۆستامن نەرمە دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه دەلیلێ نەرمێ نەرماله
ئەز چوم نەرمێ ببینم دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه
دایكو بابی لەمن ب کینن دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه
ئەختی ل مەمکان دەستینم دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه
دایكو بابی ل من بنازن دەلیلێ نەرمێ نەرماله
ئەختی ل مەمکان دەخوازم دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه
ئەز چوم نەرمێ داخوازکەم دەلیلێ نەرمێ نەرماله
دایكو بابان ڕازی دکەم دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه
نەرمێ دڵێ خۆ ماراکەم دەلیلێ نەرمێ نەرماله
سەر زێرێ گوندێ فەلانه

## ٢١٣ ـ حەمایل

حەمایل جۆتن جۆتن خانمێ مەلحەموو دلان
حەمایل جۆتن جۆتن بسکێ شۆڕو کەزێ زەر ل سەر ملان
سولکۆکان بزمال کۆتن خانمێ مەلحەموو دلان
بنێ مەمکان وەم سۆتن بسکێ شۆڕو کەزێ زەر ل سەر ملان

کو بسەر بەژنێدا دگۆتن خانمێ مەلجەموو دلان
ئەو ئی کوڕ کێمە دگۆتن بسکێ شۆڕو کەزێ زەر ل سەر ملان
حەمایل سێ‌ئەو سێ‌نە خانمێ مەلجەموو دلان
بنێ مەمکێ یارێ‌نە بسکێ شۆڕو کەزێ زەر ل سەر ملان

## ٢١٤ – دوو گوران

دوو گوران هەراوێن دوو گوران هەراوێن بە جوتە
بەن بەنەو هەیتو هوتە سنجاق سەر سینگی ڕوتە
جەرگێو درم لۆی دەسوتە
لۆی دەسوتا جەرگێو سێیە گور بوم کەتمە غەریبی‌یە
دەردێ درم گرانە نازانن قەدرم چی‌یە
گور بوم کەتمە چەنگ نەزانان دادەبنێن لەسەر دوکانان
بمگێڕن لە قاوەخانان بمبەنە ماری کیژ جوانان
هەی نەرمە نەرمە هاوینە دنیا گەرمە
دەچمە نك یار غەزالێ ئەویش لەمن بە شەرمە
گەرمە گەرمی هاوینێ هەر سێ مانگی هاوینێ
هەر ناکەم لەنێو گوندی دەیگۆڕمەوە جۆخینێ
بەری دێرێم بە پیازە دوو کۆتران گازە نازە
دەچم نەرمێ داخوازکەم دەڕێن بابی ژن خوازە
بەری دێرێم بە جۆیە دوو کۆتران لۆیە لۆیە
دەچم نەرمێ داخوازکەم دەڕێن بابی کەوخۆیە
بەری دێرێم گەنمە دوو کۆتران گمەگمە
دەچم نەرمێ داخوازکەم دەڕێن بابی حاکمە
بەری دێرێم بەدارە داران گرتیان هەنارە
دەچم نەرمێ داخوازکەم بابی گەلەك بێ‌حارە

## ٢١٥ – کۆترۆکی

کۆترۆکی گۆرە شیری لەمن بەدار هازینە
چەند نێرگزی قاچاخان عام لە عام پشکوتینە

دەچمە سەرێ سەفینی بە غەزارو کیوی نە
دەچمە باخی شەقراوێ بەجۆگەلەو کانینە
دەچمە نێو دۆلێ گۆڕێ ڕەنگی بە زەردەبینە
دەچمە باغی خۆشناوان بە خۆخ و بە هەرمینە

## ٢١٦ ـ کاکە سەرم چەند دێشی

کاکە سەرم چەند دێشی دەردێ لە درم دەناری
سەردەمەکی مدیر بووم دانیشتبوم لە ڕێ داری
لە مدیری دەکەتم دەگەڕام لە جۆتیاری
هاتم لۆ دیبەگەیە ڕێم دەکەت، کەنداری
مەحبوبەیەکم شیرین دیت داینا کۆرو قەساری
دەیگۆ جلکت فڕێدە لەبۆت بشۆم شەرواری
بە کراسی مەلەز کەتان ڕاوەستام لە قەت پاری
لە داکێ کیژەم پرسی پلکێ ناگری جۆتیاری
کوڕم دەگرم جۆتیاری هەر بە قەولی حەفت ساری
بەران لە ڕەنگ منداری لەبەژندا بە ساری
کیژەکی جوانم هەیە دەتدەمێ بە یەکجاری
بە ڕۆژ جۆتت پێ دەکەم بەشەو دەتنێرمە پاری
دەستم دەدا دار جۆتی لێ خووڕە جاشکی سێ ساری
بوارە جۆت زۆر ناخۆشە جۆتی بکەی لە بەیاری
هێواران دەهاتمەوە دەحەسامەوە یەکجاری
لبادی بۆ دادەنام بالیفی دەینا یاری
سەرو ملی دەشێلام دەیگۆ لاوە جۆتیاری
سەماوەری جۆش دابوو سەریشی چاپەستی خواری
چایەکی لۆتی کردم سەرخۆش بووم بە یەکجاری
قەفێ سەیرێم لە ڕووانێدا شازولفی ڕادەماری
حەفت سارم ڕەنج لۆ کێشایی نەتدامێ یەک دیناری
حەفتی دیت لۆ دەکێشم تاتۆم لێ ببی حەراری .

## ٢١٧ ـ ئامەکەیەو ئامینە

ئامەکەیەو ئامینە کۆترۆکەو شانە شینە
دەمێ بە پێکەنینە مەرهەمی سەربرینە
کورەی شەکرو هەنگینە کە شەو داهات لۆم بینە
شەو لە پێشی بەیانی بەخۆی دێتە گۆرانی
دەستم برد لۆ مەمکانی دەیگۆ هەتیم نازانی
من سوحبەتێ دەزانم قەزات پاکی لە گیانم
تووبی بە دەسگیرانم وەک ڕادیوی دیوەخانم
ڕادەمارێ خەمانم

## ٢١٨ ـ زولفانێ

زولفانێ زولفێ لەملان جۆتن سەر بەژنێدا دگۆتن
کچکان کوڕک دەسۆتن

زولفێ لەملان سێنە سەر بەژنێدا دتێنە
ئەو زولفێ یارێنە

زولفێ لەملان چارن سەر بەژنێدا دبارن
زەریا لاوک خان

## ٢١٩ ـ خـــەزالا

خەزالا چیایێ سۆرم حەمایلا پڕ مۆرم
دۆستا لاوێ بسپۆرم

خەزالا چیایێ ڕەشم حەمایلا پڕ نەخشم
دۆستێ لاوێ کەلەشم

خەزالا چیایێ سپیمە حەمایلا ب ڕیشم
دۆستێ لاوێ کەیفیمە

## ٢٢٠ ـ لە دەرکێ ڕاوەستایە

لە دەرکێ ڕاوەستایە شیرین حەوشێ دەماری
بەژنی داری شەکرانێ شیرنە ملو دەسماری
زەردەکەنیی دێنێ پێدەکەنی بە زاری
لێو ئەترەسی فەرەنگی لە بنی دایە مرواری
سینگی لۆمن بمینی باغی برایم ئەواری
جۆکەکم لۆ هەردەبەست بە فەقیریو هەژاری
شەوێو ڕۆژێم ئاودەدا وەك حاجیلەی لە بواری
دێنە بەر داری شتر بە جوت دەگرن هەناری
ئەو پیری بۆنی بکا دەبنەوە چاردەساری

## ٢٢١ ـ گردێ گردمەلام

گردێ گردمەلام بەئاوە شەڕەکی لێ دامەزراوە
هەر لە سبەینێ تا ڕۆژئاوا قادر کاڕەسول کوژراوە
کاڕەسول جوابان دەنێری قاسید برۆ مەخموری ژێری
مەحمودەو هیمداد بنێری
مەحمودم ئەوهای کردیە پێنج سەت سواری سوار کردیە
پێنج سەت سوارو دوو سەت پیادە ئەوجا هاوارە مەحمود هاوارە
مایێ مەحمودیم بالدارە شەڕ کەتە گۆڕێ خالدرە
ئەوجا عیسا دەرێ من عیسامە بە پێنج سەت سواری نوسرایمە
دەرێ عیزرائیلی حوسێنی مەلایە

## ٢٢٢ ـ هەی دارە دارە

هەی دارە دارە دارێ شین بوو لە چۆمان
کەزیلەت ماری ئاوی جنگلەی دەخوارد لە تۆمان
سەبارەت بە چاوی تۆ کەوتمەبن باری لۆمان
هەی دارە دارە دارێ شین بوو لە برندی
سنگت تەختو ڕەوڕەوە وەستاکاران تێك بردی
سەد ڕەحمەت لەو مەلای بێ کێژ لە کوڕان مارە کردی

هەی دارە دارە دارێ شین بوو لە زوورە
مەمکی وەکی زەردەبێ کوڵمانی گەمێ سورە
جەرگێو هەناوم سوتا درم بۆی بویتە کورە

## ٢٢٣ ـ هەر بەمن هەر بەتە

هەر بەمن هەر بەتە بە گوارەی شەش لەتە
خالان گرت سورەتە
ئەو بەندەی وەز دەلێم دەستەبرا نۆرەتە
نۆرەم‌بی نۆرەم بی نۆرەم سەر چاوانم
ئاوێنەو گلدانم لەباغەر یارانم
یارێ ئەوشەڤ مێوانم
مێوانێ بەخێرە تو ب خێر وەرە ئێرە
ماچی دەکەم تێرە گوناح نیەو خێرە
چومە کۆدەك مەندێ گەیمە کیژە ڕەندێ
کوڕ پێ دکا گۆوەندێ
عەدلێنەو عەدلێنە زەوییێ بە قولەتێنە
وەختە بێری بێنە بێرییە کێو کێنە
ستیو ڕابینە دوو تولەو دوو تاژینە
لە باسکان لورینە
چوومە کۆرێ ب ڕێۆاس گەیمە کیژە بلباس
کوڕ پێی دەکا ڕەقاس ٠

## ٢٢٤ ـ هێ براینە سەرم دێشی

هێ براینە سەرم دێشی دەردێ لە درم دەلەرزی
بڕۆنە تاقمەی بووکێ کۆترۆکە لەگەر دەرزی
سەیری ڕوومەتی بکەن دەسووتێ وەك لۆکسی
بە خرابی تو حەز ناکەم دەبتە ڕوو ڕەشیو حیزی
بە خۆشیت لێ خۆم دینم لێ دنیاییش مەحفوزی

## ٢٢٥ ــ لە چیمەنٚدا

لە چیمەنٚدا ، لە چیمەنێ سویسنو هەرار لە چیمەنو لەبێر خوزار
لە چیمەنٚدا ، لە چیمەنێ بەر ڕەواندزێ مەڕم بەردایە نێرگزێ
لەسەر بالای ئەو عەزیزێ بمکوژێ گەزی بەزیزێ
کوتم گەن نابم دەس بەردار
لە چیمەنٚدا ، لە چیمەنێ بەر هەولێرێ مەڕم بەرادیە کنێرێ
لەسەر بالای شەنگەبێرێ لێم ڕاپەڕێ دوو سەت مێرێ
هەموانم کردن تارو مار
لە چیمەنٚدا ، لە چیمەنێ بەر کەرکوکێ مەڕم بەردایە مێکووکێ
لەسەر بالای تازە بوکێ بمکوژن لەنێو خرنووکێ
هەر دڵ بەندم لۆ کەونە یار
لە چیمەنٚدا ، لە چیمەنێ سەرێ ڕواری مەڕم بەردایە هەقاری
لەسەر بالای دان مرواری هەکە ، بمەن لەسێداری
عاشقم عەشقی چاو خەزار
مەمیانێ ، داك جوانێ باب گۆرانێ
سوندێ دەخۆم بە قورعانێ هەتا دەمرم
لە عەشقی چاوی جوانێ دڵ کەسەرم
با ، زوو ، سەر لە سبیانێ بکەین جەولانێ
بچینە سەیرو سەیرانێ بە ڕاماووسانێ
وەکی جارانێ
بەبیرت دێ ؟ ساڵێ پارێ دەستم هاویشتە هەقارێ
لێیان کرد مەێل جارێ لێم دەرکەتن بە هێکجاری
لە چیمەنٚدا ، لە مێرخوزار هەموانم کردن تارو مار
عاشقم عەشقی چاو خەزار

## ٢٢٦ ــ ئەستێرەك هەرات

ئەستێرەك هەرات کردی خەرمانە شەوقی خۆی دەدا لە زار گۆرانە
دەبرۆنە یارێ چۆل بوو جێ ژوانە
ئەستێرەك هەرات ڕێی دەرێن لەیلە دەبرۆنە یارێ چەندە بێ‌مەیلە
ئەستێرەك هەرات لەبنەی پیرزینێ شەوقی خۆی دەدا لە چیای ڕەشکینێ

# ٢٢٧ - بڕا سەرم زۆر دێشێ

هێ برا سەرم زۆر دێشێ شیرین دەردی شەوێیە
ئەسرەك پێشی مەغریبێ گرتم عارە بەرپێیە
پاكەتەكی گوللە سۆر تفەنگم قۆنداخ بەگرێیە
دووربینمدا بەرچاوم ڕۆنیم ئەو زێو ئەو زێیە
دەچمە قەراتە سۆران دەڕێن مەرجانی لێیە
كاكە شەو میوانی بووم كوڕەكی زۆر بەجێیە
تەعریفی كیژەی دەكرد ماریان لەسەر پەرێیە
جغارەكی دەدامێ شقارتەی مۆمی پێیە
یارێ تۆ عەزیەت مەخۆ چەرخی بەنزینم پێیە
بۆنی بەنزینی گرانە لۆمن گەلەك بێجێیە
بەپێش ماریان دادەچوم ڕاوەستا لە دەرگێیە
قسەو گفتوگۆمان بوو لێم گردیە هەروەستەیە
تەكلیفی لادانێی كرد نوێژەو وەختی چایەیە
كەیفم لێ بوو بیدوێنم بكەین یەك دوو قسەیە
بابم چویتە هەولێرێ كاكم لە مركێیێیە
كەیفی هەندێم هەرستا ڕایكێشمە لای ژوورێیە
ڕجای دەكرد لێم گەڕێ دەپرسن میوان كێیە ؟
دەستی چاو ڕەشێم دەگرت دەم برد لۆناو حەوشێیە
ئەسمەر زۆرم خەو دێتن هەردوو چاوم شێوایە
چ مەلای پێ نازانی لەو مەنتیقەو لەولایە
بابچینە گردگراوی مەلا ونس لەوێیە
وەعدەكی كەلە درەنگە سەعات دوازدەی شەوێیە
دەچوینە گردگراوی چوینە مارێ مەلایە
لە دەرگەی هەروەستەم كرد مەلا چایەی لێنایە
دەستم گەیاندە قاپێ بە مەزبووتی هەستایە
مەلا هاتە دەرەوە دەیگۆ : چت لێ قەومایە
( ئەرێ ) ئەو كچەم هەر گرتیە ڕفاندیتم لەو لایە
دەوەرە لێم مارەبكە ئیشەكەی من ئەوهایە
مەلا ڕووی خۆی لەولای كرد جارێ دالغەی لێدایە
هەرەشەم لە مەلای دەكرد دەمانچەم هەركێشایە

ڕووی دەمانچەم تێدەکرد دەتکوژم بەو خودایە
پێنج دینارم دەدایێ مەلا کەتە سەمایە
کە پێنج دیناری دیتن گوتی فتوای سانایە
کچ تەقریری دەداتن مەلا خۆی فتوای دایە
فاتیحەکمان هەدیە کرد خوێندم قولهوئەللایە
دەستم لەملی یارێ کرد ئۆبار بە ملێ مەلایە
شەوێ لەوێندەر نوستین تێکی نەدەی خودایە
بۆ بەیانی هەستاین چوینە دارەخورمایە
شەو لە خەونا بەرگ سپی قاقەزی دەرینایە
هەموو قەلبم دەلەرزی زانیم مەئموری خوایە
سەبر سەبر هاتە پێش قاقەزی دەرینایە
لێم پرسیار کرد جوبرائیل چ بەحسو چ هەرایە
فەرمووی من عیزرائیلم بۆ گیانکێشان وەکیلم
فەرمووی قەبزی ڕوحتەکەم چونکە ئەمری خودایە
بە دەقیقەو بە سەعات چارێکەك عەمرت مایە
چۆکی لەسەر سینگەدا گوتی کارت کرایە
گەلەك شوکرو سابیرم چونکە ئەمری خودایە
ئاقیبەتمان مردنە دنیا لۆ کەس نمایە
دوعام دەکرد یارەبی هاوار لەتۆ خودایە
توخودا گەلە مندارم تازە ژنم هینایە
فەردە شەکرەك خێر بێتن لەگەر سندوقەك چایە
عیزرائیل فەرمووی عەبد ئەتو کردت دوعایە
دووعای تۆ قبور بووە لە بارەگای خودایە
خودا دەوامت بدا عومری تو سەت سار مایە
تاعەتێ گەلەك بکە دنیا لۆکەس نمایە
لۆ خودای سورحام ئەوساوە دێی شەیتانم بەردایە
تۆبەم کردیە لە خرایەی تازە ژنم هینایە
هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرم لێت مەمنونم خودایە
پێم دەرێن کاسب نییە دەگەڕێ لە دنیایە
گەوارەکی دەهینا ڕای دەگرتو دەخوینی
خۆ قەدیمە ڕاوکەر بووم لە دوو دەست بە بازنی
سەردەمەکی ڕاوکەر بووم دەگەڕام لە ئاقاری
من ڕاوی مامزان ناکەم تەقیەی دەکەم دینداری

## ٢٢٨ ـ دەیار دەیار

دەیار دەیار دەیار یار دەیار دەیار دەیار یار
دەیار یەمان قودرەتێ
ئەز بوومە ماسی قەیار ئەز بوومە ماسی قەیار
هەتا لاوك هاتە مال
من جۆتێ مەمكێ‌تە خوار من جۆتێ مەمكێ‌تە خوار
یەك سێڤە ژی یەك هەنار
دەیار دەیار دەیار یار دەیار یەمان قودرەتێ
ئەزی چوومە مالاوە ئەزێ چوومە مالاوە
ئەزێ هاتمە مالاوە
ل سەر خاترا بەژناتە ل سەر خاترا چاڤێ‌تە
دەیار دەیار دەیار یار دەیار دەیار دەیار یار
دەیار یەمان قودرەتێ
دەبەر دەریكێ مە ڕاچوو دبەر دەریكێ‌مە ڕاچوار
خۆزیم زانی باب كی داچوو خۆزیم زانی باب كێ‌داچوو
عەشقا دلا دابوو دوو عەشقا دلا دابوو دوو
ئەز ڕاموستم هەردوو ڕوو ئەز ڕاموسم هەردوو ڕوو
دەیار دەیار دەیار یار دەیار دەیار دەیار یار
دەیار یەمان قودرەتێ

## ٢٢٩ ـ شێخ مەحموود

ڕۆژەك لە ڕۆژان سەر لە بەیانی جوابەك هاتیەو كەس نەیەزانی
هاتیە لەشكری جەعفەر سوڵتانی سەدرەك بگیرێ لۆ بسورمانی
شێخمان شێخ مەحموود شای سلێمانی لە سولەیمانی شێخ
مەحموود هەیە
تەیارەك هەستا لە لۆندەرەیە بیست هەزار عەسكەر سێگەو
گورگەیە
پێنج سەعت مەترەلۆس سی تەیارەیە ئەو پیادەیە هات بە گەمیەیە
ئەو سوارەیە هات بە بەریەیە دەرێن شێخ مەحموود لە هەنجیرەیە

## ٢٣٠ — ڕەزێمە

ڕەزێمە لەبنەی گەرۆتێ گەییمە داکی لەگەر دۆتێ
دیار بوو لۆ منی پێ گۆتێ
ڕەزێمە لە بنەی شەقراوێ کیژۆرەی پەرچەم بە خوناوێ
کەینێم گۆتی‌یە یارێم ناوێ
ڕەزێمە لە بنەی ئێرانێ کیژۆرە چاو بەدەرمانێ
ماچی‌کەم جێژنەی قوربانێ
ڕەزێمە لە بنەی گەردیشی کیژۆرەی قەزمە بە ڕیشی
ماچی‌کەم لەناو قەمیشی
ڕەزێمە لە گردمەلایە کیژە چاوی لە کلی نایە
ڕوح و دینم بۆی نەمایە
هەی ڕەزو هەی ڕەزوانە کیژ باغەو کوڕ باغەوانە
باغێمە بە گورو مێوە ڕەیحانان سەریان نشێوە
بیەن بۆن‌کەم ئەودوو سێوە ٠
ڕەزێمە بە گورو دارە ڕەیحانان سەر بەرەو خوارە
ئارەقەی سوتاند ئەو خارە
ڕەزێمە لە بنەی گەرۆتێ کیژۆرەی لۆخۆم پێ گۆتێ
داکیم دیتی‌یە لەگەر دۆتێ
ڕەزێمە لە مێکۆکاوێ گورم چاند لەگەر سۆراوێ
ماچ دەکەم پەرچەم بە خوناوێ

## ٢٣١ — لاوژۆکەم

لاوژۆکەم لاوژ لاوەکی بەهژ هژە
لاوژۆکەی من لاوە پیاوانەو کوڕی پیاوە
لاوژەم لەسەر بانی دەکوتی گوللە دەرمانی
لاوژۆکە لاوژۆکەی من لاوە
کەرەستەی ڕاوی گۆکە ئەو دیلی دەگەڕاوە
تفەنگی لەسەر پێیە دایم خەریتەی پێیە
لاوژەی بە بەستێدا چەند تاژی لە ڕستێدا
مایێ زین کرایە تولەو تاژی دۆریایە

لاوژەم دەگەڵا یارە لاوژەکەم گەنگی لارە
لاوژۆکەم هۆلاوە جەرگم لۆ تۆ سووتاوە
قەولی خۆت بەمن داوە کەینێ دەچیە شاری
چم لۆ دەینی بە دیاری .

## ۲۳۲ ـ ئەی پەری

ئەی پەری عومرم پەری خەرکی پرینگەو گاوەری
داکی وا بە شوی ئەدا هەر بە خۆم مشتەری
ئەی خاوەر عەمرم خاوەر شەکرە لەپای سەماوەر
هەموو بێن بە خورامی بن ئاغەو خورامو نۆکەر

## ۲۳۳ ـ دەچمە سەری سەفینی

دەچمە سەری سەفینی بەر سێبەر پشت هەتاوە
دەچمە دارە بزماران زەینێ خۆم بەردەداوە
کیژێ سەرگەریان هاتن بەعام گۆریان لێناوە
دەچمە دەشتێ قەراجێ ڕەشماریان ناوە ناوە
سەرم بە دەرگەی داگرت دایكو کیژ ڕاوەستاوە
سەلامم بە دایکی کرد پرشەنگ جەوابی داوە
گۆتم بینە ماچێکەم دنیا هەندەی نەماوە
گۆتی هەستە لێرە برۆ قەولم بە کەس نەداوە
بە قورعانێت سوند ( مەلا ) لۆم خەتیان لێداوە
کەس لە دەمم نەزانی لە خۆمو خۆت بەولاوە
گەردەنی لۆمن هینا شا زولفانی هەرداوە
سەتی وەکو منو تو مردنو پاریان داوە
بیتوێن پانو بەرینە تا پۆیگە سەرو چاوە

## ۲۳٤ ـ های دولاڤێ دولاڤێ

های دولاڤێ دولاڤێ نایێ دەنگێ دولاڤێ
های دولاڤێ دولاڤێ چنگە چنگا دولاڤێ
دولاڤا مە مەزنە نایێ دەنگی دولاڤێ
دولاڤا مە مەزنە چنگە چنگا دولاڤێ

ژێ دەرکەڤت جوتەک ژنە نایێ دەنگێ دولاڤێ
ژێ دەرکەڤت جوتەک ژنە چنگە چنگا دولاڤێ
ئێک ژنە ئێک بێژنە نایێ دەنگێ دولاڤێ
ئێک ژنە ئێک بێژنە چنگە چنگا دولاڤێ
چاڤێ من ل یا مەزنە نایێ دەنگێ دولاڤێ
چاڤێ من ل یا مەزنە چنگە چنگا دولاڤێ
دولاڤامە بچویکە چنگە چنگا دولاڤێ
ژێ دەرکەڤت جوتەک بویکە نایێ دەنگێ دولاڤێ
ژێ دەرکەڤت جوتەک بویکە چنگە چنگا دولاڤێ
چاڤێ من ، ل یا بچویکە نایێ دەنگێ دولاڤێ
چاڤێ من ، ل یا بچویکە چنگە چنگا دولاڤێ

## ٢٣٥ ـ هەی تالانە

های تالانە تالانە تالان مالو تالانە
های تالانە تالانە تالان مالو تالانە
کچکێ دەعوا ل خالانە ماڵوێرانێ تالانە
کچکێ دەعوا ل خالانە ماڵوێرانێ تالانە
تالان گەشتە گوندەکی های تالانە تالانە
رویەت بەلگی قوندوکی ماڵویرانێ تالانە
تالان هاتە ئەرزێ تالان مالو تالانە
تالان هاتە ئەرزێ تالان مالو تالانە
کچ گولیکا نێرگزێ تالان مالو تالانە
کچ گولیکا نێرگزێ تالان مالو تالانە
ڕادمیبم چاڤ مامزێ تالان مالو تالانە
تالان گەشتە شەبەکا های تالانە تالانە
رامویسم جووت مەمکا ماڵویرانێ تالانە
تالانە هاتە شیخوێ تالان مالو تالانە
تالانە هاتە شیخوێ تالان مالو تالانە
کچ گولیکا نیموێ تالان مالو تالانە

کچ گولیکا نیموێ تالان مالو تالانە
ڕادەمیبم سنیگێ بەکوێ تالان مالو تالانە
ڕادەمیبم سنیگێ بەکوێ تالان مالو تالانە
بلا تالان هەلکەڤیت تالان مالو تالان
بلا تالان هەلکەڤیت تالان مالو تالان
ڕەفکاف زەریا دکەڤیت تالان مالو تالان
ڕەفکاف زەریا دکەڤیت تالان مالو تالان
یا چێتر ب بەر من دکەڤیت تالان مالو تالان
یا چێتر ب بەر من دکەڤیت تالان مالو تالان

## ٢٣٦ – های بێلم بێلم

های بێلم بێلم بێلم بێلملۆ های بێلم بێلم بێلم زاملۆ
کچکێ ئەزێ جحێلم بێلملۆ جانێ ئەزێ جحێلم زاملۆ
بێلم پەنیرێ تەرەبێلملۆ زانم پەنیرێ تەرە زاملۆ
مەئینا بو ژکەڤەرە بێلملۆ مەئینابو ژ کەڤەر ، زاملۆ
حەڤت گوندا ، لسەر کر شەڕەم بێلملۆ حەڤت گوندا ل سەرکر
شەڕە زاملۆ
های بێلم بێلم بێلم بێلملۆ های بێلم بێلم بێلم زاملۆ
کچکێ ئەزێ جحێلم بێلملۆ جانێ ئەزێ جحێلم زاملۆ
بێلم پەنیرێ هشکە بێلملۆ زالم پەنیرێ هشکە زاملۆ
مەئینا بو ژنافشکە بێلملۆ مەئینا بو ژنا فشکە زاملۆ
حەڤت گوندا ، ل سەر پشکە بێلملۆ حەت ڤت گوندا ، ل سەرکر
پشکە زاملۆ

## ٢٣٧ – کیژەک دەڕوا

کیژەک دەڕوا دەرێی تیرە مل بە کرمۆکەو زنجیرە
قەولی دونێکەت لەبیرە قۆزەو لۆ بیاوی فەقیرە
کیژەک دەڕوا دەرێی کەوە مل بەهیزارو چارشەوە
قسەی درت لۆم بکەوە

کیژەک دەڕوا دەریێ مارە مل بە کرمۆکەو هێزارە
قەولو گفتی پازدە سارە
تەپو هۆڕێ کەڕەنایێ هەر حەفدە دەورەت پێکدی نایێ
لۆ شارەکی وەکی بازە هەر حەفت دەورەت تەکبیریانە
لەسەر بارای تێل عەیشانە

## ٢٣٨ – ئەی تەنك

ئەی تەنك چەند تەنکی منداڵی دڵ فێنکی
بە دەرزیلەی قەیمی کرد مێخەك لەسەر مەمکی
سەرباری هەموو دەردان تەنك بێنە ماچەکی
کۆترەکەی لە قەراتێ بزندەو دەستم نایگاتێ
یا شێخی ئەوسەباتێ لەگەڵ ئەو کچەی جووت‌بم
لەسەر پردی سیراتێ
شێخی زێنۆ خەلانێ پیر بە دری لەگلۆلانێ
دەستەو دوعا ڕاوەستێ ئەو کچۆلە بێتە ژوانێ
تێکڕ بوون هەرچی‌و پەرچی جەماعەت ئێوە دەرێنچی
لەبەر کەوشی ئەو کچە لێرە دەبمە ئیبنەچی
نە دۆمم نە دەروێشم دایەن لە گڕو لە جۆشم
کەمالی دونیام نەبێ ئیمانت بۆ دەفرۆشم
دەورە دانیشین بەگز بانەم لێ دەبوە سەقز
تەنەکەم لێ دەبوو مس بۆنی ئەو کچەی چەند خۆش‌دێ
دەرێی سابوونی لۆکس

## ٢٣٩ – گردی گردمەلای

گردێ گردمەلای پانو بەرینە مارەکی لێ نماوە بۆرینە
هێستریان بۆزە نێریان نەخشینە
کیژێ وان ماران سەر بە هەورینە
مەمکێ وان کیژان خۆخوو هەرمینە
خەرجەی وان ماران بەمنی بەستینە

یەك پولی کەم بوو چاوم دەربینە
مارەکی لێ ئەلەوێ هەواری هێستریان تۆڕە ناچنە بەرباری
لۆ خاتری یارێ دەگرم دەستباری
گردێ گردمەلای کاولێ کەرژۆڕی سەرم برند کرد هەوراژم نۆڕی
سەلام لە یارێ قەولان نەگۆڕی
گردێ گردمەلای کاولێ ئاوێنەی
سەد حوشترم بارکرد لە دووڕو خەزێنەی
سەلام لە یارێ بەناز نەمدێنی

## ٢٤٠ ـ یارم چوێتە مەڕ دۆشینێ ـ شایی ـ

یارم چوێتە مەڕ دۆشینێ بەو هەنجەتی کارمژینێ
کارێ ساوای لۆ دەمژێنم لەسەر ڕێگەی خۆ دەنوێنم
یارم بێتن دەیگەوزێنم ئەینۆکەکەی لێدەشکێنم
یان شیرەکەی لێ دەرژێنم یان دوو ماچی لێدەستێنم
یارم دەڕوا لۆسەر چاکی وەك ئەسحابەی جەمال پاکی
نانی دەبا لوبۆ کاکی بەسەری من مەرگی کاکی
وەرە بمدێ هەریەك ماچی بە ماچەکی حەیات ناچی
قەزاو بەرات لە ملم ڕاچی
ئەگەر دەڕۆی چاوم لێتبی برژانگی چاوم گێسکەی ڕێتبی
ئەوەك بەردەك لەبن پێت بی دەترسێم بەدکار چاویان لێتبی
دوێنێ غەدرەکیان لێکردم دەستو پێیان زنجیر کردم
لۆ لای قشرەیان دەبردم سورەگوریان زەفت کردم
تەعجوبیمما لۆ نەمردم
دوێنێ چومە سەیری زینان چاو دەگێڕم لە چەند گوندان
چیم بێنەما غەیری گریان چەند ناخۆشە دەست لێكبەردان

## ٢٤١ ـ هەلاڵە ڕێزێ

هەلاڵە ڕێزێ لە ڕێزێ هەلاڵە ڕێزێ کارێزێ
بابە لەسەرووی پەرێزێ وەلا ئەشقم بە مامزێ
هەلاڵە ڕێزێ لە ڕێزێ هەلاڵە ڕێزێ قەبرۆکان
بابە لەسەرووی دەسرۆکان وەلا ئەشقم لە فاتمۆکان

هەلاّلە ڕێزێ لە ڕێزێ هەلاّلە ڕێزێ خانیان
بابە لە سەرووی هەوریان وەلاّ ئەشقم بەڕابیان
هەلاّلە ڕێزێ لە ڕێزێ هەلاّلە ڕێزێ ڕەشماران
بابە لە سەرووی دەسماران وەلاّ ئەشقم بە چاوکاران

## ٢٤٢ – هەی دێمە دێمە

هەی دێمە دێمە لە چیایان دێمە سەت زێرم هەبوو مسقالەك كێمە
گوارەی تێ نەبوو كردمە خەزێمە
هەی دێمە دێمە لە چیایێ ڕەشمە سەت زێرم هەبوو یەكیان بە غەشمە
گوارەی تێ نەبوو كردمە بێ كەوشمە
هەی دێمە دێمە لە چیایێ دیكە پۆپێ لە چەمان هەر چیكە چیكە
ئەوسار چەند سارە در لۆی خەریكە شەرمی پێ ناوێ دەستم لـە ملی كە
هەی دێمە دێمە لە چیای سوڵتانی سەت زێرم هەبوو زێری زەمانی
هەمووم لۆ یار برد داكی نەیزانی

## ٢٤٣ – بابێ بابم خەلیل بەگ

بابێ بابم خەلیل بەگ سەركردەی ئارەمانی
تۆپەكی دامەزراندیە بە ڕووبەی دەخوا دەرمانی
گوللەی وەك فەندی شەكر ئەو باشە لۆ نیشانی
خەلیل بەگ قوماندارە هەرحەفت دەورەت دەزانی
دەچمە سەركەلیوانێ كەلیوانێم چەند شینە
دەڕوا سێ تابوور عەسكەر هەر سێكیان عوسمانلینە
تەعلیمێ وان عەسكەران قۆر بەقۆر چین بە چینە
حاجی برایم بەخۆی دێ سواری هەسپەكی شینە
غاری دەدا سەرتۆپچی مانێری دەردە هینە
دەرێم ئەلحان بتكوژم چبكەم هیمدادم نینە
دەچمە سەر كەلیوانێ كەلیوانم چەند قۆرە
حاجی برایم بەخۆی دێ سواری هەسپەكی سۆرە
غاری دەدا سەرتۆپچی مانێری ناكا نۆرە
دەرێم ئەلحان بتكوژم چبكەم هیمدادم زۆرە

## ٢٤٤ ـ کاکە سەرم چەند دێشی

کاکە سەرم چەند دێشی دەردێ لە درم گەلەکە
سێ کیژم شیرین دیتن فاتموو عەیشوو گورەکە
بە پێش ماریان دادەچووم بە چاوی گاسی من دەکا
تەعجوبیم لەخۆ دەما یارێ لۆچ وەها دەکا
پەرچەم ئاوریشمی خاوە بەشەی داو بەداو دەکا
لۆ لای مارێی دەبردم بەخۆی پەنام لێ دەکا
دەیگۆ قسەی دری خۆت لۆ برادەرانی مەکە
دەرێن ئەتوو شایەری ئەو قسەی عالەم لێ دەکا
ئەمن لە بۆ تۆ باشم ئەو قسەی عەوام لێدەکا
بابم گەلێ عینادە داکم لۆ توو حەز دەکا
پەرچەم ئاورشمی خاوە بەشەی باغە چادەکا
یارم چەندە جوانە زوڵمی لە ڕۆژێ دەکا
پەرچەم ئاورشمی خاوە بەشەی داو بەداو دەکا
هێ برام بە شەوێ تاریك هەمووی داو بەداو دەکا

## ٢٤٥ ـ کاکە سەرم چەند دێشی

کاکە سەرم چەند دێشی دەردێ لە درم شەوێیە
قیرەی قازو قورینگەی دێ لە چەمرگەی پردێیە
ڕاوکەر کەتنە بناری کار دابڕا لە داکێیە
چونکە یارم زۆر زانە گرتی دەوزێو دەوزێیە
داوای یەك ماچم لێکرد عیناد بوو نەیدا پێیە
ڕوومەت برقێ ئارەمان شەوقی وا لە میسرێیە

## ٢٤٦ ـ بیتوێنم بەتووتنە

بیتوێنم بە تووتنە شێخ شەروان مرگێمنە
تێگەڕام سەراو بنە تێیدا نیە یارێمنە
هەمووی هەر بێوەژنە
بێوەژنم گاسی دەگرد وەرە مەمکم بگرە
دەستم لۆ مەمکی دەبرد لە شارۆغی پیرترە

دەوم لۆ ڕومەتی برد لە هەسانی لووسترە
وەکی چاوم بێدەکەوت عیزرائیلی ڕۆح بەرە
دەروێشەکم تۆبەکار لە ملمدا شیرو مەتار
چەند دووپشکو هەزار مار چەممم دەکرد بەیەکجار
هەموو باپێوەم بدا لەسەر سێوی ڕووبەخار
تۆی بێوەژنم ناوی دەموی یاری هەرزەکار

## ٢٤٧ – کیژ دەچنە داران

کیژ دەچنە داران چیایێ بە مازی
قەزمەکەی لێنا هەوری فەتتازی
لەسەر قەزمەی نا دەرزیلەی غازی
بە سوڵتان عەولا بە حوسێنێ غازی
بە ماچو دوو ماچ لێنت نابم ڕازی
کیژ دەچنە داران چیایێ سەربەنێ
خەناوکەی حەفت کیژ وا لە گەردەنێ
یاری هی خۆمە بۆچی نامدەنێ ؟
ئەو کچەی دەبەم دەچمە یەمەنێ
کیژ دەچنە داران کەندێ بەکفر
قەزمەکەی لێنا گورنگێ موقابل
بە سوڵتان عەولا بە عەبدولقادر
بە ماچو دوو ماچ پێت نابم قایل

## ٢٤٨ – ڕۆیشت ڕۆیشی خاتوونان

ڕۆیشت ڕۆیشی خاتونان لە فرینێ وەك کۆتری
سی شەوی ڕەمەزانێ فەرزە ئومەت بیگری
لە دونیایێم لۆ نەبی چت لێ بکەم لەناو قەبری
ڕۆیشت ڕۆیشی خاتونان لە فرینێ تۆز پەیدا بوو
دوو ڕەشماری ڕەشکۆکە لە جۆمەکیان هەردابوو
دوو کیژی گوارە زێرین لە حەوشەی ڕاوەستابوو

دەستم برد لۆ سنجاقێ زەرد مەمك بەرەلا بوو
چ تودکم ئەوێ نەدیت ساقێ ساقێ پەیدا بوو
ڕۆینت ڕۆینێ خاتونان لە فرێنێ وەکو قەتێ
سینگێ گەرخێ مەرجانان بەخۆم لێدەدەم خەتێ
سێ شەوی ڕەمەزانێ فەرزە لەسەر ئومەتێ
لە دنیایێم لۆ نەبی چت لێبکەم لە قیامەتێ
مەمکی شوشەی گوڵاوێ لۆم دەهات لە جەنەتێ
نەمرم لە گوڵەی دەستێم خودا بمدا فرسەتێ
ڕۆینت ڕۆینی خاتونان لە فرینێ نابێ ڕەوێ
بەلای ماریان دادەچووم لە مەلێ نیوە شەوێ
بە دەستەکی موبارەك هەرم دەستاند لە خەوێ
دەیگۆت لاوە چت دەوێ ئەلحان دوو ماچم دوەێ
جاوڕەش لە گەردەنێ زەرد دوو ماچی تەڕم دەوێ

## ٢٤٩ ـ خوایە بێتە خوار

خوایە بێتەخوار ئاو لە سەفینی جامەکێ خەنەی لاوێ دەنوێنی
بەپێش بێریان کەت بەژنێ ئامینی ڕۆینێ چەند جوانە گەر پێکەنینی
خوایە بێتە خوار ئاو لە گەرارێ جامەکی خەنەی لە زولفان دەنێ
بەپێش بێریان کەت بەژنێ نازدارێ ڕۆینی چەند جوانە لەگەر گێو
گوارێ
خوایە بێتە خوار ئاو لە دوو دۆران جامەکی خەنەی نا لە بسکۆران
بەپێش بێریان کەت بەژنێ کیژۆران
ڕۆینی چەند جوانە لەگەر مەمکۆران
خوایە بێتە خوار ئاو لە قەرەمان جامەکی خەنەی نا لە پەرچەمان
بەپێش بێریان کەت بە هەموو دەمان ڕۆینی چەند جوانە لەگەر
جووت مەمکۆران

## ٢٥٠ ـ هانایێت بەبەردەبەم

هانایێت بەبەردەبەم دووەمین بەبەر ڕەبیە
تەخمینی تەنگەم دەگرد چ جوانی ئەوها نینە

بڕۆنه گەڕی گەردنی خاریٚ بەستی ڕێزلێنا
سەر چەنەگەی کوترایه میسال نەخشی پۆڕیٚیه
بەژنو بارای برنده تەنك لیٚی دیٚ کەویٚیه
بڕۆنه گەڕیٚ گەردنیٚ خاری بەسیٚ ڕێز لیٚیه
بڕۆنه چەرخیٚ ڕومەتیٚ دەریٚ برنجیٚ ڕۆژیٚیه
هەنیەت مانگیٚ له چواردەی لەگەر گۆشەی گێشایه
ڕووی دایکەکەی سپی بی مەمکی له زاری نایه

## ٢٥١ ـ هانای بەبەر خوای دەبەم

هانای بەبەر خوای دەبەم دووەمین بەبەر ڕەبی‌یه
بیٚچیٚو مەکان دەرعزور حوکمی لەسەر عەردی‌یه
ئەو بەندەی ئەمن بیرتم هیچ بەشەر نەیگۆتی‌یه
ئەگەر بەندم درۆ بوو هەموو دەبڕێن وەنی‌یه
ساری سەفەر بەلك لفی ڕەش بگیردا کەتی‌یه
عەسکەری تورکی غایەنی عوسمانی ڕۆیشتی‌یه
ئینگلیس هاته عێراقیٚ بەبەرتیلی گرتی‌یه
شمێسمت ترومبێلی قەمەره به دایمی ڕاگرتی‌یه
ئەوەی عومری هەژدەبی دەعوای ویشی کردی‌یه
ئەوی بیستو یەك داربی تەعلیمی خۆی کردیه
ناردیه کوتو عەمارەی لەویٚی قەید کردی‌یه
قەوەی وا له بەسرایێ لەویٚ قەیمی کردی‌یه
له بەغدا زەق زەقەیه حەفت جوویان سەبری‌یه
حەفت جولەکەی غەیبەریٚ لەسەر ئیستهلاکی‌یه
مەلیك قازی چ دەریٚ تەگبیری لەسەر چی‌یه
قەوەی گەلەك ئەستوره عەسکەری وی کوردی‌یه
تورکو ئەرمەنو عارەب هەرسێك لاگیری وی‌یه
هەر حەفت دەورەتیش یەك بن له کنەوی هەر چ نی‌یه
له ئەوروپای دانیشتن مەعبوزه لەویٚ چ نی‌یه
عیسمەت پاشا ماقوله ئەو مەجریسی زانی‌یه
مەرەخەسی ئەوروپای مەعبوز مۆری‌یان کردیه
عیسمەت پاشا ماقوله ئەو دەورەی تورکی‌یه

جوابەك لە خوارێ هاتی‌یە لە ووراتێ ئەجنەبی‌یە
گەنمی قۆنتەرات دەگا لە دینار تێ پەڕی‌یە
گەنم دینارو نیوەك ڕوبعەك لۆ كرێ یاری‌یە
جۆی دەبڕی لە عێراقێ دەرێن هەمووی كرێ‌یە
خوری‌و گاوڕ هەرستا قۆنتەراتی گرتی‌یە
خوری لە بۆ قاسۆنی گاوڕیش لۆ گۆشتی‌یە
بە نەقری ئەقر مەنداڵێ لۆ سەفەر بەگ لفی‌یە
برایماغا سواربی ئەو لەگەر قادری‌یە
حوسێنی مەلاش بێتن ئەو لەگەر قادری‌یە
پێنج ئاغەش لەوبەری بێن‌یەك تاهیرە فەندی‌یە
هەموویان یەكدی گرن لەكن مەلا فەندی‌یە
مەزبەتەكیان دەنووسی لەبۆ مەلیك غازی‌یە
خودا لێت هەرناگری سەری قورعەت گرتی‌یە
دایم قورعەكێشانە هەرا بۆ مەغموری‌یی‌یە
چ بكەم غیرەت غایە ئاخیری زەمانی‌یە
ئاغەكانیش بێ دەنگ بوون چونكە وەختیان نی‌یە
بەخوای دەورەكی خۆش بوو دەوری مەلیك غازی‌یە
هەندە دەوامی نەبوو مەلیك غازی مردی‌یە
كوڕیان لە جێی دادەنا ئەو فیسەری سانی‌یە
نوری سەعید ماقولە وەكیلی خاری وی‌یە
بابێ‌مە ڕەشید عالی لە نەتەوەی غەوسی‌یە
ڕەئیس ئەركانی جێشە وەزیری داخیلی‌یە
پێنج وەزیفەی لە دەست ئەو لە جێی مەلیكی‌یە
حاكەكی ئینگلیسی هات لۆكن ڕەشید عالی‌یە
تۆپ‌و جبەخانەم دەوە عەسكەرت لۆمن نی‌یە
ئەگەر تۆ قاسید نەبی سەر دەبڕم لە قەلبی‌یە
حاكمی ئینگلیسی هەرات بە تەیارەی ڕۆیی
چۆوە ناو ئۆردیگای خۆی ئێستە ماتی كردی‌یە
عەسكەر هات لە موسڵێ مناوەرەی كردی‌یە
بەخۆم لە پردێ دیتم ئۆردی بەڕێ كردیە
هەر پێنج وەزیریش یەكن لێ‌بێخن مەلیكی‌یە
بەكر سدقی بێی زانی خەبەر لە مەلیكی‌یە
تەیارەی بەعەوای گەت تۆپی دامەزراندی‌یە
دەمەوێ لۆم خراكەن ئەو قەسرەیێ سپی‌یە

ماری هەر پێنج وەزیری تەفرو تونا کردی‌یە
فنش‌و فەناشی کرد لە بەغدای دەرکردی‌یە
دووی لە موسرێ مەیس کرد سێی لۆ لەندەن ناردی‌یە
وەك مستەفا کەمالی دنیای تەخت کردی‌یە
پێنج وەزیری دیکەی دانا یەکیان بەکر سدقی‌یە
ڕەشید عالی هەرستا بە تەیارەی ڕۆیی‌یە
یازدە کەسی لە کەرەیەك جەمیل بە مەدفەعی‌یە
خەزێنەی موسرو بەغدای هەموو لۆخۆ بردی‌یە
عەسکەر کەیی‌یە سورداشی پشدەریشی گرتی‌یە
بەبەکری سەلیم ئاغەی بەخشیشی وەرگرتی‌یە
عەباس ئاغەی خەرات کرد ترومبێلی زرێژی‌یە
عەسکەر دێ لۆ پشدەرێ ئەمن چ هەقم نی‌یە
پشدەریش بەرحوکم‌بی وەکو پایەتەختی‌یە
جەحدەیان تەواو خۆش کرد لۆ حدودی عەجەمی‌یە
جسری‌وا لە دوکانێ عەسکەر لێ تێپەڕی‌یە
هەمزە بەگ لەوێ دانیشت سەرکردەی عەسکەری‌یە
ئەوەش هەموو فەندێکی لۆ جەحفەر عەسکەری‌یە

## ٢٥٢ ـ های شەنگە شەنگە شەکرەغا

های شەنگە شەکرەغا شەنگە
کولك‌و قاپوتێ ل ملا حەفت رەنگە
ئەز چبکەم میرو دیوانا تەنگە
دیوانا تەنگ‌و دیوانا تاری
شیرێ شەکرەغای جەهوەر لێ دباری
شەکرەغایان گوشت دویهی هێڤاری
های هینە هینە شەکرەغا هینە
لەشێ ئاغایێ تێکڕا برینە
شەکرەغایان گوشت ئەگەر گوشیا خوینە
هو ئەسمی خانێ نەچە ئەیوانێ
دەستەك ل کێلەکێ یێ دی ل داماێ
شەکرەغایان گوشت سەرێ زستانێ

هو ئەسمی خانێ نەچە پەنجەرێ
دەستەك ل سینگێ‌یێ دی ل کەمەرێ
شەکرەغایان گوشت ل ڤێ سەفەرێ
برینا شەکرەغای شوینا خەنجەرێ
هەروەها دەلێ :
هەی شەنگە شەنگە شەکرەغا شەنگە
کەورو سەمبوری لە ملان حەفت ڕەنگە
ژوانێ شاکراغەی کۆرانێ تەنگە
برینی شاکراغەی کەرخی غەدەنگە
هۆ ئەسمەر خانێ چاو بە دەرمانێ
دەستەك لە نێکێ یەك لە گیرفانێ
بە لەنجەی شیرین وەرە هەیوانێ
شاکراغە کوژرا لاوێ مەیدانێ
دوژمنی زۆرن نایدەن ئامانێ
چەند جارم گاس کرد هۆ هۆ ئەسمەرێ
دەستەك لە نێکی یەك لە کەمبەرێ
بە لەنجەی شیرن وەرە قەمتەرێ
شاکراغە کوژرا لە ڕێی سەفەرێ
چەندم گۆ شاکر مەچوە قەراتێ
بڕۆ بە حوکمەو گوللەی دەتکاتێ
دوژمنت زۆرن ناتدەن نەجاتێ .

## ٢٥٣ - سەر سیپانێ

سەر سیپانێ سیپانێ سەیدێ من
کەلابەردەن ژ کوتانێ هۆ لاوێ من
سەید هات دوتمام گانێ سەیدێ من
سەر سیپانێ بهەلهەلە سەیدێ من
بەفرو باران تێکهەلە هو لاوێ من
یارا سەیدێ من حەلە سەیدێ من
سەید هات دوتمام دگەلە هۆ لاوێ من
سەر سیپانێ بنولە سەیدێ من
لێکر بەفرو گژلوکە هۆ لاوێ من

یارا سەیدوی حەلوکە سەیدێ من
سەر سیپانێ ببایە هۆ لاوێ من
باروقێ لمە دایە سەیدێ من
لە کوشتو نوی زاڤایە هۆ لاوێ من
سەیدو کەلێ بچویکم سەیدێ من
سەرێ تلیا نەینویکم هۆ لاوێ من
سەید زاڤاو دوتمام بویکە سەیدێ من
سەیدو کەلێ مەژمە هۆ لاوێ من
سەرێ تلیا ئاسنە سەیدێ من
سەید زاڤاو دوتمام ژنە هۆ لاوێ من

## ٢٥٤ ـ هەرێ خرێ

هەرێ خرێ خەرکێت مالێ بابێ تەمە
ئەز غولامی ناڤێ تەم ئەز عاشقێ چاڤێ تەمە
هەرێ خرێ ڕەنگ بچوکێ چاڤا بشۆ سەر کانیکێ
تە سێ قەسرە یا ل هاریکێ
هەرێ خرێ ڕەنگ هنارێ چاڤا بشۆ ب ئاڤا سارێ
تەسێ قەسرە یا ل زێبارێ
هەرێ خرێ ڕەنگ خشکۆکێ چاڤا بشۆ ب ئاڤا جۆکێ
تەسێ قەسرە یا ل دهۆکێ
هەرێ خرێ ڕەنگ هۆرمینێ چاڤا بشۆ لسەر کانیێ
تە سێ قەسرە ل ئامێدیێ

## ٢٥٥ ـ دێ بلا

دێ بلا ئەز سێنیبام تەژی برنجا سپی‌بام
حەفت سارا نەکەلی بام دایارێ ئەز خاری‌بام
دێ‌بلا ئەز ترار‌بام تاتە ژ ئاوا سۆربام
بەیارێ ئەز وەخاربام
دێ‌بلا هەرهاوین‌با داک کەپرۆک شەق لە گوین‌با
دا یار ل ناڤ نوین با

دێ بلا هەر پایزبا با کەپرۆك شەقلەك گویزبا
دایار رێ هەر عەزیزبا
دێ بلا هەر بهاربا داکە پرشەق لە داربا
دایارێ هەر سەرباربا
دێ پەژینا دێ کورۆ لاوا دێ پژینا بارێت خەنێ ل میسلێ بینن
حەفت بادیا برەشینن بسکێت یارا تێ هەل بینن
یارا جوانا بۆ من بینن
دێ زەرۆکەن بارێت خەنێ ل میسلێ بارکەن
بسکێت یارا لێت دوو تاکەن یارا جوانا دێ ل من مارکەن
ئەز چۆم یارا میرگی و یاد دروبت گیای
بەربانگ کەفتە حەفت کێو هۆ رمێن کەفتە چیای
ئەز چۆم یاری ڕامیم گوت : هەس تو کوڕە مەلای

## ٢٥٦ ـ هـــەردەم

هەردەم هەردەم هەردەمە سوسنێ ماروێ تەمە
دایك تورکە باب عەجەمە سوسنێ ماروێ تەمە
لا دینیاتەی زەیدەمە سوسنێ ماروێ تەمە
خرخالا پێێ تەمە سوسنێ ماروێ تەمە
خەزێما دفنا تەمە سوسنێ ماروێ تەمە
تەیرەك بامە لدەو ئاوا سوسنێ ماروێ تەمە
کەسێ نەگرتم بداڤا سوسنێ ماروێ تەمە
سوسنێ گوشتم بچاڤا سوسنێ ماروێ تەمە
هەردەم هەردەم هەردەمە سوسنێ ماروێ تەمە
ئەز کلێ چاوێ تەمە سوسنێ ماروێ تەمە
بازنا زەندا تەمە سوسنێ ماروێ تەمە
گوستیلا تلیا تەمە سوسنێ ماروێ تەمە

## ٢٥٧ - دێ بهەژینە

دێ بەژینە دێ بهەژینە دێ برا گۆوەندێ بهەینەژینە
چبکەمێ داوەتی نینە دێ برا گۆوەندێ بهەژینە
کورکێت گوندی دیهار نینە دێ برا گۆوەندی بهەژینە
جحێلا چ زەوق نینە دێ برا گۆوەندی بهەژینە
کچکێت گوندی دیهار نینە دێ برا گۆوەندی بهەژینە
کچێك هەمی خەملینە دێ برا گۆوەندی بهەژینە
ئەم چبکەمێ بۆمە نینە دێ برا گۆوەندی بهەژینە

## ٢٥٨ - بەژن ڕما دەست ڕم

بەژن ڕما دەستڕم بازا لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
مەمکێ هێلکێت تەیرو بازا لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
سینگێ دوکانێت وان بەزازا لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
تە لاو کوشتن ب تۆزو نازا لێ بەژنێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
ئەو چ بەژن من بخۆ گرتی لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
ناو سۆر گولا من بژارتی لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
وەختێ چاڤێ من پێ کەوتی لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
ناوکا من جیهدا کەوتی لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
بەژن ڕما دەست ڕم وانا لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
مەمك هێلکێت تەیرو سۆنا لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
سینگێ سپی بەفرا ل کویستانا لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان
تە لاو کوشتینە ب کوڤانا لێ بەژنێ لێ بەژنێ لێ بەژنێ جان

## ٢٥٩ ـ شەمـــام

شەمامو شەمامێ شەمامێ کوکێ
مام دئاقلا تەمامێ نازدار بووکێ
شەمامێ نانی دکەت شەمامێ بووکێ
شەمام جەرگێم داخ کەت شەمامێ بووکێ
شەمام نانی دبێژێ شەمامێ بووکێ
شەمام نانی دبێژێ شەمامێ بووکێ
گشکانا هەلداوێژی نازدار نو بووکێ
جەرگێ لاوا د سۆژێ شەمامێ بووکێ

## ٢٦٠ ـ دێ وەردێ

دێ وەردێ وەردێ وردێ دێ وەردێ زالە وەردێ
هات وەردۆکا چیایی لێ وەردێ خانێ وەردێ
کەزیو بسكبادایی هەی وەردێ جان جان وەردێ
وەردێ کچا ئاغایی های وەردێ دێ دێ وەردێ
هات وەردۆکا ناوەردا دیوەردێ زالم وەردێ
چ گوتو چ خەبەردا لێ وەردێ خانێ وەردێ
کولا ل دلێ من دەردا هەی وەردێ جان جان دەردێ
گڕ ل هناڤێت من بەردا هەی وەردێ دەردێ وەردێ

## ٢٦١ ـ نەدیتم نە دروستتم

نەدیتم نە دروستم های لێ لێ های لێ های لێ
سەر سینگێ زەرتقستم های لێ لێ های لێ های لێ
چاڤ رەشا وەز ئێخستم های لێ لێ های لێ های لێ
نەدیتم نەهای هامە های لێ لێ های لێ های لێ
لسەر سینگێتە ڕازیامە های لێ لێ های لێ های لێ
چاڤا رەشا وەز تاودامە های لێ لێ های لێ های لێ

## ٢٦٢ ـ خان مەرجان

خان مەرجان لێ وەی لێ وەی لێ وەی لێ
جان هەی جان لێ وەی لێ وەی لێ وەی لێ
خان مەرجان وەرەو هەرە بتبینم
جان هەی مەرجان دەست گەردەنێ دەربینم
خان مەرجان سەبرا دلا بتە بستینم
جان مەرجان ئەڤینێ خۆش ئەڤینێ
خان مەرجان مەمك شانا هنگوینێ
جان هەی مەرجان لاوكا خاری ب ل فرینێ
